# دۆخی سیاسەتی
# شیعی لە عێراق


پ.د. دیاری ساڵح مەجید

یاسین تەها

عەلی مەعمووری

د. هەڵمەت غەریب



ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

# دۆخی سیاسەتی شیعی
# لە عێراق

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
2020

# دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Center

■ چاپی یەکەم
2719 ـی کوردی - 2020 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : حوزەیرانی 2020

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (          )ی بۆ تەرخانکراوە
چاپخانەی رۆژهەڵات - هەولێر

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


پێشەکی
ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 7

کێبڕکێی جیۆپۆلیتیکی لە دڵی عێراقی شیعەدا
پ.د. دیاری ساڵح مەجید 11

ناکۆکییە نێوخۆییە سیاسییەکانی شیعە و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی عێراق
یاسین تەها 49

گۆڕانەکانی ململانێی شیعە و کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسیی عێراق
عەلی مەعمووری 66

گرفتە دەستوورییەکانی سەرۆکوەزیران لە عێراق
د. هەڵمەت غەریب 79

پێشەکی

# سیاسەتی شیعی لە عێراق

پێکهاتـەی دیمۆگرافـی، دۆخـی سیاسـی و کولتـووری وایکـردووە کـە سیاسـەتی بـە ناسنامە ریشـەیەکی درێـژی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هەبێ وعێراقیـش لەمـە بـەدەر نییـە. لـە دوای رووخانـی رژێمـی بەعسـەوە، روانگـەی شـیعی لـە ئاسـتێکی بـەرزدا ئاراسـتەی داوەتـە سیاسـەتی نیوخـۆ و دەرەوەی عێـراق، چونکـە دەوڵەتێکـە زۆرینـەی شـیعەیە و جەمسـەرێکی گرنگـی ئۆلداریـی شـیعییە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت.

بـە لەبەرچاوگرتنـی رێـژەی دانیشـتووان و خواسـتی بەهێزکردنـی ئیسـلامگەرایی شـیعی لـە سیاسـەت، رۆڵـی ئـەم پێکهاتەیـە لـە پرۆسـەی دەوڵەتسـازیی نـوێ لـە عێراقـی دوای سـەددام سـەرنجی زیاتـر رادەکێشـێت. بێجگـە لـە هەڵسـەنگاندنی پراکتیکـی نزیکـەی دوو دەیـەی رابـردووی سیاسـەتی شـیعی کـە مـۆری خـۆی لـە عێـراق داوە، زۆر پرسـیاری دیکـە سـەبارەت کاریگەرییـە گریمانییەکانـی سیاسـەتی شـیعی لەسـەر داهاتـووی عێـراق گەڵاڵـە دەبـن. ئـەوان چ تەونێـك بـۆ داهاتـووی پەیوەنـدی ئاییـن و دەوڵـەت، ئاییـن و دیموکراسـی دەچنـن؟ ئایـا لـە قۆناخـی باڵادەسـتیی شـیعیدا، گوتـاری دەوڵەتـی مەدەنـی زاڵ دەبێـت یـان دەوڵـەت، وردە وردە بـەرەو دینداریـی مـل دەنێـت و عێـراق لـە دەوڵەتێکـی دیموکراتـی فیدراڵییـەوە بـەرەو «دووەمیـن کۆمـاری شـیعی» ناوچەکـە وەردەسـووڕێت؟ رۆڵـی دامـەزراوە ئایینییـەکان و دامـەزراوە هەڵبژێـردراوەکان لـە کوێـی گوتـار و جێبەجێکردنـی سیاسـەتی شـیعیدا جێدەگرێـت و لـەوەش بـترازێ،

چـۆن لەگـەڵ کۆمەڵگـە و پێکهاتـە جیاوازەکانـی دیکـەی عێـراق دا دەجوڵێنــەوە و چ لـەو فرەییـە سیاسـییە رێژەییـەی ئێسـتای عێـراق دەکـەن؟ بێگومـان وەڵامـی ئـەو جـۆرە پرسـیارانە روانگەیەکـی روونـتر سـەبارەت بـە داهاتـووی عێـراق دەردەخـات، بـۆ ئەمـەش تێگەیشـتنی ورد لـە دینامیزمـە نێوخۆییەکانـی سیاسـەتی شـیعی بایەخێکـی زۆری هەیـە. لـە راسـتیدا ناتوانیـن بـاس لـە هەبوونـی سیاسـەتێکی یەکدەسـتی شـیعی بکەیـن. بەرلـە هەمـوو شـتیك جیاوازیـەك لـە روانگـەی ئایینـی ئـەوان بـۆ سیاسـەت لـە ئارادایـە و لەوڕووەشـەوە، حـەوزەی نەجـەف وێنایەکـی جیـاوازی لـە حەوزەکانـی دیکـە نیشـانداوە کـە زیاتـر خوازیـاری دەسـتوەردانن لـە کاروبـاری سیاسـەت. وەنەبـێ کـە حـەوزەی نەجـەف بـە تـەواوی خـۆی لـە سیاسـەت بپارێزێـت، بـەڵام لەچـاو ئەوانیدیکـە کەمـتر خـۆی لـە قـەرەی دەدات. هێشـتا دیارنییـە کـە ئەمـە هـەروا دەمێنێتـەوە یـان نـا، بـەڵام قۆناخـی دوای- سیسـتانی و داهاتـووی رکابەرییەکانـی حـەوزەی نەجـەف و قـوم ئەمـە یەکلاییدەکەنـەوە.

هاوشـێوەی جیاوازییـەکان لـە روانگـەی ئایینیدا بۆ سیاسـەت، لەنێو سیاسـەت حیزبەکانی شیعەشــدا پەرتەوازەییــەك لــە ئارادایــە. جۆرێــك لــە نەتەوەگەرایــی تــازەی عێراقــی خەریکـە سـەرهەڵدەدات کـە تێیـدا شـیعە-عەرەب جڵـەودارن و هەندێکـی دیکـەش بـە ئیلهـام وەرگرتـن لـە بیرۆکـەی تیکەڵاوکردنـی ئاییـن و سیاسـەت، بـەدوای پڕۆژەیەکـی سـەروو-عێراقیدا وێڵـن. ئامـراز و میکانیزمەکانـی هێزداریـی دەوڵەتیـش بەشـبەش کـراوە. وەك ئـەو دابەشـبوونەی کـە لـە هێـزی چەکداریـدا هەیـە. لـە دوای 2003ەوە تائێسـتا زۆربـەی حیزبەکانـی شـیعەی عێراقیـش دابەشـبوون و بـە لەبەرچاوگرتنـی بەهێزبوونـی پوتانسـێلی جەمـاوەری نـاڕازی لـە جوگرافیـای شـیعەی عێراقـدا، ئەگـەری دەرکەوتنـی حیزبـی تـازەش شـتێکی دوور لـە چاوەڕوانـی نییـە.

شــیعەکان ماتــەوزەی گۆڕینــی رژێمــی سیاســی عێراقیــان هەیــە و بــۆ هەرێمــی کوردسـتانیش زۆر گرنگـە ئـاگاداری گۆڕانـکاری و دینامیزمـە نێوخۆییەکانـی سیاسـەتی شـیعی بێـت. ئەمـە نـەك تەنیـا لەبەرئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان بەشـیکە لـە دەوڵەتـی عێـراق، بەڵکـو لەبەرئـەوەش کـە ناسـنامەی شـیعی، ناسـنامەی ئایینزایـی بەشـێك لـە کوردیشـە و گۆڕانکارییەکانـی دنیـای شـیعی کاریگـەری لەسـەر ئەوانیـش دادەنێـت. لـەوڕووەوە شیعەناسـی بایەخێکـی زۆری هەیـە بـۆ هەرێمی کوردسـتان. ئـەم بەرهەمەی

بەردەست، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداون بۆ دەرخستنی دیمەنێکی روونتر سەبارەت بە سیاسەتی شیعی لە عێراق، کە بێگومان پێویستە بەردەوام لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت.

**زریان رۆژهەڵاتی**
**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

# كێبڕكێی جیۆپۆلیتیكی لە دڵی عێراقی شیعەدا

پ.د. دیاری ساڵح مەجید

## پوختە

ئـەم لێكۆڵینەوەیـە هەوڵـدەدات دڵـی عێراقـی شـیعە و كارلێكـە سیاسـییەكانی تاوتـوێ بـكات بـەو پێیـەی كـە یەكێكـە لـە گرنگتریـن هەرێمـە جوگرافییەكانـی سـەر نەخشـەی ئـەم وڵاتـە. ئـەم چوارچێوەیـە بەچەنـد لایەنێكـی گرنـگ دەور دراوە و بەهـۆی پێگـە جوگرافییەكـەی و سـنوورە هاوبەشـەكەی لەگـەڵ گرنگتریـن دەوڵەتـی ناوچەكە-ئێـران- كـە كاریگـەری دەكاتـە سەرسروشـتی ئـەو پێشـهاتانەی لـە چوارچێـوەی شوناسـی شـیعەدا دەگوزەرێـن و كاریگەریشـی لەسـەر بەرهەمهێنانـی گۆڕانكارییـە سیاسـییەكان و سیسـتەمی حوكـم لـە سـاڵی ٢٠٠٣ وە هەیـە. بەشـێكی زۆری تەوەرەكانـی ئـەم بابەتـە لـەو گرنگیـە دەكۆڵێتـەوە كـە ئـەو رێچكانـە نوێنەرایەتـی دەكـەن هێـزە سیاسـی ، ئایینـی و نارەزاییـەكان پێكیدێنـن و ئـەو رێبـازە دروسـت دەكـەن كـە دڵـی شـیعە لـە بنیاتـی دەوڵەتـی عێراقیـدا لەخـۆی دەگرێـت. بـۆ گفتوگۆكردنـی رێچكـەكان جەخـت لەسـەر گوتـاری دەوڵـەت، دادپەروەریـی كۆمەڵایەتـی، بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵـی و دژایەتیكردنـی ئەكتەرەكانـی سـەرووی دەوڵـەت دەكرێتـەوە كـە لـە رێگەیـدا سیسـتەمێك دەخولقێنـێ بـۆ هارمۆنیەتـی زیاتـر لـە دیاریكردنـی سروشـتی ریفۆرمـی

سیاسـی و شـێوەی حکومـەت کـە پێکهاتـەی شـیعە -بـە حوکمـی ئـەوەی زۆرجـار دەبێتـە گەورەتریـن کوتلـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا- بـە هاریـکاری و تەوافـوق لەگـەڵ هێـزە سیاسـییەکانی تـری عێراقـدا حکومـەت پێکدێنـێ. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەگاتـە ئـەوەی کـە ململانێـی ئـەم ڕێچکانـە لـە شـارە سـەرەکییەکان لـە دڵـی عێراقـی شـیعەدا ، دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی ڕۆڵـی سـەرۆکوەزیران و تووشـکردنی تـەواوی کابینەکـەی بـە کێشـە. لـە هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی حکومەتـدا دەبێـت بیـر لـە چۆنیەتـی کارکـردن لەسـەر دروستکردنی جۆرێـک لـە هاوسـەنگی لـە نێـوان ئەوهێزانـە بکرێتـەوە کـە ئـەم جـۆرە کاریگەرییەیـان لـە ناوچەکانـی باشـووری عێراقـدا هەیـە. ئـەم ئەرکـە ئەسـتەم نییـە لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر تیمێکـی حکومیـی گونجـاو بەپێـی ئـەم ئەولەویەتـە کاربـکات.

## پێشەکی

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ناوچـەی دەشـتایی بەپیـت تاوتـوێ دەکات- بـە تایبـەت باشـووری عێـراق کـە بەشـێکی گـەورەی پێکدێنـێ- بـەو مانایـەی کـە چوارچێوەیەکـی جوگرافـی باڵایـە و لەسـەر نەخشـەی عێـراق گرنگیـی خـۆی هەیـە. ئـەم چوارچێوەیـە بـە بڵاوبوونـەوەی زۆرینـەی پێکهاتـەی شـیعە لـە شـارە سـەرەکیەکەی دیاریکـراوە، کـە دیاردەیەکـی گرنـگ لەسـەر ئاسـتی لێکدانـەوەی مەنهەجـی پێکدێنێـت بـۆ ڕۆڵـی ئـەم چوارچێوەیـە لەنـاو ئـەو کارلێکردنانـەی بەشـێوەیەکی هەڵبژێـردراو و لەنـاو کۆمەڵـگادا لـە سیاسـەتی عێراقـی دوای ٢٠٠٣دا بەرهـەم دێـن.
ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەوڵـدەدات بەدواداچـوون بـۆ گرنگتریـن ڕێچکـەکان بـکات کـە لـە سـەر ئـەم شـانۆ جوگرافیـە کاریگـەری دروسـتدەکەن و عادەتـەن بـە سرووشـت فرەڕەنگـن و شـێوەی سـەرەکی لـە تایبەتمەندێتیـە دینـی و مەدەنییـەکان وەردەگرێـت کـە بـواری فراوانـی زینـدوو و بەیەکداچـوو لـە بنیاتـی شـارە گـەورەکان دروسـتدەکەن کـە سرووشـتی گۆڕانـەکان لـەم جوگرافیـا سیاسـیە فراوانـە دیاریدەکـەن. بۆیـە هەوڵدەدەیـن لـە بۆچوونـی ئەکتـەرە سـەرەکیەکانی ئـەوێ تێبگەیـن و بزانیـن چـۆن ئـەم مەساحە سیاسـیە- کۆمەڵایەتیـە هاوبەشـە دروسـتدەکەن کـە ئامادەییەکـی ڕوونـی لـە دیاریکردنـی سرووشـتی حکومـەت و شـێوازی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ تایبەتمەندییـە

عێراقییەکان لە ئیدارەدانی حوکمدا هەیە. ڕێچکەی سیستانی لەسەرەتای ڕێچکەکان دێت. چونکە قورساییەکی ڕاستەقینەی هەیە لە بەیانکردنی کاریگەری عەقیدەیی کە خۆی لە دەسەڵاتی مەرجەعیەتی نەجەفدا دەبینێتەوە و هەروەها لە بەشداریکردنی دروستکردنی ڕووداوەکان لە مێژووی سیاسی عێراقیشدا کاریگەری هەیە و ئەمڕۆش، گۆڕانی گرنگ لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ دا دروست دەکات. ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە لە دڵی عێراقی شیعەدا، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی و شوناسی نیشتیمانی پێکهاتەی شیعەدا چی دەوێت و مەودای بەیەکگەیشتن و دابڕانی لەگەڵ ڕێچکەکانی تردا چۆنە و ئەم ئەکتەرە- کە لەپێکهاتەیدا ئاڵۆزە- لە داهاتووی عێراقدا چۆن بەشداری دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو گریمانەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ناکۆکیی ڕێچکەکان لە دڵی عێراقی شیعەدا پەیوەستە بەو تێڕوانینەی بۆ ئەرکێک کە پێویستە ئەم بەشەی عێراق کاری پێبکات. ئەم جیاکردنەوەیە پاڵنەری نێوخۆیی هەیە کە پێوەندیی ئەندامی لەگەڵ ڕۆڵی ئێران لە عێراق و چۆنیەتی گۆڕانکارییەکان لە میزاجی سیاسی و شەعبی لەلای نوخبەی گەنج لەم جوگرافیایەدا هەیە. زۆر لە ڕێچکەکان پێیانوایە کە پێویستە جارێکی دیکە پێوەندی لەگەڵ ئێرانی هاوپەیماندا ڕێکبخەنەوە و سرووشتی گۆڕانکارییە نوێیەکان لە عێراقدا لەبەرچاو بگیرێن.

ئەمە هەمووی سێبەرێک لەسەر ئەو کێبڕکێیانە دروستدەکات کە لەنێوان هێزە سیاسیەکان لە شارە سەرەکییەکانی ئەم دڵەدا ڕوودەدەن. هەموو هەوڵدەدەن لەسەر حسابی نەیارەکەیان لەڕووی هەڵبژاردن و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە گەورەتر بن، کە ئەمە حاڵەتی نەهێشتنی پێکەوەگونجان لە باشووری عێراق دروستدەکات - لە حاڵەتی نەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر کارلێکردنەکانەوە- دەبێتە هۆی پێکدادانی چەکداری کە کۆنترۆڵکردنی ئەنجامەکانی بەسەر دەوڵەتی عێراقیەوە قورس دەبێت. بەدڵنیاییەوە هەموو ئەم پێدراوانە پێوەندییەکی گرنگیان بە ناکۆکیەکانی نێوان ئەم هێزانەوە هەیە لەسەر دیاریکردنی شوناسی سەرۆکوەزیران و بەرنامەی حکومی و کابینە وەزاریەکەی کە سەرۆکایەتی دەکات.

## یەکەم: دڵی عێراقی شیعە

عێراق لە رووی جوگرافییەوە –لە رووی سروشتییەوە- بۆ چوارهەرێمی جیاواز لە رووی تایبەتمەندیی تۆپۆگرافی دابەش دەبێت کە هەرێمی چیای ئیلتیوائی نوێ بە رێژەی 5،2% لە رووبەری گشتیی عێراق لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی عێراق لە خۆدەگرێت، ناوچەی شەپۆلاوی (ناوچەی دەریا) کە دەکاتە رێژەی 14،8%، هەرێمی دەشتاییە بەپیتەکان لە باشوور کە رێژەی 20،5% پێکدێنێت، دواجاریش هەرێمی بەرزاییەکانی سەحراوی لە رۆژئاوای عێراق کە رێژەی 59،5% لە هەموو رووبەری عێراق پێکدێنێ.(شەلال،1968) جوگرافیای عێراق وەکو حەوزێکی گەورە وایە کە دەشتی بەپیت پێگەیەکی گرنگتری تێدا هەیە (فرێنکین،2008).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە هەندێک لە سەرچاوەکان دیمەنە سروشتیە-تۆپۆگرافیەکانی عێراق دابەشدەکەن بۆ چەند بەشێکی ئاڵۆزتر! بەڵام لە چوارچێوەی قسەکردن لەسەر هەرێمە سروشتییەکانی رابردوو دەمێننەوە لەگەڵ ئاماژەدان بە لق و بەشەکانیان بەپێی درێژبوونەوە جوگرافیەکانیان ( سەیری نەخشەی ژمارە یەک بکە) کە بە روونی دیارە ناوچەی باشووری عێراق بەشێکی گەورەیە لە جوگرافیای ئەم دەشتە، بەهۆی ئەمەوە عێراق ناوێکی مێژوویی وەك (زەویی رەشایی) پێدرا بەهۆی چاندنی زۆری دارخورما لەو بەشانەدا، کە بووە سەرچاوەی گەشەکردن و بەپیتی لە شارستانیەتی دۆڵی رافیدەیندا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرچاوەکان بۆ دیاریکردنی سنوورە جوگرافییەکانی ناوچەی دەشتی بەپیت جیاوازن، بەڵام جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی سنووری باکووری ئەم دەشتە لە هێڵی خەیاڵی درێژدەبێتەوە و بە باکووری شاری بەلەد بۆ باشووری سامەڕا- لەسەر رووباری دیجلە بۆ باشووری شاری هیت لەسەر رووباری فورات دەڕوات. لەکاتێکدا سنووری رۆژهەڵاتی بەئاڕاستەی خاکی ئێران درێژدەبێتەوە، سنووری رۆژئاوای بەئاراستەی سنووری بەرزاییەکان و سنووری باشووریشی بەرەو کەنداوی عەرەبی درێژ دەبێتەوە (سەعدی، 2008). لەم چوارچێوەیەدا بەشێکی زۆری خاسیەتەکانی هێزی جوگرافیای عێراقی تێدا

چڕبووەتـەوە کـە رووبـاری دیجلـە و فوراتـی پێـدا تێپەڕدەبێـت. هەروەهـا زۆربـەی سـامانی نەوتـی عێـراق لەوێـدا کۆبووەتـەوە. ئەمـە لـە قورسـایی دانیشـتووانی ئـەم ناوچەیـەدا رەنگیداوەتـەوە کـە هەندێـک لێکۆڵینـەوە دەڵێـن چڕیـی دانیشـتووان تیایـدا سێبەشـی رێـژەی گشـتی دانیشـتووانی عێـراق پێکدێنـێ. ( لیژنـە، 2012)

ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە چـۆن ئـەم بەشـە جوگرافیـە- بـە بـەراورد بـە رووبـەری گشـتیی عێـراق- چڕیـی زیاتـری دانیشـتووان پێکدێنـێ و رێگـە بـە بەرهەمهێنانـی هاوکێشـەی سیاسـی گرنـگ لـە چوارچێوەی کارلێکـە جیۆپۆلەتیکیـەکان دەدات کـە لـە نێوخـۆی عێـراق لـە 2003 بـەدواوە روویانـداوە و گۆڕینـی بـۆ سیسـتمێک کـە بـاوەڕی بـە هەڵبژاردنـەکان و درووسـتکردنی حکومـەت وپەرلەمانـەکان هەبێـت. فاکتـەری دانیشـتووان رۆڵێکـی گـەورە دەبینێـت لـە دیاریکردنـی ئاڕاسـتەی جوگرافیـی هەڵبژاردن و نەخشـەی هاوپەیمانێتیەکانـی نێـو پەرلەمـان و لێکەوتنـەوەی ئـەو چەمکانـەی ئـەو لایەنـە دیاریدەکـەن کـە زیاتـر بەسـەر بنەماکانـی پێکهێنانـی حکومـەت و بەتایبەتیـش هەڵبژاردنـی سـەرۆکوەزیراندا زاڵ دەبێـت.

لـەم بەشـەی عێراقـدا بەشـێکی زۆری زەوی کشـتوکاڵیی بەپیـت هەیـە کـە بەدرێژایـی رووبـاری دیجلـە و فـورات دەڕوا و ناوچەیەکـی بەپیـت بـۆ هەمـوو هەرێمەکانـی عێـراق درووسـتدەکات. ئەمـە بـووە هـۆی هاندانـی ئـەوەی حکومەتەکانـی عیـراق ئـەم بەشـە بگـۆڕن بـۆ بەشـێکی گرنگـی پیشەسـازی ئاسایشـی خۆراکـی. ئەمـە وایکـرد حکومەتەکانـی عیـراق دەسـت بکـەن بـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی تونـد لەپێنـاو مسـۆگەرکردنی زاڵبوونـی تـەواو لەسـەر ئـەم جوگرافیایـە بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچەیـە لـە گوێڕایەڵیکـردن بـۆ دەسـەڵاتە مەرکەزییەکانـی بەغـدا لانـەدات.

لەڕێگـەی ئـەم هەرێمـە جوگرافیـەوە عێـراق دەتوانێـت لەڕێـی دەریـاوە پەیوەنـدی لەگـەڵ ناوچـەی کەنـداو و باشـووری رۆژهەڵاتـی ئاسـیا لەڕێـی ئاوەکانی شـەتولعەرەب بـکات، کـە هـۆکاری درووسـتبوونی یەکێـک لـە ناکۆکییـە خوێناوییـەکان بـوو لـە مێـژووی تـازەی عێراقـدا لـە سـاڵانی هەشـتاکان و تائێسـتاش لـە سروشـتی کارلێکـی عێراقـی- ئێرانـی بەرامبـەر باشـووری عێـراق ئامادەیـە.

لـە جوگرافیـای سـەربازیی عێراقـدا، ئـەم دڵـە هەمیشـە سـەرچاوەی نیگەرانیـی حکومەتـەکان بـووە و بەهـۆی تۆپۆگرافیەکەیـەوە، هەمیشـە لای بڕیاربەدەسـتان

قورسـاییەکی گـەورەی هەبـووە و نیگـەران بـوون لـەوەی چـۆن لـە هـەر رۆڵێکـی ناوچەیـی، بەتایبەتـی ئێـران و دەوڵەتانـی کەنـداو بیپارێـزن.
لەوبارەیـەوە هەندێـک لـە بەڵگەکانی ئاژانسـی هەواڵگریـی ئەمریـکا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە باشـووری عێـراق لـە رووی جیۆپۆلەتیکـەوە چەنـد گرنگـە. هەروەهـا کاریگەریـی سیاسـەتەکانی بەعـس و دەرفەتـی مومارەسـەکردنی سیاسـەتەکان کـە کار بکاتـە سـەر پێکهاتـەی شـیعە و لـە رووی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەوە بیانخاتـە نـاو سیسـتمی دەوڵـەت و بەگشـتی کاریگـەری دابنێـت بـۆ ئـەوەی عێراقێکـی بەهێـز دروسـت ببێـت کـە بەسـوودبێت بـۆ بەرژەوەندییەکانـی خۆرئـاوا و توانـای رووبەڕووبوونـەوەی بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـەی شۆڕشـی ئیسـلامی کـە لـە 1979 لـە ئێـران سـەریهەڵدا. یەکێـک لـە بەشـەکانی ئـەم راپۆرتـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە دوژمنایەتیکردنـی پێکهاتـەی شـیعە بـۆ دەسـەڵات لـە بەغـدا یەکێکـە لـەو خاڵـە گرنگانـەی پێویسـتە حکومەتـی بەعـس بەسـەریدا زاڵبێـت لەکاتـی پێکدادانیـدا لەگـەڵ ئێـران. سـی ئـای ئـەی،2012)
ئەگـەر عێـراق بەهـۆی ئاڵـۆزی نەخشـەی جوگرافیـەوە لـە رووی سروشـتییەوە شوناسـی بـۆ دروسـت بووبێـت، جوگرافیـای مـرۆڤ لـەم وڵاتـەدا وا دەردەکەوێـت کـە ئاڵۆزتـر بێـت. ئەمەیـان وێنەیەکـی هەمەڕەنگـە لـە خەڵـک بـە پێکهاتـەی دینـی، تایفـی و ئیتنییـەوە کـە رۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە وێناکردنـی خەسـڵەتە سـەرەکییەکانی ئـەم جوگرافیایـە. زۆر لـە لێکۆڵەرانـی تایبەتمەنـد لـە کاروبـاری عێـراق، جوگرافیـای عیـراق دابـەش دەکـەن بـۆ سـێ هەرێمـی دانیشـتووانی گرنـگ، بـە تایبـەت لـە دوای سـەرکەوتنی گروپـە تایفـی و ئیتنیـەکان لـە سیاسـەتی عێراقـی دوای 2003 دا بـۆ سـێ شوناسـی عێراقـی، ئـەو ناوچانـەی پێکهاتـەی عەرەبی-جەعفـەری ‘‘ دوانـزە ئیمامەکـەی شـیعە‘‘ یـان تێدایـە، ئـەو ناوچانـەی پێکهاتـەی عەرەبـی- سـوننەیان تێدایـە، دواجاریـش ئـەوەی کـە کـوردی تێدایـە (سـەیری نەخشـەی ژمـارە 2 بکـە) ئەمـەش ئـەوە ناگەیەنێـت نکوڵـی لـە بوونـی ژمارەیـەک شـاری گـەورە بکەیـن کـە لەرووی دانیشـتووانەوە تێکەڵـە لـە هەمـوو ئـەم پێکهاتانـە، بـەڵام ئـەو دابەشـکارییەی لـە سـەرەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە لەسـەر ئەساسـی ئەوەیـە کـە چ جـۆرە پێکهاتەیـەک زۆرینەیـە لەهـەر یەکێـک لـەو ناوچانـەدا.

سـەبارەت بـە ریـژەی پێکهاتـەی شـیعە لـە عێراقـدا ناجێگیرییەکـی کـەم هەیـە لـە سـەرچاوەکاندا، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی سـەرژمێریی ورد و ئاشـکرای دانیشـتووان کـە قەبـارەی پێکهاتـەکان دەربخـات، بۆیـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق- لـە دروسـتبوونیەوە لـە -1920 نایانەوێـت قسـە لەسـەر راسـتیەکانی ژمارەی دانیشـتووانی عێـراق بکـەن بەشـێوەیەکی روون و ئاشـکرا بەبیانـووی نـا بـۆ وروژاندنـی تایفیـەت. ئـەم قەیرانـە گەورەتـر و خراپـتر بـوو لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـەربازی و رژێمـی بەعـس بەدرێژایـی سـێ دەیـە تـا دواتـر لـە 2003 دا تەقییـەوە و ئـەوە دەرکـەوت کـە مامەڵەنەکـردن و نەدانـی ژمـارە لەسـەر پێکهاتەیەکـی گرنـگ چەنـدە هەڵەیەکـی گـەورە بـووە.

هەندێـک سـەرچاوە ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـەن پێکهاتـەی شـیعە ژمارەیـان دەگاتـە 55% کـە زۆرینـەن لـە نـاو پێکهاتەکانـی عێراقـدا (عەلـەوی،1990) هەندێـک سـەرچاوەی دیکـە دەڵێـن رێژەیـان لـە نێـوان 60-65%.

بەگەڕانـەوە بـۆ نەخشـەکان (ژمـارە 1-2) دەبینیـن هاوشـێوەیی گـەورە هەیـە لەنێـوان شـارەکانی دەشـتایی بەپیـت- باشـووری بەغـدا- و ناوچەکانـی زۆرینـە شـیعە لـە دانیشـتووانی ئـەم وڵاتـە، شـیعە تایبەتمەندیـی گرنـگ بـەم دڵـە جوگرافیـە دەبەخشـێ لـە دیاریکردنـی خەسـڵەتە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان کـە لـە مێـژوودا کاریگەریـی گرنگیـان هەبـووە لـە پێکهاتـەی شوناسـی عێراقـی و ئـەوەی لـە سروشـتی ئـەم ناوچەیـەدا روودەدات کـە بەبـێ پێکهاتـەی شـیعە شـتێک نەدەبـوو بـە نـاوی ‘‘دەوڵەتـی عێـراق‘‘. لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە جوگرافیـای سیاسـی لۆکاڵـی دەبێتـە هـۆی دیاریکردنـی تایبەتمەندییەکانـی ئـەوەی لـە تـەواوی ئـەم هەرێمـەدا روودەدەن. کاریگەریـش دەکاتـە سـەر سروشـتی میزاجـی سیاسـی شـەعبی بـە گشـتی، بۆیـە ئـەو ئالیەتانـە دیاریـدەکات کـە پێکهاتـەی شـیعە رۆڵـی پێدەبینـن لـە دیاریکردنـی داهاتـووی پرۆسـەی سیاسـی لـە عێراقـدا.

لـە دوای شکسـتی رژێمـی بەعـس لـە 2003، دەرگای فـراوان لەبـەردەم بۆشـاییەکی گـەورە لـە مەسـەلەی سـەرکردایەتیکردنی وڵات کرایـەوە کـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ دەرکەوتنـی تایفـەکان لـە عێراقـدا ( ئەلمەراشـی، 2018) پێکهاتـەی شیعەش لـەم کێشـە تایبەتـە بـەدەر نەبـووە، بەتایبـەت کـە قەبـارەی گـەورەی دانیشـتووانی هەبـووە و

دواتریش جیاوازی لە بۆچوونی سیاسی و پرۆژەی حزبی بەدوادا هات، ئەمانە هەموو بوونە هۆی دروستکردنی دۆخێک کە دیمەنێکی باڵای ئاڵۆزی لەم جوگرافیایەدا لێکەوتەوە.

بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمی پێکهاتەکان لە بۆشاییەوە نەهات. بەڵکو هاوکات بوو لەگەڵ بیرۆکەی ناکۆکیی پێکهاتەکان لەسەر دەسەڵات لەو ماوەیەدا (مەسعود، ٢٠٠٦). ئەوەی کە زۆر مەترسیدارترە ئێستا- دوای پاشەکشەیەکی گەورە لە ناکۆکی پێکهاتەکان- لە ئیمکانیەتی گواستنەوەی پێکدادانەکەدایە بۆ قۆناغێکی نوێ کە مەترسیدارترە لەسەر داهاتووی عێراق، ئەویش ئەگەری روودانی پێکدادانە لەناو هەریەکێک لە پێکهاتەکاندا. ئەوەی ئێستا لە دڵی عیراقی شیعەدا خراپتر دەردەکەوێت، ئەوەیە ئەگەر قۆناغی رابردوو لە عێراقی سەردەمی سەدامدا گریمانە لەسەر ئەوە بووبێت بە هاندان و ترساندن پێکهاتەی شیعە رابکێشێت- دۆخی عێراق لە دوای 2003 زۆر لەم هاوکێشانەی گۆڕی، پرسیارەکە ئەوەیە '' کێ لە هێزە سیاسیە شیعیەکان دەتوانێت سیاسەتی راکێشان پیادە بکات؟ لە بەدەستهێنانی ئەقڵ و دڵەکان لەم جوگرافیایەدا (ناوچە شیعیەکان لە باشوور) و چۆن رەنگدانەوەی لەسەر داهاتووی دەوڵەتی عێراق دەبێت؟''

## دووەم: رێچکە سەرەکیەکان لە دڵی عێراقی شیعەدا

ئەوەی لە جوگرافیای شیعە و لە 2003 وە دەگوزەرێت، پرۆسەی پێکهێنانی رێچکە سەرەکیەکانە کە بەشدارن لە ئاراستەکردنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵگا لەناو ئەم جوگرافیایە لە چەندین مەسەلەدا کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە تێڕوانینی بیرۆکەی دەوڵەت و بەرگریکردن لێی هەیە، دواتریش بە یەکبوون و لەتبوونەوە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکان لە دوای 2003 وە هەیە. ئەم دیمەنە بەشێوەیەکی کاریگەر بەردەوام ئامادەیی دەبێت لە ساڵانی داهاتوودا لە تەمەنی- ئەزموونی سیاسیدا- ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر هەمان ئەو بنەمایانەی خەسڵەتەکانی پێداڕێژراوە لەرێگەی رێککەوتنی حزبەکان کە خۆیان بە نوێنەری شەرعی و هەڵبژێردراوی تایفەکان و ئیتنیکەکان ناساندووە لە عێراقدا.

لەمبارەیـەوە زۆر لـە شـارەزایانی شـیعیزم لەعێراقـدا پێیانوایـە ئـەم پێکهاتەیـە - لـە رووی مێژووییـەوە- رۆڵێکـی گرنگـی گێـڕاوە لـەوەی بەرگریکردنـی لـە شوناسـەکەی لـە چوارچێـوەی جوگرفیـا ناوچەییەکـەی شـیعیزمدا نەبـووە، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی شوناسـی عێراقیـدا بـووە بـەدەر لـەوەی رووبـەڕووی توندوتیـژی و پێشـێلکاری بووەتـەوە لەلایـەن رژێمـە دەسـەڵاتدارەکانی عیراقـەوە.

## ١- رێچکەی سیستانی

دەسـەڵاتی سـەردەمی بەعـس، بـاش لـە پێوەندیـی بەهێـزی نێـوان جوگرافیـای شـیعە و مەرجەعیەتـی نەجـەف تێگەیشـتبوو. لەبـەر ئـەوەش گشـت ئامرازەکانـی بەردەسـتی بـۆ کەمکردنـەوەی رۆڵـی نەجـەف لـە کارلێکەکانـی ئـەو ناوچەیـەدا تەرخانکـرد. قۆناخـی پـاش 2003، هاوکێشـەکانی بەڕادەیەکـی زۆر هەڵگێڕایـەوە و ئەمـڕۆ مەرجەعیـەت دیارتریـن رۆڵ لـە داڕشـتنی دیمەنـی رووداوەکان لـەو سـنوورە جوگرافییـە گرنـگ و خـاوەن قورسـاییە لـە داڕشـتنی دۆخـی عێراقـدا بەگشـتی دەگێڕێـت. لێـرەدا سیسـتانیزم رۆڵێکـی کاریگـەری لـە داڕشـتنی پێناسـی شـیعەی نیشـتمانی هەروەهـا لە ئاراسـتەکردنی سیسـتمی سیاسـی لـەم سـەردەمەدا هەیـە. سـەرباری ئـەو رەخنـە و تۆمەتانـەش کـە لەلایـەن هەندێکـەوە ئاراسـتەی ئـەم رۆڵـە دەکرێـن، ئـەو گرنگییـەی خـۆی پاراسـتووە. ئەمـە قۆناخێکـی نوێـی لـە مێـژووی سیاسـیی عێـراق لـە چوارچێـوەی مامەڵەکردنـی دەوڵـەت لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا بەرهەمهێنـاوە. یەکێـک لـەو تایبەتمەندییـە بنەڕەتییانـەی بوونـی سیسـتانی لـە دیمەنـی عێراقـی پـاش 2003 دا بەرهەمـی هێنـاوە، لـە سـیمبۆلیزمی گرنگـی ئـەودا خـۆی وێنـا دەکات، کـە تاڕادەیەکـی زۆر بەشـداریی لـە کارکردنـە سـەر بنیاتـی کۆمەڵایەتـی - سیاسـیی زۆرینـەی رۆڵەکانـی ئـەم پێکهاتەیـەدا هەبـووە. ئەمـەش بـووە مایـەی زیندووکردنەوەیەکـی کاریگـەری چەمکـی سـەرکردایەتیی ئاینـی کـە لـەڕووی مێژووییـەوە لـەم هەرێمـە جوگرافییـەدا کاریگـەر بـووە (مـار، 2006).

سیسـتانیزم، لەسـەرەتاوە هەوڵـی پاڵنانـی کۆمەڵگـەی شـیعەی بـەرەو کارکـردن بـۆ پێڕەوکردنـی هەڵسـوکەوتی پەیوەسـت بـە سیسـتەمێکی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی بـۆ بەڕێوەبردنـی عێـراق داوە، کـە لەگـەڵ ئاڵۆزییـە نێوخۆییەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیـە گونجـاو

بێت. بەمەش هەوڵی دامەزراندنی هەندێ بنیاتی کۆمەڵایەتیی داوە کە بەهاکانی ئەو بەسەر کەشی سیاسیی شیعەدا بسەپێنن، بەڵام زۆربەی جاران رووبەڕووی کۆمەڵە سیاسییەکی گەندەڵ بووەتەوە کە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی و لەڕێی قۆستنەوەی بیرکردنەوەی سادە و سۆزی ئاینیی خەڵکەوە هەوڵی گەیشتنیان بە دەسکەوتی تایبەت داوە.

رێچکەی سیستانی شانبەشانی گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتەکانی نەجەف لە کاروباری ئاینیدا، هەوڵی جۆشدانی کۆمەڵگەی بە بیرۆکەی بڕواهێنان بە رۆڵی دەوڵەت داوە ئەگەر دادوەر بێت. هەرچەندە لە زۆر بۆنەدا جەختی لەوە کردووە کە خوازیاری دەوڵەتێکی نادەستووری نییە و نایەوێت لە عێراقدا دەوڵەتێکی ئاینی هەبێت کە بەپێی مەزهەبی جەعفەری حوکمڕانی بکات، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە لەڕووی پێکهاتەی ئاینی و ئاینزاییەوە خاوەن پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزە. لە بەرامبەردا جەختی دەکردە سەر ئەوەی نابێت بەهاکانی دەستوور بەڕادەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگای عێراق و ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانیدا دژبەر بن (رەحیمی، 2007)، بەمەیش زۆرجار پێناسی نیشتمانیی عێراقی دەخستە سەرووی ئەو ئیعتبارانەی پێناسی ئیسلامی و شیعەی خاوەن مەودای جوگرافیایی سنووربڕ(ریڤیو، 2014). بەمەیش ویستوویەتی - ئەگەر بەئاشکرایش نەبێت – بیسەلمێنێ کەمینەی شیعە لە جیهانی موسڵماندا دەتوانێت لە پێگەی خۆیەوە لە عێراقدا – وەک زۆرینە – بەرهەمهێنی نموونەیەکی دیموکراسییانەی دەوڵەتێک بێت کە ئەوی دیکە لەخۆ بگرێت نەک رەتیبکاتەوە. ئەم نموونەیە ئەگەر لە واقیعدا سەرکەوتنی بەدەستبهێنایە – دەیتوانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان و مایەی شەرمەزارکردنی سیستمی حوکمڕان لەم سنوورە ئیسلامییەدا کە بەزۆری ئەم جۆرە رێکخستنی پێوەندییەی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا ونە، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە لەڕووی ئاینزا و نەتەوەوە خاوەن پێکهاتەی دانیشتووانی جۆراوجۆرن.

هەروەها، رێچکەی سیستانی بە گرنگییەوە جەختی لە کەمکردنەوەی گرژیی شیعە – سوننەی عەرەب – کورد دەکردەوە بەتایبەت لە قۆناخی شەڕی تایەفەگەری لە سالانی 2006-2007دا. لە هەڵوێستە جیاجیاکانیدا هەوڵی بەرهەمهێنانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی نێو جوگرافیای شیعەی بەشێوەیەک دەدا کە بەهۆیەوە رووبەڕووی

رادیکاڵیزمی شیعەی روو لە گەشە ببێتەوە. ئەم رادیکاڵیزمە وەک کاردانەوە بەرامبەر تاوانە گەورەکانی رێکخستنی قاعیدە دەردەکەوت کە ناونیشانی تایەفەگەرانەی رووتیان هەبوو. (رەحیمی، 2007). ئەو لەوکاتەدا پێداگری دەکرد لەوەی پێویستە دەوڵەت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات بۆ پاراستنی هەموو کۆمەڵگە لە کاریگەریی تەشەنەکردنی بزووتنەوە رادیکاڵە - ئاینزاییەکان کە دەتوانن هەموو عێراق راماڵن و لەتوپەتی بکەن. ئەمەیش لە ناوەڕۆکدا پاڵپشتییەکی گرنگ بوو بۆ مەرجەعیەتی دەوڵەت لەسەر حیسابی هەستی کاردانەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر بەئامانجگرتنی توندی رۆژانەی گەلێک لە شارە زۆرینە شیعییەکاندا.

سیستانیزم توانای نەبوو - تەنانەت ئارەزووشی نەدەکرد - خۆی بەسەر دیمەنی سیاسیی شیعەدا بسەپێنێت. ئەوەتا دەبینین گەلێ بۆچوون و رێنوێنی کە بە هێزە سیاسییەکانی دابوون، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە شەڕی گەندەڵی و کاراکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ چاکسازی لە سیستم و بەدەستهێنانی رەزامەندیی جەماوەری عێراق بەگشتی، وەڵام نەدرانەوە و زۆرجار بەتەواوی لەلایەن ئەو هێزانەوە پشتگوێ خران کە بەڕوونی لە هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگای شیعەدا. ئەمانە سیستانیزم بە کۆسپی سەر رێگای بەدیهێنانی ویستەکانیان دەزانن، لەبەرئەوەیش بەهەموو شێوەیەک - لەگەڵ جەختکردنە سەر نەورووژاندنی جوگرافیای شیعە - هەوڵی تەریککردنی ئەم هێزەیان داوە.

یەکێک لەو رێچکە گرنگانەی لەم ماوەیەی دواییدا پێگەی سیستانیزمی بەهێز کرد، هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی هەژموون بەسەر دەوڵەتدا بوو. لەمڕووەوە، مەرجەعیەتی نەجەف جەخت دەکات لەوەی هەرگیز لەگەڵ هیچ لایەنێکی شیعە هاوسۆز نییە کە بیەوێت چەکی دەوڵەت وەک دەروازەیەک بۆ سەپاندنی هەژموون بەسەر دەوڵەتدا بەکاربهێنێت. بۆ ئەمەیش ئەو مەرجەعیەتە جەخت دەکات لەوەی: "هەندێک لەو لایەنانەی لەماوەی شەڕی داعشدا دەرکەوتن، ئێستا هەوڵدەدەن بوونی خۆیان بەهێز بکەن و دەسکەوتی تایبەت بەخۆیان بەدەستبهێنن و رەنگە ئەمەیش رێخۆشکەر بێت بۆ بەرهەمهێنانی کێشەی نوێ و دەشێت هانی گەڕانەوەی داعش بدات." (خەلیل، 2019).

لەڕاستیدا، رێچکەی سیستانی لێرەدا لە هەوڵی دوورخستنەوەی عێراق و جوگرافیای

شـیعەدایە – بەتایبەتـی – لـە کارلێکـە نەرێنییەکانـی گەمـەی ململانێـی ناوچەیـی کـە مەبەسـتیەتی ناوەنـدی شـیعە بـەرەو ئاراسـتەیەک لـە قازانجـی ئێـران پەلکێـش بـکات و لـە بەرامبـەردا ناوەنـدی سـوننە بـۆ خزمەتـی بەرژەوەنـدی سـعودی بەکاربهێنێـت. ئەمـە گەمەیەکـی ترسـناکە و رەنگـە عێـراق و داهاتـووی عێـراق بـەرەو لێـواری هەڵدێـر پـاڵ بنێـت، لەبـەر ئەمـە نەجـەف بەپێـی تواناکانـی و بەمەبەسـتی پاراسـتنی چەمکـی دەوڵەتـی عێراقـی، هەوڵـدەدات جـۆرە پێناسـێکی جیـاوازی شـیعەی نیشـتمانی دوور لـە پێناسـی نێونەتەوەیـی شـیعە درووسـتبکات.

جێـی ئاماژەیـە کـە رێچکـەی سیسـتانی سـەبارەت بـە بابەتـی حەشـدی شـەعبی و گرووپـە چەکـدارە شـیعەکانی دەرەوەی ئـەم دامەزراوەیـە، ئامـاژە بـۆ هەڵوێسـتگەلێکی دژبـەری هەندێـک لـە فەرماندەییـە گرنگەکانـی ئـەم سیسـتەمە دەکات کـە وەلائیـان لـەڕووی مەرجەعیەتـەوە بـۆ قومـە نـەک بـۆ نەجـەف.

ئەگەرچـی حەشـدی شـەعبی بـە فتـوای سیسـتانی درووسـت بـوو، بـەڵام ئێـران هەوڵیـدا کاریگـەری بخاتـە سـەر گرنگتریـن پێکهاتەکانـی وەک رێکخـراوی بـەدر و عەسـایبی ئەهلـی حـەق و کەتایبـی حزبوڵـڵا کـە بەهێزتریـن گرووپەکانـی نێـو ئـەم سیسـتەمەن (ئەلسـاڵحی، 2020).

لەکاتێکیشـدا هێشـتا گرووپەکانـی سـەر بـە شـوێنە پیرۆزەکانـی کەربـەلا بەردەوامـن لـە دەربڕینـی وەلای خۆیـان بـۆ مەرجەعیەتـی نەجـەف – وەک لیـوای ئەبولفەزڵـی عەبـاس و لیـوای ئیـمام عەلـی و لیـوای پشـتیوانانی مەرجەعیـەت و لیـوای عەلـی ئەکبـەر – و جەخـت دەکـەن لـەوەی پابەنـدی رێنوێنییەکانـی نەجەفـن کـە داوایـان لـێ دەکـەن بەتـەواوی لـە سیسـتەم و دامەزراوەکانـی دەوڵەتـی عێراقـدا بتوێنـەوە و پابەنـدی فەرمانەکانـی فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەکدارەکان بـن. ئەمەیـش لـە هەنـدێ بۆنـەدا وای لێکـردن هەڕەشـەی کشـانەوە لـە دەسـتەی حەشـدی شـەعبی بکـەن ئەگـەر حکوومـەت لـە کارکردنـی بـۆ کەمکردنـەوەی کاریگـەری دەرەکـی لەسـەر ئەم دامـەزراوە حکوومەتییـە شکسـتی خـوارد (ئەلسـاڵحی، 2020).

سیسـتانیزم ترسـی لـەوە هەیـە هەندێـک گرووپـی شـیعە لـە ململانێـی نێوخۆیـی نێـو جوگرافیـای شـیعەدا بـەکاری بهێنـن. ئەمەیـش دیمەنێکـە پەلدەکێشـێت بـەرەو بڵاوبوونـەوەی پاشـاگەردانی لـە پانتاییەکـی فراوانـی عێراقـدا و هەڕەشـە لـە تـەواوی

چەمکـی دەوڵـەت دەکات. بۆیـە دەبینیـن نەجـەف بـەردەوام هـەوڵ بـۆ بەهێزکردنـی چەمکـی سـەپاندنی دەسـەڵاتی دەوڵـەت بەسـەر بڕیـار و جووڵـەی ئـەو گرووپانـەدا دەدات، ئەمەیـش دەیخاتـە گۆڕەپانـی دژ بـەو بەرەیـەی هەنـدێ گـرووپ لەڕێگایـەوە دەیانەوێـت ئامادەیـی خۆیـان لـە دیمەنـی سیاسـی و سـەربازیدا بەهێـز بکـەن.

ڕێچکـەی سیستـانی لەبـارەی حەشـدی شـەعبییەوە لەسـەر چـوار کۆڵەکـەی بنەڕەتـی و گرنـگ بنیاتـنراوە: "هەمـوو ئـەو هێزانـە لەژێـر فەرمانـی دەوڵەتـی عێراقـدا بـن، دووربـن لـە گشـت شـێوەکانی گەندەڵـی، دووربـن لـە کارکـردن لـە بـواری ئابـووری و تێکـەڵ بـە ئەجێنـدا ناوچەییـەکان نەبـن." (ئەلسـاڵحی، 2020)

کار لـەم بابەتـەدا بەشـێوەیەک گەشـەی کـرد تـا وای لـە هەندێـک کـرد باسـی دوو جـۆر حەشـد بکـەن: حەشـدی مەرجەعیـەت - وەک ئاماژەیـەک بـۆ نەجـەف - و حەشـدی وەلائـی - وەک ئاماژەیـەک بـۆ قـوم - ئـەوە بـوو لایەنەکانـی سـەر بـە گرووپـی یەکـەم لـە 18ی ئـادارردا بەفەرمـی جیابوونـەوەی خۆیـان لـە دەسـتەی حەشـدی شـەعبی و چوونەپـاڵ وەزارەتـی بەرگریـی عێـراق ڕاگەیانـد. لـەم بارەیـەوە نوێنـەری مەرجەعیـەت لـە کەربـەلا - سـەید ئەحمـەد سـافی - ڕایگەیانـد: "پێویسـتە ئایدیۆلۆژیـا و میکانیزمـی کارکردنـی حەشـدی شـەعبی لەسـەر بنەمایەکـی نیشـتمانی بنیـات بنرێـت." (ئـالاکا، 2020) ئەمەیـش وەک پشتڕاسـتکردنەوەی قەبـارەی ناکۆکیـی نێـوان هـەردوو حـەوزەی نەجـەف و قـوم لەسـەر بابەتـی حەشـدی شـەعبی وێنـا کـرا.

ئـەم بابەتـە پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە سروشـتی ناکۆکیـی نێـوان ئـەو دوو مەرجەعیەتـە لەسـەر شـێوازی مامەڵەکـردن لەگـەڵ سیاسـەت لـە جوگرفیـای نێوخۆیـی و ناوچەیـی شـیعە هەیـە. مەرجەعیەتـی قـوم بـڕوای بـە چەمکـی ویلایەتـی ڕەهـای فەقـی هەیـە و پێیوایـە دەسـەڵاتی ئاینـی پێویسـتە لەڕێـی ئامـرازە سیاسـییەکانەوە ئامادەیـی هەبێـت، لەکاتێکـدا مەرجەعیەتـی نەجـەف جیاکردنـەوەی کاروبـاری ئاینـی لـە بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە سـەرکردایەتیی دەوڵـەت لـەڕووی سیاسـییەوە بـەلاوە پەسـەندترە (ئـالاکا، 2020).

کوشـتنی ئەبومەهـدی موهەندیـس و قاسـم سـولەیمانی دەروازەیەکـی دیکـە بـوو بـۆ کردنـەوەی دەرگای قسـە لەسـەر ڕێکنەکەوتنـی نەجـەف و قـوم لەسـەر کارەکانـی پـاش ئـەو ڕووداوە. ئـەوە بـوو گرووپـە وەلائییەکانـی نێـو حەشـد سـور بـوون لەسـەر ئـەوەی

عەبدلعەزیـز ئەلمحەمـەداوی – نـاسراو بـە ئەبـو فـەدەک و سـەر بـە کەتائیبـی حزبوڵڵا – پۆسـتێکی بـاڵا لـە فەرماندەیـی حەشـدی شـەعبی وەربگرێـت، لـە کاتێکـدا گرووپەکانـی حەشـدی مەرجەعـی ئـەو پۆسـتەیان بـۆ خۆیـان دەویسـت بەمەبەسـتی چەسـپاندنی دیدگـەی خۆیـان لەبـارەی میکانیزمەکانـی چاکسـازی لـە سیسـتەمی حەشـدی شـەعبی و بـۆ ئـەوەی بەتەواوەتـی بیخەنـە ژێـر چەتـری نیشـتمانیی عێراقـەوە (ئـالاکا، 2020).
ڕێچکـەی سیسـتانی جەخـت لـە پێویسـتیی دەسـتوەرنەدانی هێـزی دەرەکـی لـە بابەتـی هەڵبژاردنـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و ئەندامانـی کابینەکـەی دەکات (نیـوز، 2019). بـەڵام ئەمـە ئـەو بۆچوونـە ڕەتناکاتـەوە کـە دەڵێـت هـەر کاتێـک نەجـەف کەسـێکی پاڵێـوراو بـۆ ئـەم پێگەیـە لەبـەر هـەر هۆکارێـک ڕەتبکاتـەوە، بەبـێ دوودڵـی ڕەخنـە لـە هەڵسـوکەوت و بڕیـارە سیاسـییەکانی دەگرێـت و ئەمـە بەڕوونـی لـە گەڵـێ حاڵەتـدا روویـداوە، لەوانەیـش ڕەخنەگرتـن لـە حکوومەتەکـەی عـادل عەبدلمەهـدی.
نەجـەف دڵنیایـە لـەوەی وەڵامـی ئەمەریـکا بـۆ حکوومەتێـک کـە ئێـران دایمەزرانـدووە، بەشـێوەیەک دەبێـت کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر بەرژەوەندیەکانـی عێـراق دەبێـت و دەیخاتـە چەقـی گەردەلوولەکـە. هەروەهـا ئـاگادارە لـەوەی واشـنتن ناتوانێـت پرۆژەیەکـی لـەم شـێوەیە تێپەڕێنێـت بەبـێ ئـەوەی بیانـوو بـە تاران بـدات بۆ سـەپاندنی زیاتـری هەژموونـی خـۆی بەسـەر دیمەنـی سیاسـیی عێراقـدا، بەوپێیـەی ترسـی هەیـە لـەوەی ئـەم جـۆرە حکوومەتـە لەمـەودای دووردا عێراقێکـی تـەواو دژ بەئێـران بەرهـەم دەهێنێـت. لەبـەر ئەمـە، نەجـەف جەخـت لـە پێویسـتیی دەرکردنـی عێـراق لـەم جـۆرە دیمەنـە دەکات، ئەویـش لەڕێـی ئامۆژگاریکـردن بـەوەی بژارەکـە تـەواو عێراقـی بێـت، کـە ئەزموونەکانـی پـاش 2003 سـەختیی ئـەم بژارەیەیـان سـەلماندووە و لەسـایەی کێشمەکێشـی نێـوان تـاران و واشـنتن زیانـی زۆر بـە دۆخـی عێـراق گەیشـتووە.
بۆیـە دەبینیـن نەجـەف راشـکاوانە ڕەخنـەی ئاراسـتەی تێکهەڵکێشـە نەرێنییـە ئێرانـی – ئەمەریکاییـەکان لەسـەر خاکـی عێـراق کـردووە (میـۆ، 2020) ئەمەیـش ئامادەیـی نەجـەف لـە گۆڕەپانێکـی هاوبـەش لەگـەڵ بەشـەکانی تـری شـەبەنگی نیشـتمانیی شیعە و کاریگەریـی لەسـەر ڕەوتـی دەوڵـەت و میکانیزمەکانـی دەستنیشـانکردنی حکوومـەت بەهێـز دەکات ، بەتایبـەت لـەو کاتانـەی بـواری دۆزینـەوەی ڕێچکـەی دیکـەی کاریگەری لـە چەقـی عێراقـی شـیعەدا هەبـێ کـە لـەم بۆچوونـەدا هاوبەشـیی بکـەن.

لـە ئەنجامـی ئـەم باسـەدا ئاماژە بـۆ بۆچوونێکـی گرنـگ دەکەیـن کـە لەلایـەن توێـژەر (حـارس حەسـەن) باسـکراوە و ئامـاژە بـۆ بەیەکگەیشـتنی مەرجەعیەتـی نەجـەف و رژێمـی ئێـران دەکات لـە بابەتـی گێڕانـەوەی بەهـا بـۆ رۆڵـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی پێکهاتـەی شیعە لـە دوای 2003، بـەڵام رەتـی ناکاتـەوە کە ناکۆکیـی ریشـەیی لەنێوانیاندا سـەبارەت بـە سرووشـتی قوتابخانـەی شـیعەگەرایی هەیـە و پێویسـتە وەک بەشـێک لـە کێبڕکێـی نەریتیـی نێـوان هـەردوو حـەوزەی نەجـەف و قـوم هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت (حەسـەن، 2018)، ئەمەیـش دەشـێت ببێتـە مایـەی ململانێیەکـی گرنـگ کـە دەکرێـت لـە قۆناخـی داهاتـوودا بـۆ بەرهەمهێنانـەوەی چەمکـی دەوڵەتـی نیشـتمانی سـوودی لـێ وەربگیرێـت، بـەڵام ئەمجارەیـان بـە پاڵپشـتیی نەجـەف خـۆی.

## ٢- رێچکەی سەدر

لـە 2003وە دیـاردەی سـەدر لـەڕووی هێـز و ئامادەیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە چەقـی عێراقـی شیعەدا گەشـە دەکات، تـا وای لێهـات ئەمـڕۆ خـۆی وەکـو یاریکەرێکـی کاریگـەر لـە دەستنیشـانکردنی زۆر ئاراسـتەی ئـەم جوگرافیایـە لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و هەڵبژاردنـەوە بسـەپێنێ. رێچکـەی ئـەم یاریکـەرە - بـە بـەراورد لەگـەڵ رێچکـەی سیسـتانی – نوێنەرێکـی راستەوخۆی چەمکـی بەشـداریی ئیسـلامی سیاسـیی شـیعەیە لە بەڕێوەبردنـی وڵاتـدا و، بەڕادەیەکـی زۆر لـەو هەوڵەیـدا پشـت بـە میراتـی (محەممـەد سـادق ئەلسـەدر) دەبەسـتێ بـە گۆڕینـی بـۆ رەوتێکـی خـاوەن کاریگـەری لـە پرۆسـەی سیاسـیدا. ئەمـە تـا ئاسـتێکی زۆر لـەو هەرێمـە جوگرافییـەدا رەنگـی داوەتـەوە کـە رەوتـی سـەدر بـە مەڵبەنـدی قورسـایی هەڵبـژاردن و سیاسـیی خـۆی دادەنێـت. ئەمـە لـە ئەنجامـدا هەڵوێسـتگەلێکی پەیوەسـت بـە ململانـێ لەسـەر ئـەم جوگرافیایـەی لێکەوتـەوە، دواتـر بـووە مایـەی ئـەوەی سـەدر خـۆی هەڵوێسـتی وا وەرگرێـت کـە بەڕوونـی نـەک تەنیـا کاریـان کـردە سـەر پێکهێنانـی حکوومەتـەکان، بەڵکـو کاریگەرییـان لەسـەر پێناسـی نیشـتمانیی عێـراق و میکانیزمەکانـی گەمـە جیۆپۆلیتیکیەکـە لـە نێوخـۆدا هەبـوو.

زۆر لـەو توێژەرانـەی گرنگـی بـە بابەتـی سـەدر لـە عێراقـدا دەدەن، ئامـاژە بـۆ ئـەوە

دەکـەن کـە بەهـۆی گۆڕانـە خێـرا و لەناکاوەکانـی هەڵوێسـتی ڕەوتەکـە لـە قۆناخـی جۆراوجـۆردا، تـا ئێسـتا سـەدر و ڕەوتـە گرنگەکـەی جێـی پرسـیارن. تەنانـەت هەندێکیـان سـەرکردەی ئـەم ڕەوتەیـان بـەوە تۆمەتبـار کـردووە کـە هێشـتا بەشـێکە لـە کەمینـەی شـیعەی حوکمـڕان زیاتـر لـەوەی دەوڵەتمەدارێکـی ڕاسـتەقینە بێـت.
لەسـایەی ئـەم گۆڕینـی هەڵوێسـتانەدا، هەندێکجـار لـە گفتوگۆکانـی سـەدرییەکاندا ڕەخنـە سـەبارەت بـە شـێوازی سـەرکردایەتی سیاسـیی بزووتنەوەکەیـان دەردەکەوێـت. ئەمەیـش بووەتـە مایـەی لەتبوونـی گرنـگ لەسـەر ئاسـتی بنکـەی جەماوەریـی ڕەوتەکـە و جۆرێـک لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی بـۆ سـیمبولیزمی سـەرکردایەتییە ئایینییەکـەی موقتـەدا سـەدر لێکەوتووەتـەوە.
لەمـڕووەوە، نووسـەر پاتریـک کۆکبێـرن ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە لـەم بابەتـەدا دژبـەری ڕاسـتەقینە نییـە و لـە میانـی جەختکردنـی لەسـەر ئەمـە دەڵێـت: "لـە سیاسـەتی عێـراق و مەڵبەنـدە جیاجیاکانـی هێـزی پەیوەسـت بـەو سیاسـەتەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەشـدا، موقتـەدا سـەدر و باوکیشـی ڕێچکەیەکـی دیاریکـراوی هاوشـێوەی سـەرکردە ئایینیـە نیشـتمانی و پۆپۆلیسـتەکانیان گرتووەتـە بـەر. بـەو واتەیـەی نـە دۆسـتی بـەردەوام هەیـە و نـە دوژمنـی بـەردەوام... ئـەم دژبەرییـە ئێسـتا زیاتـر تەشـەنە دەکات لەبەرئـەوەی موقتـەدا سـەدر لـە هەمانکاتـدا سـەرکردەی گەورەتریـن فراکسـیۆنی بـراوەی هەڵبژاردنەکانـی 2018یـە و، شـوێنکەوتووانی ڕۆڵـی گەورەیـان لـە بزووتنـەوەی ناڕەزاییـدا هەیـە (کـە ژمارەیەکـی زۆری شـارە شیعەنشـینەکانی گرتووەتـەوە)... بۆیـە ئەگـەر کێشـەی دۆخـی ئێسـتای عێـراق چارەسـەرێکی هەبێـت، موقتـەدا سـەدر دەبێتـە تەوەرێکـی ناوەندیـی ئـەو چارەسـەرە." (میـر، 2019)
پـاش داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمەریـکاوە لـە 2003، سـەدر هێزێکـی چەکـداری بـە نـاوی "سـوپای مەهـدی" درووسـتکرد. دواتـر ئـەم هێـزە لـە چەنـد شـەڕێکی بەرفراوانـدا کـە تـەوەری سـەرەکییان جوگرافیـای شـیعەی نێوەڕاسـت و باشـووری عێـراق بـوو، ڕووبـەڕووی ئەمەریکاییـەکان بـووەوە و، لـەو شـەڕانەدا شـەڕەکانی نەجـەف تەوەرێکـی سـەرەکی بـوون. هەروەهـا ئـەم گرووپـە بەنـاوی بەرگـری لـە پێکهاتـەی شـیعە و، لـە ژێـر ناونیشـانی ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـیی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتەکە - قاعیـدە - کـە ناوچـە شـیعەکانی کردبـووە ئامانـج، دەسـتی لـە توندوتیژییـە تایەفەگەراییەکانـی ساڵانی

2006-2007ی بەغـدادا هەبـوو. ئەمانـە ڕەوتـی سـەدریان بـۆ ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە گەڕەکـە شـیعە هەژارەکانـدا سـاز کـرد تـا گەیشـتە بەرپاکردنـی ڕۆڵێکی ناوەنـدی لە پەلکێشـکردن بـەرەو سیسـتمە باوەڕدارییەکـەی و بەمەیـش تۆڕێکـی کارلێکـی کۆمەڵایەتـی و ئایینیـی بەرفراوانـی گرنـگ و ئامـادەی لـەم گۆڕەپانـە گرنگـە دامەزرانـد. هـەر ئەمـە دواتـر پاڵنـەری بـوو بـۆ بیرکردنـەوە لـە چۆنیەتیـی وەبەرهێنـان لـەو ئامادەییـە بەشـێوەیەکی جیـاوازو لەپێنـاو بەرژەوەنـدی ڕێچکـەی سـەدر.

نووسـەر کینیـت کاتسـمان ئامـاژە بـۆ مانۆڕەکـەی سـاڵی 2005ی ڕەوتـی سـەدر دەکات – پـاش ڕووبەڕووبوونـەوەی لێکەوتەکانـی شـەڕی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئەمەریکاییـەکان – کـە وایکـرد جەخـت بکاتـە سـەر سیاسـەتی هەڵبـژاردن لەپێنـاو بەهێزکردنـی پێگـەی خـۆی لـە سیاسـەتی عێراقـدا (پـان، 2005).

ئـەم بۆچوونـە تاڕادەیەکـی زۆر ڕاسـت دەرچـوو، ڕەوتـی سـەدر ڕووی بـەرەو بەهێزکردنی خـۆی لـە پەرلەمانـدا وەرگێـڕا و کاری سـەربازیی ڕاگـرت. بەمەیـش گرنگیـی زیاتـری دا بـە پرۆسـەی هەڵبـژاردن لـە ناوچـە جوگرافییـە جۆراوجۆرەکانـدا، هەروەهـا بایەخـی بـە چۆنیەتیـی بەکارهێنانـی ئـەوە بـۆ بەرهەمهێنانـی بنکەیەکـی پاڵپشـتی دا کـە بـەردەوام دەنگەکانـی لـە هەڵبژاردنـدا لەسـەر حسـابی کێبڕکێکەرانـی لـە نێـو پێکهاتـەی شـیعەدا ڕووی لـە بەرزبوونـەوە بـوو. دواتـر بەرهەمـی ئـەم گۆڕانکارییـە بەڕوونـی لـە زیادبوونـی هێـزی دەنگـدەری ڕەوتـی سـەدردا لـە گشـت هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکانـی عێراقـدا دەرکـەوت تـا گەیشـتە ئـەوەی لەڕێـی هاوپەیمانـی لەگـەڵ چەنـد هێزێکـی مەدەنـی و، لـە هەنگاوێکـدا کـە خوێندنـەوەی دروسـتی دیمەنـی جوگرافیایـی – کۆمەڵایەتـی و کاریگەریـی لەسـەر هەڵسـوکەوتی دەنگـدان لـە چەقـی عێراقـی شـیعەدا پێـوە دیـارە، ببێتـە گەورەتریـن بـراوەی هەڵبژاردنەکانـی 2018.

ڕەوتـی سـەدر بـۆی دەرکـەوت بەرژەوەنـدی لـە چارەسـەرکردنی هەڵەکانـی سـاڵانی ڕابردوودایـە، کاتێـک ئەویـش تێکـەڵ بـە گوتـاری بەناپاکناسـاندنی ڕەوتـە مەدەنییـەکان بـوو. سـەدر گەیشـتە بڕوایـەک سـەبارەت بـە دابەشـبوونی جوگرافیایـی لاوانـی کاریگـەر بـە گوتـاری هێـزە چەپـەکان. ئـەم گوتـارەش ئێسـتا ئامادەیـی سەرنجڕاکێشـی لـە جوگرافیـای شـیعەدا هەیـە، دژی هێـزە سیاسـییە شـیعە تۆمەتبارەکانـە بـە گەندەڵـی و خۆدەوڵەمەندکـردن لەسـەر حسـابی سامانی گشـتی و نەبوونـی پـرۆژەی دەوڵـەت – کـە

ئەمانـە هەموويـان بـە بۆچوونـی سـەدر ڕێچکـەی گرنـگ پێکدەهێنـن و لـە زیاتـر لـە یـەک بـواردا لەگەڵیانـدا یەکدەگرێتـەوە. لەبـەر ئەمـە بـۆ سـەدر روون بـوو کـە مێـژووی چەپگەرایـی عێـراق مەڵبەنـدی گرنـگ و خـاوەن قورسـایی گەورەیـە لـە جوگرافیـای شـیعە و بەتایبـەت لـە دەوروبـەری شـارە گەورەکانـدا (بەتاتـۆ، 2003)، ئەمانـەش لـە بنەڕەتـدا هەمـان ئـەو سـنوورانەن کـە چەقـی ئامادەیـی ڕەوتـی سـەدر پێکدەهێنـن. بۆیـە هەنگاوێکـی دەستپێشـخەرانەی گرنگـی نـا بـۆ بەرهەمهێنانـی هاوکێشـەیەکی هەڵبـژاردن کـە مایـەی سەرسـامیی زۆر لـە ڕکابـەرە شـیعەکانی بـوو. بەتایبەتـی کـە گەلـێ گوتـاری هێـزە مەدەنییـەکان هاوڕابـوون لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەی دەڵێـت سـەدر لـە قۆناخـی داهاتـوودا، بـە دیاریکـراوی لـە ناوەنـدە شـیعەکاندا دروسـتکەری پاشـایان دەبێـت. ئـەم بڕوایـە بووەتـە یەکێـک لـە گرنگتریـن هێماکانـی سیاسـەتی سـەدر لەنێـو جوگرافیـای شـیعەدا.

هـەر لەبـەر ئەمـە لـە سـاڵی 2016دا پێشـەوایەتی یەکێـک لـە گەورەتریـن خۆپیشـاندانەکانی ناڕەزایـی لـە عێراقـدا کـرد، دوای ئـەوەی بەباشـی لـە چەقـی عێراقـی شـیعەدا خەڵکـی بـۆ جـۆش دا و، لـە گۆڕەپانـی تەحریـری بەغـداوە بـەرەو ناوچـەی سـەوز – مەڵبەنـدی حکوومەتـی عێـراق – کەوتـە ڕێ و سەرزەنشـتی گەندەڵیـی چینـی حوکمڕانـی کـرد (نـەسراوی، 2016). شانبەشـانی ئەمـە بـەردەوام جەختـی لـە پێویسـتیی جەختکـردن لـە بلۆککردنـی کاری سـوپای مەهـدی و قەتیسـکردنی چـەک لـە دەسـتی دەوڵـەت دەکـرد وەک هەوڵێکـی ئاشـکرای ئـەو بـۆ پووچکردنـی ڕۆڵـی ڕوو لەگەشـەی گرنگتریـن ڕکابەرەکانـی لـە باشـووری عێراقـدا – گرووپـە چەکـدارە شـیعەکانی کـە بـە فەرمـی بـە حەشـدی شـەعبی دەناسرێـن.

دەبێـت ئامـاژە بـۆ ئەوەیـش بکرێـت کـە لـە کاتێکـدا زۆرینـەی لاوان لـە چەقـی عێراقـی شـیعەدا تووڕەیـی و بێئومێـدی لـە سیسـتەمی سیاسـی و هێـزە شـیعەکان دەردەبـڕن، جەخـت دەکـەن لـەوەی هێشـتا بزووتنـەوەی ناڕەزاییـان شـیاوی قووتـدان لەلایـەن ڕەوتـی سـەدرەوە نییـە، ئەمـە بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵی 2015 ئامـاژە بـۆ وەرچەرخانێکی گرنـگ لـە پێگـەی جەماوەریـی ڕەوتەکـە دەکات (مەنسـوور، 2020) هـۆکاری ئەمەیـش هەندێـک وەرچەرخانـی لەنـاکاوی هەڵوێسـتی ڕەوتەکـە – لەبـەر گەلێـک هـۆکاری نێوخۆیـی و دەرەکـی – بەرامبـەر بـە ناڕەزایەتییـەکان بـوو.

لـەم مانگانـەی دواییـدا، چەقـی عێراقـی شـیعە - هـاوکات لەگـەڵ شـەپۆلی ناڕەزایییەکانی کـە لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی 2019 دەسـتیانپێکرد - گرژییەکـی مەترسـیداریان لـە پێوەندیـی نێـوان ڕەوتـی سـەدر و گرووپـە چەکدارەکانـدا بەخـۆوە بینـی، بەتایبەتـی لەگـەڵ عەسـائیبی ئەهلـی حـەق، تـا گەیشـتە ئاسـتی تۆمەتبارکردنـی ڕەوتـی سـەدر لەلایـەن ئـەم گرووپـەوە بـە ئەنجامدانـی تیـرۆری سـەرکردە و کەسـایەتییە گرنگەکانـی گرووپەکـە لـە باشـووری عێـراق، ئەمـەش هەڕەشـە بـوو لـە لەدەسـتدەرچوونی دۆخـی باشـوور بەشـێوەیەک کـە کۆنترۆڵکردنـی سـەخت بێـت، ئەگـەر لـە داهاتووشـدا گەشـەی کـرد، دەبێتـە مەترسـیدارترین هەڕەشـە لـە کـۆی پرۆسـەی سیاسـی عێـراق.
پێوەندیـی ناجێگیـری نێـوان سـەدر و ئـەم گرووپانـە لـە بـڕوای ڕەوتـی سـەدرەوە سـەرچاوە دەگرێـت و ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی سـەدر و ڕەوتەکـەی هێشـتا هەسـت بـەوە دەکـەن هێـزە شـیعەکانی دیکـە هەوڵـی سـەپاندنی هەژموونـی خۆیـان بەسـەر چەقـی عێراقـی شـیعەدا دەدەن، پێیوایـە ئەمـە بـەدی نایـەت مەگـەر ئـەو هێزانـە سیاسـەتێک پەیـڕەو بکـەن کـە لـە کۆتاییـدا ڕەوتـی سـەدر پەراوێـز بخـەن، بەشـێوەیەک ببێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی کاریگەریـی تـۆڕی فاکتـەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئـەو ڕەوتـە کـە لـە ڕێکخسـتنی لایەنگرانـی خۆیـدا پشـتیان پێدەبەسـتێ.
بـە بۆچوونـی هەنـدێ توێـژەر، سـەدر کاری بـۆ وەبەرهێنـان کـردووە لـە ڕووداوی کوشـتنی قاسـم سـولەیمانی و ئەبـو مەهـدی موهەندیسـدا لەڕێـی ویسـتی پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکەوە، تاوەکـو خـۆی و ڕەوتەکـەی ببنـە پێشـەوای گشـت گرووپـە چەکدارەکانـی دیکـە و لـەو ڕێیـەوە بتوانێـت هاوکێشـەکانی عێراقـی شـیعە دابڕێژێتـەوە.
هـەر بۆیـە بـەم دواییـە لە شـاری قومی ئێـران بەمەبەسـتی گونجاندنـی هەڵوێستەکانیان بەرامبـەر بوونـی ئەمەریـکا لـە عێـراق، لەگـەڵ گرووپەکانـی حەشـدی شـەعبی کۆبـووەوە و، جەختـی لـە بەردەوامبوونـی لـەم ئاراسـتەیە لەڕێـی بـژارەی سیاسـی نـەک سـەربازی کـرد (ڕوانـدزی، 2020) و، بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر میکانیزمەکانـی دەرکردنـی هێـزە ئەمەریکاییـەکان لـە عێـراق دوای ئـەوەی ئەمەریکاییـەکان بنکەکانـی حەشـدی شـەعبییان لـە نێـو خاکـی عێراقـدا بۆردومـان کـرد (مۆنیتـۆر، 2019).
بـەڵام ئـەم جـۆرە پرۆژانـە هـەرزوو دەکەونـە بـەر ڕەشـەبای ململانـێ لەسـەر ڕۆڵ و هەژمـوون و هەروەهـا ئایدیۆلۆژیـا ئاینـی و نیشـتمانییەکان. لەوبارەیـەوە بـەرەی سـەدر

دژبـەری حەشـدە و تاڕادەیەکـی زۆر لـە لایەنـی دیکـەی عێراقـی، وەک نەجـەف و بزووتنـەوەی ناڕەزایـی، نزیکـە. لەبـەر ئەمـە توانـای سـەدر بـۆ بەشـداریی ئـەم هێزانـە لـە تەبەنیکردنـی چەقـی نوێـی ئاراسـتەکردنی ئـەو قورسـاییەی چەقـی عێراقـی شـیعە نوێنەرایەتـی دەکات بـۆ بەرهەمهێنانـی دەوڵەتـی نیشـتمانی، تـا ئاسـتێکی زۆر لـە دیاریکردنـی داهاتـووی دۆخـی عێراقـدا فاکتەرێکـی یەکلاکـەرەوە دەبێت (سـاڵح، 2018).

## ٣- ڕێچکەی حەشد

حەشـد دەیەوێـت لـە داڕشـتنی وێنـەی چەقـی عێراقـی شـیعەدا یاریکەرێکـی کاریگـەر بێـت. لـە یەکێـک لـە لایەنەکانیشـیدا، ڕێچکـەی حەشـد لەسـەر دوورهێشـتنەوەی ئـەم ناوچەیـە لـە حیسـاباتی ئیـدارەی ئەمەریـکا سـەبارەت بـە بیرۆکـەی بڵاوکردنـەوەی بنکـە سـەربازییەکانی بنیاتـنراوە. هەروەهـا کارکـردن بـۆ دابینکردنـی ئـەم بەرەیـە بەمەبەسـتی بەرهەمهێنانـی جوگرافیایەکـی سـەربازیی روون لـە عێراقـدا، کـە ئـەم ڕێچکەیـە بەهـۆی ئـەو جوگرافیـا سـەربازییەوە بڵاوبوونـەوەی ئـەو بنکانـە تێکبـدات و پاڵیـان پێـوە بنێـت بـەرەو شـوێنانی دیکـە کـە لەژێـر ڕەحمەتـی هێرشـی حەشـددا بـن. ئەمـە تەنیـا بـە هەڕەشـەکردن لـە گشـت پرۆژەیەکـی گریمانەیـی ئامادەیـی سـەربازیی ئەمەریـکا لـەم جوگرافیایـەدا ناوەستێ، بەڵکـو هەڕەشـە لـە ئامادەیـی دیپلۆماسیشـی دەکات وەک ئـەو هێرشـانەی چەنـدان جـار کراونەتـە سـەر باڵیۆزخانەکەیـان لە بەغـدا و کونسـوڵخانەکەیان لـە بـەسرە.

پـاش ئـەو هێرشـەی ئەمەریـکا کـە گرنگتریـن فەرمانـدەی کاریگـەری لـە بڕیـاری ئەمنی و سـەربازیی حەشـددا کوشـت، حەشـد توانـی جەمـاوەری خـۆی لـە گرنگتریـن مەڵبەنـدی چەقـی شـیعە - بەغـدا - جـۆش بـدات. دواتـر جەمـاوەری حەشـد چوونـە نـاو ئـەو کۆمەڵگەیـەی ناوچـەی سـەوز کـە باڵیۆزخانـەی ئەمەریـکای تێدایـە و دروشـمی دژ بـە ئیـدارەی ئەمەریـکا و مـەرگ بـۆ ئەمەریکایـان گوتـەوە و داوای کشـانەوەی تـەواوی هێزەکانـی ئەمەریکایـان لـە عێـراق کـرد (حەسـەن، 2019).

چەقـی عێراقـی شـیعی بـە بنکەیەکـی گرنگـی حەشـد دەژمێردرێـت لـە بـواری ئـەو گۆڕانکارییـە سـەربازییانەی لـەم بەشـە سـتراتیژییەی عێراقـدا پێکدێـن. حەشـد چەنـد جارێـک بـە بەکارهێنانـی سـەکۆی مووشـەکهەڵدان بـۆ بەئامانجگرتنـی بەرژەوەندیەکانـی

ئەمەریـکا و کەنـداو تۆمەتبـار کـراوە کـە ئـەو مووشـەکانە لـە شـارێکی باشـووری عێراقـەوە هەڵدرابـوون. ئەمـەش مایـەی ورووژاندنـی پرسیاری زۆرە لەسـەر میکانیزمـی مامەڵەکردنـی حەشـد لەگـەڵ ئـەم ناوچـە گرنگـەی عێـراق. چونکـە ئەگـەر حەشـد لـەو روانگەیـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم ناوچەیـەدا بـکات کـە پێگەیەکـی جوگرافیایـی نزیکـە لـە وڵاتانـی کەنـداو و بەتایبەتـی لـە سعودیەوە، ئـەوە عێـراق و ئـەم چەقـە جوگرافییـە تووشـی کێشـەیەکی گـەورە دەکات سـەبارەت بـەو وێنەیـەی لای کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی لەسـەر ئـەم بەشـە گرنگـەی عێـراق و رۆڵـی دەسـەڵات لـە کۆنترۆڵکردنـی هەڵسوکەوتە ئەمنـی و سـەربازییەکانی ئـەم ناوچەیـە دەکێشرێـت و کاریگـەری لەسـەر بایکۆتکردنـی ناوچەکـە لەلایـەن کۆمپانیـا وەبەرهێنـەکان دەبێـت، ئەمـەش بەڕادەیەکـی زۆر کار دەکاتـە سـەر ژیـان و ئابووریـی هاووڵاتیـان نـەک تەنیـا لـە چەقـی عێراقـی شـیعەدا، بگـرە لـە تـەواوی عێراقـدا.
مەترسـیی بوونـی حەشـدی شـەعبی بـە بەشـێکی بنەڕەتیـی هـەر ململانێیەکـی چاوەڕوانکـراوی نێـوان واشـنتن و تـاران لەسـەر خاکـی عێـراق تـا دێـت زیاتـر دەبێـت. بەمدواییـە ئیـدارەی ئەمەریـکا جەختـی کـرد لـەوەی کـە کەشـتییە جەنگییەکانـی خـۆی بـۆ ناوچەکـە ناردووە بـۆ ئـەوەی بـۆ هـەر هەڕەشـەیەکی ئێـران وهاوپەیمانەکانـی بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا ئامـادە بێـت. ئەمـە عێـراق دەکاتـە گۆڕەپانـی نموونەیـی بـۆ ئـەو لایەنانـەی دەیانەوێـت کێشـەکانی خۆیـان یـەکلا بکەنـەوە، بۆیـە چـاوەڕوان دەکرێـت حەشـدی شـەعبی وەک رێخۆشـکەر بـۆ ئـەم سـیناریۆیە لـە بەکارهێنانـی میکانیزمـی جۆشـدانی لاوانـی شـیعە بـەردەوام ببێـت (گیگلیـۆ، 2019).

عێـراق ئەمـڕۆ – بـە سـێ هەرێمـە تایفییەکەیـەوە – وەک تەختـەی شـەترەنجێک دەکەوێتـە بەرچـاو کـە هـەردوو یاریکـەری ئەمەریکایـی و ئێرانـی گەمـەی لەسـەر دەکـەن. لـەم گەمەیـەدا، هەریەکێکیـان کار بـۆ بەرهەمهێنانـی هەرێمـی جوگرافیایـی خـۆی دەکات بـۆ ئـەوەی بیکاتـە سـەرچاوەیەک بـۆ پشـتیوانیی خـۆی لـە بەرهەمهێنانـی تۆڕێکـی فراوانـی هاوپەیمانـی هـاوکار بـۆ بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی. لەبـەر ئـەوە دەبینیـن لـە کاتێکـدا ئێـران پێیوایـە لایەنـی ئەمەریکایـی هەوڵـدەدات هـەردوو هەرێمی کـورد و سـوننە بکاتـە هاوپەیمانـی خـۆی، هەوڵـدەدات پێوەندییەکـی بەهێـز لەگـەڵ

حەشـدی شـەعبیدا دروسـت بـکات بـەو پێیـەی حەشـد ئـەو دژبـەرە جۆرییەیـە کـە دەتوانێـت گەمەکـە هاوسـەنگ بـکات و ڕێگـری لـە پاشەکشـەی ڕۆڵـی ئێـران لـە کۆنترۆڵکردنـی دەرهاوێشـتەکانی دیمەنەکـە بـکات. ئـەوەی مایـەی نیگەرانیـی ئێرانـە لـەم گەمـە جیۆپۆلیتیکییـەی لـە عێراقـدا دژ بـە بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا دەیـکات، ئەوەیـە چەقـی عێراقـی شـیعە لـەڕووی سیاسـی و کۆمەڵگەییـەوە لەهەمبـەر گوتـاری حەشـدی شـەعبی بەیەکگرتوویـی نەمـاوە.

هەندێـک جەخـت لـەوە دەکـەن حەشـدی شـەعبی لـەڕووی جوگرافیـاوە بـەو ناوچانـەی ململانێـی عێراقـدا بڵاوبووەتـەوە کـە قۆناخـی شـەڕی دژ بە داعـش نوێنەرایەتـی دەکردن. لەگـەڵ جەختکـردن لـە هاوشـێوەییەکی گرنگـی شـوێن لەگـەڵ ئـەو ناوچەیـەدا کـە حەشـدی شـەعبی هەوڵـدەدات ڕەگ و ئامادەیـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و هەڵبژاردنـی تێـدا هەبێـت شانبەشـانی پرۆسـەی کۆکردنـەوەی لایەنگـری زیاتـر لـە هەرێمی باشـووری عێـراق. حەشـدی شـەعبی لێـرەدا جەخـت لـە گوتـارە ئاینییەکـەی دەکات و لـە سـایەی ڕوونیـی هەڕەشـە ئاشـکراکانی هێـزە ڕادیکاڵەکانـدا، خـۆی وەک فاکتـەری پاراسـتنی مـەزارە ئاینییـە پیرۆزەکانـی شـیعە پێشـاندەدات (سـمیت، 2019).

جێـی ئاماژەیـە هەندێـک لایەنـی عێراقیـی گرنـگ هـەن – لەنێویانـدا هێـزی شـیعە هـەن - حەشـدی شـەعبی بـە خاوەنداریـی پرۆژەیـەک تۆمەتبـار دەکـەن، لـە کاتـی دەسـتکردنی بـە کار لـە دەرەوەی چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێـراق بەتایبەتـی لـە ناوچـە شـیعەکاندا، بوونەتـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی دابینکردنـی هێـزی گەنجـی گرنـگ لـە بنیاتـی دانیشـتووانی باشـووری عێـراق، کـە بەبـێ ئـەو هێـزە حەشـدی شـەعبی توانـای بەدەسـتهێنانی ئـەو ژمـارە زۆرەی هێـزی سـەربازی نەدەبـوو، هەنـدێ لێکۆڵینـەوە بـاس لـە نزیکـەی 23000 چەکـداری حەشـدی شـەعبی لـە عێراقـدا دەکـەن (عەبـدو، 2019).

لەمـڕووەوە، ئیـدارەی ئەمەریـکا بـۆ ئاوارتەکردنـی حەشـدی شـەعبی و هەڵوەشـاندنی پێوەنـدی بـە چەقـی عێراقـی شـیعەوە هەوڵـی قایلکردنـی عێراقییـەکان دەدات بـەوەی هـەر ململانێیـەک لەنێـوان واشـنتن و بەغـدا هەڵگیرسـێت ئەنجامەکـەی لـە بەرژەوەنـدی بەغـدا دەبێـت، بـەو پێیـەی سـەربەخۆیی بڕیاری عێـراق بەهێـز دەکات. بـەڵام پێدەچێت ئـەم بۆچوونـە هەوڵـی بـازدان بەسـەر بیرۆکـەی قەبـارەی دوژمنایەتیـی پێکهاتـەی شـیعە بـۆ مێـژووی پێوەندییەکانـی ئەمەریـکا لەگەڵیانـدا پشـتگوێ بخـات کـە بێمتمانەیـی بـە

لایەنی ئەمەریکایی - بە گەل و بە سیاسەتیشەوە - درووستکردووە و شیعەی لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە دابەشکردووە، چونکە چاوەڕوان دەکرێت بەشێکیان، کە کەم نین، لە کاتی هەڵگیرسانی ئەو ناکۆکییەدا پشتیوانیی حەشدی شەعبی بکەن. حەشدی شەعبی لە شەڕەکانی رزگارکردنی عێراق لە هەژموونی داعش قوربانیی زۆری دا، ئەمەیش لە کاتی باسکردنی رۆڵی حەشدی شەعبی لە دوورخستنەوەی دێوەزمەی دروستبوونی دەوڵەتێکی رادیکاڵی بەدناوی وەک داعش لە ناوچەکەدا ناکرێت نادیدە بکرێت. لە بەرامبەردا و لە کاتی باسکردنی رۆڵی حەشدی شەعبیدا، ئەم راستییە رێچکەی حەشدی شەعبی سەبارەت بە دەوڵەت و جوگرافیای شیعە رەتناکاتەوە. بۆیە هەوڵدان بۆ ناسینی بڕوای جیۆپۆلیتیکیی حەشدی شەعبی و رەخنگرتن لێی دژبەری دانان بە قوربانیدانی ئەو لەو شەڕەدا نییە.

پرسیاری گرنگ لەم قۆناخەدا بریتییە لە چۆنیەتی گۆڕانی حەشدی شەعبی – کە هەندێ سەرچاوە دەڵێن ژمارەی چەکدارەکانی خۆی لە 120 هەزار چەکدار دەدات – بۆ سەرچاوەیەکی سەرەکیی پشتیوانیی دەوڵەتی عێراق نەک رێگر لە هەڵسانەوە و کاری ئەم دەوڵەتە. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسەر میکانیزمەکانی بەکارهێنانی حەشدی شەعبی لەناو بنیاتی فەرمیی دەوڵەتی عێراقدا بەشێوەیەک کە ئاسایشی لەرزۆکی بەهێز بکات، بەتایبەت لە ناوچەی چەقی عێراقی سوننەدا (ساڵح، 2019) بەبێ ئەوەی ئەمە ببێتە مایەی ترس بۆ دانیشتووانی ئەم ناوچەیە و سەرلەنوێ گرژییە تایفییەکان بگەڕێنێتەوە.

گەلێ لایەنی عێراقی مەترسیی راستەقینەیان لەوە هەیە حەشدی شەعبی وردە وردە بەرەو بوون بە هاوپەیمانی ئێران بچێت زیاتر لەوەی لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراق کار بکات، لەبەر ئەمە رەنگە ببێتە نموونەیەکی هاوشێوەی پاسدارانی ئێران یان حزبوڵڵای لبنان. ئەمەش تۆمەتێکە فەرماندە باڵاکانی حەشدی شەعبی، وەک هادی عامری، رەتی دەکەنەوە.

ئەو لایەنانە جەخت دەکەن لەوەی رێچکەی حەشد – لە یەکێ لە بنەماکانیدا – لەسەر هەڵکشان بەرەو ئەو ناوچانەی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکایان تێدا هەیە لە رۆژئاوای عێراق و نزیک سنووری نێوان عێراق و سووریا بنیات نراوە و، ئەمەیش هۆکاری جیۆسیاسیی خۆی هەیە و ئەم ناوچەیە دەکاتە تەوەرێک کە

تیایدا حەشدی شەعبی ڕۆڵی کاریگەر لە دەستنیشانکردنی داهاتووی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەدا بگێڕێت.
بەمەیش واشنتن ترسی زۆری هەیە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ تاران کە ڕەنگە پاڵ بە حەشدی شەعبییەوە بنێت بۆ ئەوەی کار لە بەرژەوەندی ستراتیژیی خۆی لەگەڵ ئێراندا بکات، بەمەش بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەکەونە ژێر ڕەحمەتی سیستەمی مووشەکیی حەشدی شەعبی. بۆیە دەبینین هەندێک مەترسیی ڕاستەقینەیان هەیە لەوەی حەشدی شەعبی خۆی دەوڵەت بێت یان بەلای کەمەوە لە ڕۆڵی دەوڵەت لە داهاتوودا ڕێگربێت ، چونکە توانای هەیە ببێتە کێبەڕکێکارێکی گرنگی ئابووری و سیاسی بۆ ڕۆڵی دەوڵەت (ئینگلاند، 2018).
ئەمە وایکرد مەرجەعیەتی نەجەف بەردەوام دژی ئەو هۆکارانە بێت کە ئەم ئاراستەیە بەرهەم دەهێنن و، ڕەوتی سەدریش لەمەدا پشتیوانی بووە. هەر ئەمەیش فاکتەرێکی پاڵەپەستۆ و کاریگەری نێوان ئەم سێ هێزە بووە لە بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران و بەرهەمهێنانی حکوومەتێک بەپێی پێوەرگەلێک کە پێوەندیی زۆریان بە دەستنیشانکردنی داهاتووی کارلێکەکانی نێوان دەوڵەت و حەشدی شەعبییەوە هەیە. گشت ئەمانە چەقی عێراقی شیعە دەکەنە سەرچاوەیەکی گرنگی پشتیوانیی هەڵوێست و بۆچوونەکانی لەڕێی ئەو قورساییە سیاسییەوەی لە پەرلەمان هەیەتی و دەرەنجامی ڕاستەوخۆی پرۆسەی هەڵبژاردنە.
خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لەنێوان ئەم لایەنانەدا خۆی لە دیدگایان بۆ ئەرکی چەقی عێراقی شیعە دەنوێنێ، حەشد بە بڕوابوون بە پێناسی نێونەتەوەیی شیعەگەرایی، تۆمەتبارە بەوەی ئەم ناوچە جوگرافییە لە پرۆژەیەکدا کورت دەکاتەوە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ویستی دەوڵەتی عێراق یەکناگرێتەوە، ئەمەش دژبەری ڕێچکەی سیستانی – سەدرە کە لە هەوڵی هێشتنەوەی ئەم چەقەدان لەنێو ڕەوتی کارلێکە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقدا.

## ٤- ڕێچکەی ناڕەزایی

ئەو بزووتنەوەی ناڕەزاییەی بەمدواییە لە عێراق دەرکەوت - کە ناوی بزووتنەوەی ناڕەزایی تشرینی لێ نرا – گرنگترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی دژ بە دەسەڵاتە

لــە عێراقــی پــاش 2003 دا. چاوەڕوانیــش دەكرێــت ئــەم رووداوە كاریگەریــی گرنگــی لــە سروشــتی كارلێكــە سیاســی، كۆمەڵایەتــی و هەڵبژاردنەكانــی چەقــی عێراقــی شــیعەدا هەبێــت، چونكــە ئــەم یاریكــەرە بــووە خــاوەن ئامادەیــی كاریگــەر و رووڵەزیادبــوو لــە گۆڕەپانــی عێراقیــدا، بەتایبــەت كــە وای لێهــات حــەز لــە ســەپاندنی گوتــەی خــۆی- بــە بەشــداری و هاوپەیمانیگرتــن لەگــەڵ ئەوانــی دیكــە - بەســەر دیمەنــی هەڵبژاردنــی حكوومــەت و سیســتمی سیاســیدا بــكات.

ناڕەزاییــەكان بەخێرایــی لــە زۆر شــاری باشــووری عێراقــدا بڵاوبوونــەوە (بڕوانــە نەخشــەی ژمــارە 3) لەبــەر ئــەوەی تەبەننــی كۆمەڵــە دروشــمێكیان كــرد و جەختیــان لــە رەخنەگرتــن لــە گەندەڵیــی دەســەڵات و پاشەكشــەی خزمەتگوزارییــەكان دەكــرد. جگە لــە رەخنەگرتنی ئاشــكرا لــە رۆڵــی ئێــران لــە عێراقــدا و بەئامانجگرتنــی بــارەگای گرووپەكانــی حەشــدی شــەعبی لــە شــارەكانی ناسرییــە و بــەسرە و میســان. ئەمــەش خاڵێكــی وەرچەرخانــی لــە ئاشــتی و ئاسایشــی كۆمەڵگەیــی لــە چەقــی عێراقــی شــیعەدا پێكهێنــا (لیتلــی، 2019).

لــە كاتــی ئــەو رووداوانــەدا باشــووری عێــراق لــە دۆخــی گرژییەكــی بــەرزی نێــوان ئــەم دوو لایەنــەدا بــوو (بەدیاریكــراوی بزووتنــەوەی ناڕەزایــی و حەشــدی شــەعبی)، كــە ســەلمێنەری ئەوەیــە شــەبەنگێكی فراوانــی لاوانــی ئــەو ناوچانــە چــی دیكــە بڕوایــان بــەو دیدگــە نەریتییانــە نەمــاوە كــە چاوگــی گرنگــی بنیاتنانــی پێگــەی سیاســیی زۆر لــە هێــزەكان بــوون، هــەر ئەمــەش بزووتنــەوەی ناڕەزایــی دەكاتــە خــاوەن توانــای بــوون بــە فاكتەرێكــی كاریگــەر لــە جوگرافیــای سیاســیی باشــووری عێــراق و، چــاوەڕوان دەكرێــت ئــەم بزووتنەوەیــە لــە داهاتــوودا زیاترهەڵبكشــێت.

هەروەهــا تێبینــی دەكرێــت زۆر كاری بزووتنــەوەی ناڕەزایــی ئاراســتەی بــارەگای حزبانێكــی سیاســی بــن كــە خۆیــان وەك هاوپەیمانــی ئێــران لــە عێراقــدا دەناســێنن. ئەمەیــش ئاماژەیــە بــۆ گۆڕانــی گرنــگ لــە میزاجــی گەلــی عێراقــی شــیعەدا بەشــێوەیەكی پێچەوانــەی ئــەو نموونــە ئێرانییــەی رۆژێــك لــە رۆژان پێیوابــوو لــەڕووی جوگرافیــا و بیروبــاوەڕەوە هــەر بــە نزیكــی لــە پێكهاتــەی شــیعەی عێــراق دەمێنێتــەوە.

رەوتــی بزووتنــەوەی ناڕەزایــی پێشــكەوتنی گرنگــی بەخــۆوە دی و، بــەرەو شــارە ئاینییــە پیرۆزەكانــی چەقــی عێراقــی شــیعە - نەجــەف و كەربــەلا - هەڵكشــا پــاش ئــەوەی گۆڕەپانەكانــی ئــازادی لــەو شــارانەدا بوونــە بنكــەی كۆبوونــەوەی خەڵكــی نــاڕازی و

سیمبوڵی کاریگەر لە دیاریکردنی داهاتووی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی عێراقیدا. خۆپێشاندەران داوایان لە لایەنی ئێرانی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق دەکرد گۆڕانکاری لە ئاراستەی سیاسەت و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بکەن. ئەمەیش ئەو بیرۆکەیە پووچەڵ دەکاتەوە کە میدیای عەرەبی و کەنداو بانگەشەیان بۆ دەکرد گوایە چەقی عێراقی شیعە گۆڕەپانێکی رەهای هەژموونی ئێرانە (فرانس، 2019).

بزووتنەوەی ناڕەزایی بڕوای وایە باشووری عێراق سەرچاوەی سەرەکی پشتیوانیی شەرعیەتی حوکمڕانیی هێزە شیعەکانە و- کاتی هاتووە لەڕێی راگرتنی پشتیوانیکردنی و کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕانێکی فراوان لە سروشتی دەوڵەتی عێراق، کۆتایی بە گەندەڵیی چینی دەسەڵاتدار بهێنرێت. بە واتای گۆڕینی باشووری عێراق بۆ سەرچاوەیەکی نوێی چاکسازیی سیستمی سیاسی. لەبەر ئەمە هەندێک چاوەڕوانن بەردەوامیی ئەم تووڕەییە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی هاوکێشەیەکی نوێی سیاسی لە عێراقدا (کەنینگهام، 2019).

هەرچەندە لە قۆناخەکانی دواییدا ناڕەزاییەکان رووە و توندوتیژی چوون - کە بەڕادەیەکی بەرفراوان سەرکۆنە کراوە - بەڵام ئەمە رەتیناکاتەوە کە بزووتنەوەی ناڕەزایی بووەتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی بۆ ئەو هێزە سیاسییە نەریتییانەی وجودی خۆیان لە چەقی عێراقی شیعەدا سەپاندبوو (سەباح، 2019) و، دواتر بووە مایەی دەرەنجامی گرنگ، لەوانە دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی و کارکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت، بەتایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایی و داوا رەواکانی و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پشتگیرییەکی گەورەی مەرجەعیەتی نەجەفیان بەدەستهێنا.

ئاشکرایە بزووتنەوەی ناڕەزایی پەیامێکی روون ئاراستەی چینی سیاسی دەکات - بەگشتی نەک تەنیا شیعەکان - نێوەڕۆکەکەی دەڵێت دانیشتووانی چەقی عێراقی شیعە چی دیکە تاران و هاوپەیمانەکانی بە سەرچاوەی بەرهەمێنانی ئەو داهاتووە نازانن کە لاوانی شارەکانی باشوور خەونی پێوە دەبینن، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ناڕازییەکان دوور لە پێوەندیی ئاینزایی لەگەڵ ئێراندا کار لەسەر بزووتنەوەکەیان دەکەن و جەخت لە رەتکردنەوەی هەموو دەستوەردانێکی

دەرەکیی ئەمەریکا یان ئێران لە کاروباری وڵات دەکەن (ئیبراهیم، 2019).
نارەزایان بەم هەوڵەیان دەیانەوێت بیسەلمێنن کە بزووتنەوەکەیان بزووتنەوەیەکی چاکسازیی ناتایفییە و دوورە لەو پێناسە شیعەیەی نیشانەی جیاکەرەوەی بزووتنەوەکانی نارەزایی ساڵی 1979ی ئێران و ئەوانەیشی لە چەقی عێراقی شیعە لە 1991دا روویان دا، بۆیەش ئەمڕۆ دژی ناساندنێتی وەک بزووتنەوەیەک کە هەوڵی لاساییکردنەوەی نموونەی ئێران دەدات (ئەلشەممەری، 2019).
لەم چوارچێوەیەدا، زۆر لە توێژەران تێبینی دەکەن داواکارییەکانی بزووتنەوەی نارەزایی پەیوەست نەبوون بە پێکهاتەی شیعە لەڕووی تایەفەگەرییەوە یان بە چەقی عێراقی شیعەوە، بەڵکو داواکاریی گشتی بوون بۆ گشت عێراقییەکان و لەپێناو چاکسازی لە دەوڵەت و سیستەمی سیاسی، ئەمەیش دەتوانێت لە زیندووکردنەوەی پێناسی نیشتمانیی - عێراقی دوور لە دەستوەردانی دەرەکی بەشدار بێت (ئەلجەزیرە، 2019).
لەئەنجامدا دەشێت بگوترێت بزووتنەوەی نارەزایی - سەرباری هەموو ئەو رەخنانەی ئاراستەی کراون - هێشتا گرەو لەسەر رووداني گۆڕانکاری لە هەڵوێستی رەوتی سەدر بە ئاراستەی پشتیوانیکردنی دەکات - ئەمەش پاش تۆمەتبارکردنی کڵاوشینەکانی سەر بە رەوتەکە بە هێرشکردنە سەر خۆپێشاندەران و دواتر راگرتنی کاری ئەو گرووپە بە فەرمانی موقتەدا سەدر - تاوەکو ئاوێتەی پشتیوانیی نەجەف ببێت و بەیەکەوە ببن بە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی هاوسەنگیی نوێی هێز لە چەقی عێراقی شیعە کە لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکوومەت و چاکسازی لە سیستەمی دەوڵەت دادەنێت.

## سێیەم: شارەکانی ململانێ لە چەقی عێراقی شیعەدا

چەقی عێراقی شیعە بە کۆمەڵە شارێکی سەرەکی جیا دەکرێتەوە کە بە ئاراستەکەری رووداوەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێن. ئەم شارانە مۆرکێکی سیاسیی دیاریکراویان نییە بەهۆیەوە بدرێنە پاڵ لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی تێکهەڵکێشییەکی گەورە لە پانتایی هەژموونی هێزە سیاسییەکانی ئەوێدا هەیە کە

بەهۆیـەوە داڕشـتنی نەخشـەکانی هەڵبـژاردن بـۆ هێـزە کاراکان لـە داڕشـتنی دیمەنـی ڕووداوەکان کارێکـی سـەختە.
بـۆ نموونـە کاتێـک هێزێکـی سیاسـی لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای یەکێـک لـەو شـارەکاندا زاڵ دەبێـت، دەبینیـن هێـزی دیکە هەن بەسـەر شـەقامدا زاڵن و قسـە و قورسـایی خۆیان دەسـەپێنن و ڕەنگـە دواتـر سروشـتی هاوپەیمانییـە سیاسـییەکانی حوکمڕانیـی شـارەکە بگـۆڕن. بۆیـە لـەم دۆخـەدا باشـترە پەنـا ببرێتـە بـەر دەستنیشـانکردنی ململانێـکان لـەو شـارانەدا (بەغـدا، بـەسرە، نەجـەف، زیقـار).
بەگوێـرەی خەمڵاندنەکانـی دانیشـتووانی پارێـزگا جیاجیاکانـی عێـراق، بۆمـان دەردەکەوێـت شـارەکانی باشـووری عێـراق 59 لـە سـەدی کورسـییەکانی پەرلەمانیـان بەردەکەوێـت - دەکاتـە 194 کورسـی لـە کـۆی 329 کورسـی - بـەڵام ئەمـە ڕەتیناکاتـەوە کـە شـاری تێکـەڵاو نیـن و لایەنەکانـی دیکـە پشـکیان لـە کورسـییەکاندا نییـە. بەپێـی کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان، شـاری بەغـدا لـە پێشـەوەی ئـەم شـارانەیە بـە 71 کورسـی و، بـەسرە دووەمـە بـە 25 و، زیقـار سـێیەمە بـە 19 کورسـی.
ئەمـە پۆلێنکردنێکـی گرنگـە و قەبـارەی کێبڕکێـی ڕاسـتەقینەمان لـەم سـێ شـارەدا بـۆ دەردەخـات، کـە دەشـێت – بەگوێـرەی ئـەم پێـوەرە – بڵێیـن گرنگتریـن ناوچـەی شارنشـینن و کاریگەرییـان لەسـەر تـەواوی عێراقـی شـیعی هەیـە.
ئەنجامەکانـی دواییـن هەڵبـژاردن لـە 2018، پیشـانی دەدەن کـە هاوپەیمانیـی سـائیرون – هاوپەیمانییەکـی هەڵبژاردنـی نێـوان ڕەوتـی سـەدر و ڕەوتـی مەدەنیـی تـا ئاسـتێکی زۆر پەیوەسـت بـە بزووتنـەوەی ناڕەزایـی – لـە بەغـدا زۆرتریـن کورسـیی بەدەسـتهێناوە، 17 کورسـی و، هاوپەیمانیـی فەتحـی سـەر بـە حەشـد لـە بـەسرە زۆرتریـن ژمـارەی کورسـیی بەدەسـتهێناوە کـە ٦ کورسـین، لـە زیقـار سـائیرون زۆرتریـن ژمـارەی کورسـیی بەدەسـتهێناوە. ئـەم هاوکێشـەیە پێشـانمان دەدات کـە جیاوازییەکـی کـەم لـە ژمـارەی کورسـییەکانی سـائیرون و فەتـح لـە بەسـڕە و زیقـار هەیـە کـە نزیکـەی یـەک کورسـییە.
ئەمـە ئاشـکرای دەکات کـە کێبڕکێیەکـی بەرفـراوان لەسـەر گـۆڕەپانـی کۆمەڵایەتـی – هەڵبـژاردن لـە نێـوان ئـەم هێزانـە لـە شـارە سـەرەکییەکاندا هەیـە و خـۆی بـە شـێواز و میکانیـزم و گوتـاری جۆراوجـۆر دەنوێنێـت. چاوەڕوانیـش دەکرێـت ئەمـە بەگشـتی هاوکێشـەی نوێـی هەڵبـژاردن لـە قۆناخـی داهاتـوودا بەرهـەم بهێنێـت. ئەمـەش لەگـەڵ

چەمکی ململانێی نێوان ڕێچکە جیاوازەکانی شیعە بەرامبەر بەم ناوچە جوگرافییە گرنگە هاوشان دەبێت و، بێگومان لە بەرهەمهێنانی تایبەتمەندییەکی روونتری هەڵبژاردن لە شارە سەرەکییەکانی باشووری عێراق بەشدار دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هاوپەیمانییەکی گەورە پێکبهێنرێت - کە تا ئاستێکی زۆر چاوەڕوانکراوە بەلای ئێمەوە - هێز و کەسایەتیی گونجاو لەگەڵ ئەو ڕێچکە سەرەکییە ناوەندگیرانەی جەخت لە گوتاری دەوڵەت و پێناسی نیشتمانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەخۆ بگرێت.

لەم چوارچێوەیەدا، دەشێت بڵێین تا ئێستا دوو تەوەر لە سێگۆشەی بەغدا - بەسرە - زیقاردا ململانێ دەکەن، سائیروون نوێنەرایەتیی تەوەری یەکەم دەکات و لە بەرەی دژبەری هاوپەیمانیی فەتحە. تەوەری یەکەم هەوڵدەدات پێوەندی نەریتیی خۆی لەگەڵ ڕەوتی مەدەنی بەهێزتر بکات و زیاتر لە ڕەوتی بزووتنەوەی نارەزایی نزیک ببێتەوە، لە کاتێکدا حەشد لە قۆناخی دابەشبوون بەسەر حەشدی مەرجەعی و حەشدی وەلائیدا دەبێت و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر پێگەی هەڵبژاردنی ئەو دەبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا لە بواری دەستنیشانکردنی پێناسی هەڵبژادنی شارەکان بابەتەکە بەبێ هەڵوێستی ناڕاشکاوی نەجەف یەکلا نابێتەوە. پشتیوانیی ئاکارییانەی نەجەف بۆ بزووتنەوەی نارەزایی - وەک چاوەڕوان دەکرێت - بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن سائیروونەوە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی کە چاوەڕوانکراوە ئەمە لەگەڵ هەڵکشانی شوێن لە سرووشتی هاوپەیمانیی سائیرووندا بەرەو حەشدی مەرجەعی هاوشان بێت. هەموو ئەمانە دەبنە مایەی تەنگژەی ڕاستەقینە بۆ لایەنەکانی دیکە - حەشد بە ئاسانی ئەم دۆخەیان پێ قبووڵ ناکرێت. ئەمەیش ئەو شارانە دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستنیشانکردنی ئاراستەی چەقی عێراقی شیعە. پێدەچێت هاوکێشەی یەکەم نزیکتر بێت لە بەرهەمهێنانی جۆرە سەقامگیرییەکی سیاسیی ڕێژەیی و ڕێگە بە گۆڕانی ئاراستەی هەڵبژاردن و گەیشتنی کەسایەتیی نوێ بە ڕیزی پێشەوەی دیمەنەکە بدات.

سازانی ئەم ڕێچکانە کار دەکاتە سەر توانای ئەو حکوومەتەی سەرۆکوەزیرانێکی شیعە بەڕێوەی دەبات بۆ گرتنەبەری ڕێگایەک خواستی جەماوەر بەدی بهێنێت.

ئەمەیش لە ئاکامدا دەبێتە مایەی هەژمارکردنی ئەو سەرۆکی حکوومەتە لەسەر یەکێک لە لایەنەکانی ئەو ڕێچکانەی ئامادەییان لە چەقی عێراقی شیعەدا هەیە، هەر کە ناکۆکی لە دیدی ئەم سەنتەری هێزانەدا دەرکەوت، حکوومەت بەرەو لەدەستدانی هاوسەنگی دەچێت و دواتر بەرەو داڕمان دەڕوات. ئەمە لەگەڵ زۆربەی حکوومەتەکانی پاش 2006 تا ئەمڕۆ روویداوە و، بووەتە هۆکاری رووخاندنی حکوومەتەکەی عادل عەبدلمەهدی و، رۆڵی گەورەی لە ڕێکنەکەوتن لەسەر جێگرەوەیەک بۆی لە ماوەی زیاتر لە شەش مانگدا هەبوو.
کاتێک پاش هەڵبژاردن دیدگای سائیروون و فەتحی سەر بە حەشد نزیک بوونەوە، حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەرهەمهات، کە هاوپەیمانییە شڵۆقەکەشیان هەڵوەشا، حکوومەتەکە زیانی بەرکەوت. هاوپەیمانیی سائیروون هەستی بە جۆرێک نائومێدی کرد کاتێک سەرەتا هاوپەیمانیی فەتح دژی هەڵبژاردنی پێشوەخت هەڵوێستی نواند، بۆیە موقتەدا سەدر گوتی: "چیدی هاوپەیمانیمان لەگەڵ فەتح بەردەوام نابێت... بەردەوامیی ئەم حکوومەتەی ئێستا و پشتیوانەکانی لە هەمان ئەو ڕێچکەیە، عێراق لە هەمان دۆخ و کێشەدا دەهێڵێتەوە کە سووریا لەم ساڵانەی دواییدا بەدەستیانەوە ناڵاندوویەتی" (رواندزی، 2019). لە بەرامبەر ئەمەدا ئێران ئامۆژگارییەکی گرنگی پێشکەشی عێراق کرد کاتێک عەلی خامنەیی رابەری باڵای ئێران گوتی: "زیانی گەورە کە ئەمەریکای دوژمن دەتوانێت بە هەر وڵاتێکی بگەیەنێت، لەڕێی تێکدانی ئاسایشی ئەو وڵاتەوە دەبێت" (تیڤی، 2019). ئەو لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دۆخی ئاسایشی وڵاتانی وەک عێراق و لوبنان بەندە بە رۆڵی سەربازیی هاوپەیمانانی تارانەوە، حەشدی شەعبی و حزبوڵڵا، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک باز بەسەر ئەم هاوکێشەیەدا بدرێت. لێرەدا پێویستە بەغدای پێش 2017 بخەینەوە بیری خۆمان، کاتێک رۆژانە هەندێکجار پێنج تەقینەوەی تیرۆریستانە روویاندەدا. بۆیە هەندێک جەخت دەکەن لەوەی حەشد رۆڵی باڵای لە گۆڕینی دیمەنی ئاسایشی پایتەخت لە پاش 2017 هەبووە. بەڵام ئەو کێشە راستەقینەیەی هێشتا لە هەمووان دیارە، ئەوەیە کە تا چەندە حەشد دەخوازێت ئەم لایەنە باشەی خۆی، لەڕێی تێکەڵبوونی بێمەرج بە دەوڵەت بەهێز بکات و نەبێتە دژبەری دەوڵەت.

لە کۆتاییدا دەشێت لەڕێی ئەمەی پێشتر باسمان کرد، بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەڵێت نزیکبوونەوەی دیدگەی نەجەف و ڕەوتی سەدر و بزووتنەوەی ناڕازی لەمەڕ هەندێ بابەت کە دەبنە مایەی هێورکردنەوەی شەقام – لەوانە هەڵبژاردنی پێشوەخت و دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەتی ئێستا و شەڕی گەندەڵی و دەستنیشانکردنی کۆمیسیۆنێکی نوێی هەڵبژاردن – ڕۆڵی گرنگیان لە ناچارکردنی هاوپەیمانیی فەتح – حەشد بۆ دەستبەردان لە پاڵپشتیکردنی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی هەبوو. ئەمەیش وانەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی سروشتی کارلێکە جیۆپۆلیتیکییەکانی چەقی عێراقی شیعە و شێوەی کاریگەرییەکەی لەسەر سەقامگیریی هەر حکوومەتێکی داهاتوو. بۆیە سەرۆکی ئەم حکوومەتە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی نێوخۆیی گرنگ دەبێتەوە کە بریتییە لە چۆنێتیی تەبەنناکردنی میکانیزم و سیاسەتگەلێک، ڕێ بە خۆی و بە حکوومەتەکەی بدەن سازان لەنێوان ئەم هێزانە درووستبکەن – یان هەر نەبێت لەگەڵ کاریگەرترین هێزەکاندا ڕێکبکەون – بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی بەردەوام بێت و ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی حکوومەتەکەی پاش هەڵبژاردنەکانی 2018 نەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


1. Abdo، g. (2019، July 8). Iran and the United States Battle It Out in Iraq. Retrieved April 13، 2020، from Foreign Policy: https://foreignpolicy.com/201908/07//iran-and-the-united-states-battle-it-out-in-iraq/

2. Alaca، M. (2020، April 3). Sistani versus Khamenei on Iraq's Hashd al-Sha'abi. Retrieved April 7، 2020، from LSE: https://blogs.lse.ac.uk/mec/202003/04//sistani-versus-khamenei-on-iraqs-hashd-al-shaabi/

3. al-jazeera. (2019، November 4). Analyst: Iraq protests have 'overcome sectarianism'. Retrieved April 16، 2020، from al-jazeera: https://www.aljazeera.com/news/201911//analyst-

iraq-protests-overcome-sectarianism-191104190411464.html
4. al-Marashi، I. (2018، October 24). Does an Iraqi “Sunnistan” Really Exist ? Retrieved April 2، 2020، from Oasis: https://www.oasiscenter.eu/en/sunni-muslims-isis-iraq
5. al-salhy، S. (2020، Mrch 16). Iran and Najaf struggle for control over Hashd al-Shaabi after Muhandis's killing. Retrieved April 10، 2020، from Middle East Eye: https://www.middleeasteye.net/news/iran-and-najaf-struggle-control-over-hashd-al-shaabi-after-muhandis-killing
6. Alshamary، M. (2019، ecember 14). Iraqi protesters are mostly Shiite. And this identity is shaping how they protest. Retrieved April 16، 2020، from The washington Post: https://www.washingtonpost.com/politics/201914/12//iraqi-protesters-are-mostly-shiite-this-identity-is-shaping-how-they-protest/
7. CIA. (2012). Iraq Shias. Newyourk: Director of Intelligence. Retrieved April 8، 2020
8. Commission، I. N. (2012). Iraq Population Situation. Baghdad.
9. Cunningham، E. (2019، December 19). Iraq's Shiites helped boost the political elite in Baghdad. Now they want to bring it down. Retrieved April 15، 2020، from The Washungton Post: https://www.washingtonpost.com/world/middle_east/iraqs-shiites-helped-boost-the-political-elite-in-baghdad-now-they-want-to-bring-it-down/20197768/28/12/d0e020-da-11ea-b034-de7dc2b5199b_story.html
10. England، A. (2018، July 31). Iraq's Shia militias: capturing the state. Retrieved April 14، 2020، from Financial Times: https://www.ft.com/content/ba4f7bb26-d4d-11e8852-d-d8b934ff5ffa
11. France. (2019، November 14). In Shiite holy city of Karbala، Iraqis protest against Iranian 'meddling'. Retrieved April 15، 2020، from France 25: https://www.france24.com/en/20191114-in-shiite-holy-city-of-karbala-iraqis-protest-against-iranian-meddling
12. Frenken، K. (2008). Iraq: GeoGraphy، clImate and populatIonGeography. Rome: FAO.
13. GIGLIO، M. (2019، Mrch 8). The Flash Point Between America and Iran Could Be Iraq's Militias. Retrieved April 12، 2020، from The Atlantic: https://www.theatlantic.com/politics/archive/201905//iraq-militias-flash-point-between-united-states-and-iran/589003/
14. Hassan، F. (2019، December 31). Protesters Attack U.S. Embassy in Iraq، Chanting 'Death to America'. Retrieved April 15، 2020، from new York Times: https://www.nytimes.com/201931/12//world/middleeast/baghdad-protesters-us-embassy.html
15. Ibrahim، A. (2019، November 29). Why are Iraqi protesters targeting Iranian buildings ? Retrieved April 15، 2020، from Al-Jazeera: https://www.aljazeera.com/news/201911//iraqi-

protesters-targeting-iranian-buildings-191128173736467.html
16. Khalil، L. (2019، December 6). Sistani: The (not-so) hidden hand behind Iraqi politics. Retrieved April 8، 2020، from the Interpreter: https://www.lowyinstitute.org/the-interpreter/sistani-not-so-hidden-hand-behind-iraqi-politics
17. Leathley، S. (2019، October 25). Iraq's Shi'a Protests Resume: Interim Summary. Retrieved April 16، 2020، from ISW: http://www.iswresearch.org/201910//iraqs-shia-protests-resume-interim.html
18. Mansour، R. (2020، November 12). After Latest Turn، Is Muqtada al-Sadr Losing Influence in Iraq ? Retrieved April 12، 2020، from Chatam House: https://www.chathamhouse.org/expert/comment/after-latest-turn-muqtada-al-sadr-losing-influence-iraq
19. Masud، E. (2006، October 14). Iraq: Divide and Rule، 'Ethnic Cleansing Works. Retrieved April 5، 2020، from The Milli Gazette: http://www.milligazette.com/dailyupdate/200620061014/_Iraq_war_ethnic_cleansing.htm
20. MEO. (2020، January 10). Iraq، Sistani condemns US-Iran confrontation in. Retrieved April 7، 2020، from Middle East Online: https://middle-east-online.com/en/sistani-condemns-us-iran-confrontation-iraq
21. Monitor، M. E. (2019، December 31). Iraq's Sadr ready to work with Iran-backed PMF to oust US. Retrieved April 10، 2020، from MEM: https://www.middleeastmonitor.com/20191231-iraqs-sadr-ready-to-work-with-iran-backed-pmf-to-oust-us/
22. Muir، J. (2019، December 20). Moqtada al-Sadr: The firebrand cleric who could calm Iraq. Retrieved April 11، 2020، from BBC news: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-50850319
23. Nasrawi، S. (2016، March 1). What are the reasons behind Muqtada al-Sadr's return ? Retrieved April 9، 2020، from al-Jazeera: https://www.aljazeera.com/news/201603//reasons-muqtada-al-sadr-return-isis-160301065727884.html
24. NEWS، I. (2019، December 6). Sistani Says No Foreign Meddling To Choose New Iraq PM، In Nod To Iran. Retrieved April 9، 2020، from Radio Frda: https://en.radiofarda.com/a/sistani-says-no-foreign-meddling-choose-new-iraq-pm-iran/30311537.html
25. Pan، E. (2005، January 27). IRAQ: Al-Sadr's Political Ambitions. Retrieved April 15، 2020، from Council on foreign relations: https://www.cfr.org/backgrounder/iraq-al-sadrs-political-ambitions
26. Rahimi، B. (2007). Ayatollah Sistani and the Democratization of Post-Ba'athist iraq. Washington: Unites States institute of peace. Retrieved 4 6، 2020، from United States

institute of peace: https://www.usip.org/sites/default/files/sr187.pdf
27. Review، T. M. (2014، January 7). Who can end Iraq's Sunni-Shiite violence ? Retrieved April 6، 2020، from The Christian science monitor: https://www.csmonitor.com/Commentary/the-monitors-view/20140107//Who-can-end-Iraq-s-Sunni-Shiite-violence
28. Rwanduzy، M. (2019، October 30). Sadr issues dire warning of internal conflict if Abdul-Mahdi not ousted. Retrieved April 16، 2020، from Rudaw: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/30102019
29. Rwanduzy، M. (2020، January 14). Muqtada al-Sadr receives PMF leaders in Qom to discuss US troop presence in Iraq. Retrieved April 10، 2020، from Rudaw: https://www.rudaw.net/english/middleeast/14012020
30. Sabah، D. (2019، December 3). Violence hits Iraq's Shiite shrine cities amid unrelenting protests. Retrieved April 16، 2020، from Daily Sabah: https://www.dailysabah.com/mideast/201903/12//violence-hits-iraqs-shiite-shrine-cities-amid-unrelenting-protests
31. Salih، D. (2018، June 18). Sadr's path to power. Retrieved April 14، 2020، from Iraqi Thoughts: https://1001iraqithoughts.com/201818/06//sadrs-path-to-power/
32. Salih، D. (2019، June 5). Iraq's Security Heartland. Retrieved April 16، 2020، from The Geopolitics: https://thegeopolitics.com/iraqs-security-heart-is-still-troubled/
33. Smyth، P. (2019، May). The Shia Militia Mapping Project. Retrieved April 12، 2020، from The washington Institute: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/the-shia-militia-mapping-project
34. Tv، T. p. (2019، October 30). Leader: US، West spy services inciting unrest in regional states. Retrieved April 16، 2020، from The press Tv: https://www.presstv.com/Detail/2019609943/30/10//Iran-Leader
35 - السعدى، ع. ف. (2008). جغرافيه العراق. بغداد: الدار الجامعيه للطباعه و النشر.
36 - العلوى، ح. (1990). الشيعه و الدوله القوميه فى العراق 1914-1990. قم: دار الثقافه للطباعه و النشر.
37 - بطاطو، ح. (2003). العراق: الطبقات الاجتماعيه و الحركات الثوريه من العهد العثمانى حتى قيام الجمهوريه (الطبعه الثالثه .ed.، Vol. الجزء الثالث). بيروت: مؤسسه الابحاث العربيه.
38 - حسن، ح. (2018، 9). العلاقات الشيعيه فوق الوطنيه والدوله الوطنيه فى العراق. سياسات عربيه(34)، 32.
39 - شلال، م. ح. (1968). الجغرافيه العسكريه. بغداد: مطبعه الارشاد.
40 - مار، ف. (2006). تاريخ العراق المعاصر. (م. ن. احمد، Trans.) بغداد: المكتبه العصريه.

نەخشەی ژمارە 1

**تۆپۆگرافیای عێراق**





**سەرچاوە:**

Varoujan K. Sissakian and Mawahib F. Abduljabar، classifaction of the alluvial fans in Iraq، Iraqi bulletin of geology and mining، Vol.10، No.3، 2014، p 46.

نەخشەی ژمارە 2

## دابەشبوونی جوگرافیایی پێکهاتەکانی عێراق





**سەرچاوە:**

https://www.vox.com/a/maps-explain-crisis-iraq

نەخشەی ژمارە 3

## دابەشبوونی جوگرافیایی بزووتنەوەی ناڕەزایی تشرین




**سەرچاوە:**

Samantha Leathley and Brandon Wallace، Iraq's Shi'a Protests Resume: Interim Summary، Institute for the study of war، 25 October، 2019.

# ناکۆکییە نێوخۆییە سیاسییەکانی شیعەو لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی عێراق

یاسین تەها *

## دەسپێک

ناکۆکییـە نێوخۆییەکانـی شیعە لـە سـەرەتای پرۆسـەی سیاسـی عێراقـەوە هـەر هەبـوون، ریشـەی بەشـێك لـەم ململانێیانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئۆپۆزسـیۆن و مشـتومڕی نـاو ئۆردوگاکانـی ئێـران و هەڵوێسـت لەسـەر ویلایەتـی فەقـی و کۆمەڵێك بـاس و بابەتی تـر. بـەڵام لەپـاش دەسـەڵاتگرتنە دەسـتی شـیعەکان لـە عێـراق (2003) و تێکەڵبـوون لەگـەڵ ململانێـی پێگـە و نفـوز و پشـك لـە حکومـەت و لـە دەسـکەوتە ئابوورییەکانـی، سـاڵ لـە دوای سـاڵ و خـول لـە دوای خـول، ئـەو ناکۆکییانـە زیاتـر پەرەیـان سـەند و بەهۆیـەوە عێـراق تووشـی قۆناخـی دژواری ئەمنـی و یاسـایی بـوو. ئـەم توێژینەوەیـە هەڵوێسـتە لەسـەر گرنگتریـن وێسـتگەکانی بەریەککەوتنـی هێـزە سـەرەکییەکانی شـیعە لـە عێـراق دەکات و هەوڵـدەدات لێکەوتـەی ئـەو ناکۆکییانـە لەسـەر پرۆسـەی سیاسـی و ئاینـدەی ئـەم وڵاتـە بخوێنێتـەوە.

## ناکۆکییە بنەڕەتی و دێرینەکانی دنیای شیعە

ئیسلامی سیاسی شیعی، دەرهاوێشتە و ڕەنگدانەوەی فەزای گشتی شیعەیە. مەبەست لێی ئەو موسوڵمانانەن کە بانگەشەی لایەنگری و شوێنکەوتنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەکەن. هەر بەم هۆیەشەوە پێیان دەگوترێ شیعە کە واتای (هەوادار و پشتیوان) دەدات. ئەم گرۆ موسوڵمانە باوەڕیان وایە، بۆ خەلافەت ئیمام عەلی و نەوەکانی لە خەڵکانی تر شیاوتر و لەپێشتر بوون (دائره المعارف الإسلامیه، 14/ 57). سەرجەم شیعەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئیمامەت لە عەلی کوڕی ئەبوتالیب و نەوەکانی دەرناچێت. بەهەمانشێوەی پێغەمبەران، ئیمامەکانی ئالی بەیت دوورن لە هەڵە و تاوانی گەورە و بچووك و لەلایەن خوداشەوە کۆمەك و پشتیوانی دەکرێن (الشهرستانی، 1992، 144/1)، بەم پێیەش ئەوانەی لەناو شیعەکان زۆرینەن کۆمەڵی ئیمامی ـ ن، لەناو ئەوانیشدا دوازدە ئیمامییەکانن کە داکۆکی لە مافی دوازدە ئیمام لە کەسایەتییە دیارەکانی ئالی بەیت دەکەن بۆ ئیمامەت بەپێی پشتاوپشت، ئەمەش لە ئیمام عەلییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دوازدەیەمین کەسیان کە مەهدی مونتەزەرە. ئەویش پەنهانە و بەپێی باوەڕی شیعە لە کۆتایی دنیادا بۆ بەرپاکردنی عەدالەت دەردەکەوێتەوە (أحمد أمین، 1969، 272).

سەرباری ئەوەی زاراوەی "شیعە" ناو و ناونیشانی هەموو ئەوانەیە کە هەواداری ئالی بەیتن، بەڵام ئەوانیش لە وردکردنەوەی بنەماکانی شیعەگەریدا بەهەمانشێوەی سوننەکان بەسەر چەندین بۆچوون و قوتابخانەی خاوەن فیکری جیاجیا و هەندێکجار دژ بەیەکیشدا دابەش و پەرتەوازە بوون. بەجۆرێك هەندێ لە سەرچاوە شیعییەکان باس لە دەوروبەری 100 کۆمەڵ و گرووپی جیاجیای شیعە دەکەن (کاشف الغگاء، 1990، 140). تەنانەت لەناو یەك گرووپیشدا شیعەکان لەسەر تەقلیدکردنی یەك مەرجەع و یەك ئاراستەی ئاینی کۆك نین، ئەم دابەشبوون و وردە ناکۆکییانەش کاریگەریی زۆری بەسەر هێزە سیاسییەکانی شیعەی عێراقەوە هەیە کە سەرجەمیان لەگەڵ رووکار و دروشمە سیاسییەکانی خۆیاندا، هەڵگری ناوەڕۆکێکی فیکری و درێژکراوەی مەرجەعیەتێك یان تەوژمێکی ئاینیی دیاریکراون، بەشی زۆریش لەوانە کاریگەرن بە نموونەی دەوڵەتداری و شیعەگەریی ئێرانی کە پێداگرە لەسەرئەوەی

لەسـایەی غەیبوونـی ئیمامـی دوازدەیەمـدا، چیـتر شـەرعزان و پیـاوە ئاینییـەکان، ئەرکـی سـەرۆکاریکردنی رۆحیانـەی جەمـاوەری شـیعەکان بەڕێوەدەبـەن. چونکـە ئەرکـی شـەرعزان، جگـە لـە رێنمایـی، کۆکردنـەوەی زەکات، بەڕێوەبردنـی ئەوقـاف، هەڵسـوڕاندنی کاروبـاری ئابـووری و کۆمەڵایەتیـش، دەگرێتـەوە ( الخمینـی، 49 _69 ).

## سەردەمی زێڕینی هاوپەیمانێتی شیعە لەعێراق

دوو مانـگ پـاش ریفراندۆمـی جەمـاوەری لەسـەر دەسـتووری عێـراق (ئۆکتۆبـەری 2005)، یەکـەم هەڵبژاردنـی گشـتی بەڕێوەچـوو کـە ئامانـج لێـی پێکهێنانـی یەکـەم حکومەتـی دەسـتووریی خـاوەن دەسـەڵات و هەڵبژاردنـی یەکـەم ئەنجوومەنـی نوێنەران بـوو (bbc،2014). لەپێنـاو مسـۆگەرکردنی باڵادەسـتی و بردنـەوەی هێـزە شـیعەکانیش لـەم هەڵبژاردنـە مێژوویـی و بنەڕەتییـە، عەبدولعەزیـز حەکیـم رابـەری کۆچکـردووی ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی، سـەرۆکایەتی هاوپەیمانێتییەکـی شـیعەی بەنـاوی "الائتـلاف العراقـی الموحـد _ 555" کـرد کـە جگـە لـە پارتەکـەی خـۆی، هەریـەك لـە حیزبـی دەعـوە، رەوتـی سـەدر، رێکخـراوی بـەدر، حیزبـی فەزیلـەی لەگـەڵ کۆمەڵێکـی تـر کەسـایەتی و وردە حیزبـی تـری شیعە لەخـۆ دەگـرت (الجزیـرە نـت، 2007). ئـەم بـەرە سیاسـییە شـیعە بەرفراوانـە، قۆناخێکـی گرنگـی کاری پێکەوەیـی ئـەو هێزانـە بـوو کـە نوێنەرایەتـی رەوتـە جیاجیاکانـی شـیعەی عێراقیـان دەکـرد. بەرنامـە سیاسییەکەشـی دروسـتکردنی هەرێمێکـی فیدراڵـی بـۆ نێوەڕاسـت و باشـووری عێـراق لـە چەشـنی هەرێمـی کوردسـتان تێدابـوو (الجزیـرە نـت، 2007). بەپێـی ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن، ئـەم هاوپەیمانێتییـە لـە کـۆی 12 ملیـۆن و نزیکـەی 240 هـەزار دەنگـی عێراقییـەکان، متمانـەی زیاتـر لـە 5 ملیـۆن و 21 هـەزار دەنگدەری بەدەسـتهێنا. ئەمـەش کردییە خاوەن 131 کورسـی پەرلەمـان لـە کـۆی 275 کورسـی کـە بەپێـی ژمـارەی دانیشـتووان دانرابـوو (براپـا، 2008) ؛ (منـە اللـە، 2014). بـەم پێیـەش ئیئیتلافـی یەکگرتـووی شـیعەکان بـووە گەورەتریـن فراکسـیۆنی پەرلەمـان و خـاوەن دەستپێشـخەری یەکـەم لە دانوسـتاندنەکانی پێکهێنانـی حکومەتـی عێـراق بەپێـی مـادەی 76ی دەسـتوور. دەکرێـت ئـەم یەکدەنگییـە شـیعییە کـە دواتـر پەرتەوازەیـی تێکـەوت، بەقۆناغـی زێڕینـی کاری پێکەوەیـی شـیعەکان

دابنرێـت. ئـەم كارە هاوبەشـە شـیعییە لەبـن باڵـی عەباكـەی سیسـتانیدا لەدایكبـوو. بەتایبـەت كاتێـك نووسـینگەكەی و بریكارەكانـی لـە كۆنگرەیەكـدا لـە دیوانیـە بـە بەشـداری (1500) سـەرۆكهۆز و كەسـایەتی ئاینـی، جەختیـان كـردەوە كـە هاوپەیمانێتـی شـیعەكان (555) "هەڵگـری سـیفەتی ئیسـلامی و خەڵكانـی سـەركردەیە" (مهـر، 2005).

## سەرەتای گرژبوونی پێوەندیی نێوخۆیی هێزەكانی شیعە

سـەرەتای دەركەوتـن و ئاشـكرابوونی ناكۆكییـە نێوخۆییەكانـی هێـزە سیاسـییەكانی شـیعە بەهـۆی یەكـتر تۆمەتباركـردن بـە ئاودیوكردنـی نەوتـی خـاوی باشـووری عێـراق بـوو. دواتـر ناكۆكییـەكان پەرەیـان سـەند تـا گەشـتنە رادەی پێكدادانـی چەكـداری لـە شـاری بـەسرە (ئایـاری 2005) ، بەتایبـەت لەنێـوان چەكدارەكانـی حیزبـی فەزیلـە و رەوتـی سـەدر. پێكدادانـە نێوخۆییەكانـی شـیعە بوونـە هـۆی قەدەغەكردنـی هاتوچـۆ لـەم شـارە دەوڵەمەنـدە كـە سـەرچاوەی هەنـاردەی بەشـی هـەرە زۆری نەوتـی عێراقـە (البیـان، 2007)، بەرلـەوەش حیزبـی فەزیلـە كـە 15 كورسـی پەرلەمانـی هەبـوو، بەهـۆی بێبەشـبوونی لـە وەزارەتـی نـەوت لـە هاوپەیمانێتییـە بەرفراوانەكـەی شـیعە كشـایەوە. ئەمـەش بەیەكـەم گـورزی سیاسـی لـەم پـرۆژە هاوبەشـە شـیعییە لەقەڵەمـدرا (الأخبـار، 2008). وتەبێژەكانـی فەزیلـە لـە لێدوانەكانیانـدا هـۆكاری كشـانەوەیان دەگەڕانـدەوە بـۆ هەوڵـی رزگاركردنـی عێـراق لـە تایفەگـەری و پەیڕەوكردنـی سیاسـەتێكی درووسـت، بـەڵام زۆربـەی بۆچوونـەكان لەسـەر ئـەوە بـوون كـە هـۆكارە راسـتەقینەكەی، ململانـێ لەسـەر پۆسـتی وەزارەتـی نـەوت بـوو. ئەمـە جگـە لـە هەوڵـی ناسـاندنی زیاتـری مەرجەعـە تایبەتەكـەی خۆیـان كـە محەممـەد یەعقوبییـە وەك قوتابخانەیەكـی ئاینیـی سـەربەخۆ و هێنانـە دەرەوەی لـە سـێبەری مەرجەعیەتـی عەلـی سیسـتانی كـە رابـەری حـەوزەی نەجەفـە (الحـارس، 2007). فەزیلـە گەیشـتبووە ئـەو بڕوایـەی بەشـی زۆری دەسـتكەوتەكانی هاوپەیمانێتییەكـە بـۆ حیزبـی دەعـوە و رەوتـی سـەدر و ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی بـوون و ئـەوان لێـی سـوودمەند نەبـوون، لەبـەر ئەمـەش بڕیـاری كشـانەوەیان دا (الزعاتـرە، 2007) كـە لەكاتـی خۆیـدا دەنگدانەوەیەكـی گـەورەی هەبوو.

## بەریەککەوتنی سەدر و مالیکی

لە سەروبەندی کشانەوەی حیزبی فەزیلە لە هاوپەیمانێتی شیعی و لە مانگی ئەیلولی 2007دا هێزە ئەمنییەکانی عێراق و میلیشیاکانی سەدر کەوتنە شەڕ و پێکدادانی چەکداری و کار بەوە گەیشت کە پریشکی ئاگر بەر دیوارەکانی سەحنی عەتەبەی حوسێن بکەون و قەدەغەی هاتوچۆ لە شارەکە رابگەیەنرێت و ئارامگای حوسێن و عەباس بە هێزی ئەمنی گەمارۆ بدرێن (الدستور، 2007). ئەگەرچی ئەم شەڕە بەناوی سەپاندنی یاساوە بەڕێوەچوو، بەڵام بەشێك بوو لە دەرهاوێشتەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە، چونکە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەوکاتەدا نوری مالیکی ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوە بوو. لایەنە بەرهەڵستکارەکانیش فەرمانیان لە موقتەدا سەدر وەردەگرت. لە پێکدادانەکاندا 52 کەس کوژران و 300 کەسی تر بریندار بوون. بەدوای ئەوەشدا پارێزگارەکانی قادسیە و سەماوە تیرۆرکران. ئەمەش سەری کێشا بۆئەوەی هەڵمەتێکی گەورەی رەشبگیری سەدرییەکان لەلایەن حکومەتەکەی مالیکییەوە بەڕێوە بچێت (إيلاف، 2007). ئەم شەڕە نێوخۆییە چەکدارییە پێشوەختەیە بە کشانەوەی سەدرییەکان لە هاوپەیمانێتی شیعە کۆتایی هات. ئەمەش حکومەتی مالیکی خستە دۆخێکی دژوار و وەهای کرد پێویستی بە دەنگەکانی هاوپەیمانێتی کوردستانی بێت بۆ تێپەڕاندنی بڕیارەکانی و پڕکردنەوەی بۆشایی سەدرییەکان لەناو پەرلەمان (ميدل إيست، 2007). ساڵێك بەسەر رووداوەکانی کەربەلا گوزەری نەکرد، جارێکیتر مالیکی و میلیشیای سەدر کەوتنە شەڕ و پێکدادانێکی تری چەکداری و حکومەت پرۆسەی "صولە الفرسان" ی دژ بە سەدرییەکان لە بەسرە دەستپێکرد. هەرچەندە موقتەدا سەدر بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆسەکە، بەڵام لەهەڵمەتەکەدا گورزی گەورە بەر چەکدارەکانی کەوت (الجزيرەنت، 2008)، ئەم گرژی و ناکۆکییەش تا ئێستا لە نێوان مالیکی و سەدر وەك دوو جەمسەری شیعی و رەوتی سەدر و حیزبی دەعوە وەك دوو هێزی کاریگەری ماڵی شیعە هەر بەردەوامن. هەوڵی زۆریش دراوە بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی سەدر و مالیکی و سەدر و دەعوە،

بـەڵام سـەرجەمیان تـا ئێسـتا شکسـتیان هێنـاوە (المـدى، 2020) پێشـبینیش ناکرێـت لـە ئاینـدەی نزیکـدا بەسـتەڵەکی نێـوان ئـەم دوو جەمسـەرە شـیعییە بتوێتـەوە.

سـاڵێك پـاش شـەڕی دەعـوە و سـەدریش لـە بـەسرە، رێکخـراوی بـەدر لـە ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی جیابـووەوە (2009)، ئـەم میلیشـیا چەکـدارە، جـاران وەك باڵـی سـەربازیی ئەنجوومەنـی بـاڵا و بەشـێکی سـەرەکیی پێکهێنەرەکانـی تەماشـا دەکـرا (براپـا، 2009)، بـەڵام چوونـە دەرەوە و سـەربەخۆبوونی ناکۆکـی و کێشـەیەکی تـری بـۆ بـەرەی یەکگرتـووی شـیعە قوتکـردەوە، چونکـە سروشـتی هێـزە جیابـووەوەکان لەیەکتری بەشێوەیەکی هەمیشـەیی ناجـۆری و شـەڕکردنە لەسـەر میـرات و سـیمبول و شـەرعیەت و مێـژوو.

## کشانەوەی سیستانی لەپاڵپشتی ئاشکرای هێزەکانی شیعە

سـاڵ لـەدوای سـاڵ، مەرجەعیەتـی ئاینیـی نەجـەف (سیسـتانی) بەهـۆی پاڵپشـتیکردنی پێشـتری لـەو هاوپەیمانییـە شـیعەیە، دووچـاری رەخنـە و گازنـدەی زیاتـر دەبـوو. بـەردەوام بـە خـراپ بەڕێوەبردنـی عێـراق و وێرانکردنـی تۆمەتبـار دەکـرا. لـەم کاتەشـدا مالیکـی پێداگربـوو لەسـەر وەرگرتنـەوەی ویلایەتـی دووەم بەهـەر نرخێـك بـووە و هەموولایەکـی خسـتە ژێـر گوشـار (2010)، بـەدوای ئەوەشـدا ناڕەزایـی و خۆپیشـاندان لـە عێـراق بـە کاریگەریـی "بەهـاری عەرەبـی" سـەریهەڵدا و پـەردەی لەسـەر خراپیـی گوزەرانـی بەشـێکی زۆری خەڵکـی بـە شـیعە و سـوننەوە هەڵماڵـی و بـە "بەهـاری عێراقـی" ناونـرا (الشـمری، 2018). لـە ئەنجامـی ئـەم بارودۆخەشـدا سیسـتانی بڕیاریـدا دەرگا بـەڕووی سیاسـییەکاندا بـە شـیعە و سـوننەوە دابخـات و لـە گوتـاری هەینیـی کەربـەلادا رایگەیانـد "زۆربـەی سیاسـییەکان کار بـۆ بەرژەوەندیـی تایبەتـی خۆیـان دەکـەن نـەك بەرژەوەنـدی گشـتی" (عبدالواحـد، 2011). نووسـینگەی سیسـتانی ئـەو هەواڵـەی نـاو ئەرشـیفی ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی مەرجەعـی باڵایـان سـڕییەوە کـە پاڵپشـتیکردنی ئـەوی لـە "هاوپەیمانیـی شـیعی" دەسـەلماند (بغـداد بوسـت، 2018). ئـەم کەنارگیرییـەی سیسـتانی پرۆسـەی سیاسـی عێراقـی بەگشـتی نەگرتـەوە، بەڵکـە زیاتـر خۆبێبەریکـردن بـوو لـەو چینـە سیاسـی و هێـزە شـیعییانەی لەڕێگـەی ئـەوەوە

پۆست و دەسکەوتی دارایی باشیان دەسکەوت و دواتر ئامادە نەبوون ڕێنماییەکانی ئەو بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان و کەمکردنەوەی پۆستە تەشریفاتییەکان جێبەجێ بکەن (شەلوب، 2012). لەوکاتەدا، جگە لە سیستانی سێ مەرجەعە سەرەکییەکەی تری شیعە لە نەجەف (محەممەد سەعید حەکیم و بەشیر نەجەفی و ئیسحاق فەیاز) هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر و هێزە سیاسییەکانیان بایکۆت کرد (براپا، 2011). بەڵام ئەوان تا کۆتایی پێوەی پابەند نەبوون و ساڵانی دواتر، چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی شیعە هەبوو. ئەمەش بەپێچەوانەی سیستانی کە تا ئێستا بەئاشکرا دەرگاکەی بەڕووی حیزبە شیعەکاندا داخستووە. هەڵبەت باوەڕ وەهایە کە پێوەندی سیاسییەکان لەگەڵ مەرجەعیەتی نەجەف بەنهێنی و لەڕێگەی محەممەد ڕەزای سیستانییەوە ڕێکدەخرێن (عواجل، 2019).

## وێستگەکانی قووڵبوونەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە و لێکەوتەکانی

### دەرکەوتنی داعش

دەرکەوتنی داعش لە حوزەیرانی 2014، لەسەر تێکڕای شیعە هەڕەشەیەکی جددی و گەورە بوو. مەترسییەکانی پەلکێشانی ئەم ڕێکخراوە، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی لەبیری شیعە بردەوە و بە دوژمنی هاوبەشەوە سەرقاڵی کردن. بەڵام لەهەمانکاتدا پێشهاتێکی نوێ و گەورەی لە دنیای شیعە هێنایە کایەوە، ئەویش دەرکەوتنی حەشدی شەعبی بوو کە دواتر بوونە خاوەن پرۆژەی سیاسی و پرۆژەیەکی نوێی هاوشانی هێزە تەقلیدییە سیاسییەکانی شیعەی دروستکرد. هەر لەم قۆناغەشدا جگە لە ماسك لابردنی بەدر و عەسایب و دەرکەوتنیان وەك گروپی چەکداری ئامادە، چالاکیی هێزە وەلائییەکانی سەر بە "مقاوەمەی ئیسلامی" لە چەشنی نوجەبا و کەتیبەکانی حیزبوڵڵا چڕبوونەوە کە ئێستا سەرقاڵی ململانێن لەگەڵ ئەمەریکا. زۆرجار ئەم گرووپانە ئیحراجی و کێشەیان بۆ گوتار وهەڵوێستی شیعە لەناو عێراقدا دروستکردووە و لە سۆنگەی پێودانگە ئێرانییەکانەوە مامەڵە دەکەن

و سـەروەریی عێـراق لەبەرچـاو ناگـرن (بڕوانـە: الحـرە، 2019). جگـە لـەوەش، ئـەم گرووپـە چەکـدارە وەلائییانـە هـەرزوو کەوتنـە کێشـەی قووڵـەوە لەگـەڵ فیرقـە و یەکـە سـەربازییەکانی سـەر بـە مەرجەعیەتـی نەجـەف و عەتەبـەکان. لـەم میانەیەشـدا چەنـد بەیاننامـە و شـەڕە لێدوانێکـی ئاشـکرا لـە کۆتاییەکانی شـەڕی داعشـدا کەوتـە نێوانیانەوە (ملـك، 2018) کـە هەندێـك لـەو بەیاننامانـەش وشـە و دەسـتەواژەی زبـری تێدابـوو. دوا پێشـهاتی ناکۆکییەکانیشـیان لەسـەر پڕکردنـەوەی جێگەکـەی ئەبومەهـدی موهەندیـس بـوو لـە پۆسـتی جێگـری سـەرۆکی دەسـتەی حەشـدی شـەعبی کـە ئێرانییـەکان سـپاردیان بـە ئەبوفـدك عەبدولعەزیـز محەممـەداوی "الخـال" کـە فەرماندەیەکـی کەتیبەکانـی حیزبوڵـڵای وەلائییـە، بـەڵام هەرچـوار یەکـە سـەربازییەکەی مەرجەعیەتیـش ڕەتیانکـردەوە (ألـترا عـراق، 2020).

## ململانێی عەبادی و مالیکی

حیزبـی دەعـوە لـە مێـژووی سیاسـی کارکردنیـدا چەندیـن جیابوونـەوە و باڵباڵێنـی بەخۆیـەوە دیـوە کـە نوێترینیـان هەڵگەڕانـەوەی حەیـدەر عەبـادی لـە نـوری مالیکـی بـوو (ئابـی 2014). ناوبـراو بـە پاڵپشـتیی هەنـدێ لـە سـەرکردەکانی حیـزب و لەبـەر ڕۆشـنایی فەتـوای سیسـتانی بـۆ گۆڕانـکاری، کودەتایەکـی سـپی بەسـەر مالیکیـدا کـرد و چـووە جێگاکـەی لـە سـەرۆکایەتی وەزیـران. ناکۆکـی ئـەم دووە درێـژەی کێشـا و لـە هەڵبژاردنـی 2018، حیزبـی دەعـوەی بەسـەر دوو باڵـی جیـاوازدا دابەشـکرد. هـەر ئەمـەش وایکـرد پـاش 12 سـاڵ لـە سـەرۆکایەتیکردنی وەزیـران، ئـەم پێگـە گرنگـە لـە دەسـتی حیزبـی دەعـوە دەرچێـت و عـادل عەبدولمەهـدی وەریبگرێـت (الطائـی، 2019). ئەمـەش بـە زیانێکـی گـەورە بـۆ ئـەم حیزبـە دادەنرێـت کـە کۆنتریـن هێـزی سیاسـی شـیعەیە و کۆتایـی قۆناغێکـی سیاسـیش بـوو.

## هاتنەدەرەوەی حەکیم لە قۆزاخەی ئەنجوومەنی باڵا

لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی کۆتاییهاتنـی قۆناغـی شـەڕی داعـش، ئەنجوومەنـی بـاڵای

ئیسلامی کە یەکێك لە هێزە سەرەکییەکانی شیعەیە، بە جیابوونەوەی رەوتی حیکمە، لە دوای رێکخراوی بەدر کەرتبوونێکی دیکەی تێکەوت. ئەم رەوتە نوێیە کە عەممار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، بەهۆی پێگەی حەکیمەوە بەشی هەرەزۆری میراتی ئەنجوومەنی بەرکەوت. بەڵام ئەمماڵجیاییە هەروا بە ئاشتی تێپەڕی نەکرد و کەوتنە هێرش و پەلاماردانی میدیایی دژ بە یەکتر. ئەوەش لەسەر سەروەرییەکانی حیزبەکە و لەسەر مێژووی بنەماڵەی حەکیم کە محەممەد باقر و عەبدولعەزیز حەکیمی برای بەدوای یەکدا سەرۆکایەتی ئەم حیزبەیان کردووە و دوو سیمبولی دیاری ئەنجوومەنی باڵان (الشمری، 2017). لە ئەنجانی ئەم ناکۆکییانەش، ئەنجوومەنی باڵا بوو بە قەوارەیەکی بچووك و پەنای بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییە شیعانە برد کە باڵی چەکداریان هەیە و نزیکی ئێرانن. پێکەوە لیستێکی پەرلەمانییان بەناوی فەتح پێکهێنا و ئەوەش ئەم حیزبە سیاسییەی بردە ریزی میلیشیا چەکدارەکانەوە (Smith 2018).

## هەڵبژاردنی 2018

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2018، لەپاش قۆناغی داعش و دەرکەوتنی حەشدی شەعبی یەکەم ئەزموونی دەنگدان بوو. لەم وێستگەیەشدا تاڵی تەزبیحی یەکڕیزیی سیاسی شیعەکان هاوشێوەی هاوتا سوننە و کوردەکانیان، خراپتر لەجاران پچڕا و بەسەر کۆمەڵێك هێزی ناکۆك و ناتەبادا دابەش بوو. لەم هەڵبژاردنەدا، جیاواز لەوانەی 2005، 2010 و 2014، چیتر هاوپەیمانی و لیستی گشتی و کۆکەرەوەی هاوشێوەی جاران نەما. لەم میانەیەشدا هێزە شیعەکان بەسەر پێنج لیستی شیعی رکابەری یەکتردا دابەشبوون کە بریتیبوون لە: هاوپەیمانی نەسری حەیدەر عەبادی، دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، سائیروونی سەدر، فەتحی حەشدی شەعبی و حیکمەی عەممار حەکیم (مرکز الجزیرە، 2018)، ئەم پەرتەوازەبوونە شیعییە بووە هۆی بچووککردنەوەی قەبارەی هەندێ حیزبی دێرینی لە چەشنی حیزبی دەعوە کە دەنگەکانی لە نێوان 2014 _2018 لە ملیۆنێک و 300 هەزارەوە بۆ 400 هەزار دەنگ دابەزی، واتە بە رێژەی 65% (المؤمن، 2018). جگە لەوەش لەسەر ئاستە

گشـتییەکە بـووە هـۆی دابەشـکردنەوەی کورسـییەکانی پەرلەمـان بەشـێوەی ئاسـۆیی کـە لـە هەڵبژاردنەکانـی تـری عێراقـدا پێشـینەی نەبـووە. بەجۆرێـك گەورەتریـن بـراوەی لیسـتی شـیعە کـە سـائیروونی سـەدرە، 54 کورسـی بەدەسـتهێنا و ئـەوەش لـە 16.4%ی کـۆی گشـتی کورسـییەکانی پەرلەمانـی عێـراق تێپـەڕ نـاکات کـە 329 کورسـییە (مرکـز الجزیـرە، 2018).

لێکەوتـەی گەورەتـری پەرتەوازەیـی شیعە لـە هەڵبژاردنـی 2018 دا بـە بنبەستگەیشـتنی هەوڵەکانـی دروسـتکردنی "الکتلـە الأکـبر" بـوو کـە دەسـتووری عێـراق (مـادەی 76) بـۆ راسـپاردنی سـەرۆك وەزیـران بەپێویسـتی دانـاوە. ئەمـەش قەیرانێکـی دەسـتووریی گـەورەی درووسـتکرد، چونکـە بـوو بەگرێکوێرەیەکـی گەورە لەکاتـی راسـپاردنی کاندیدی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق (عەبدوڵەهـدی، عەلـلاوی، زورفـی، کازمـی) کـە پۆسـتێکی تایبەتـە بەپێکهاتـەی شـیعە لـە دابەشـکردنە تایفییەکـەی سـەرۆکایەتییەکانی عێـراق (یقیـن، 2019). چەنـد جارێکیـش هەوڵـدراوە لەڕێـگای دادگای بـاڵای فیدراڵییـەوە بگەنـە دەرچەیـەك بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـەیە، بـەڵام قەیرانەکـە درێـژەی کێشـا بۆ راسـپاردنی محەممـەد تۆفیـق عەلـلاوی و عەدنـان زورفـی و مسـتەفا کازمـی بـە مەرسـوم و شـیکاری یاسـایی دژ بەیـەك و جێـی مشـتومڕ، بەبـێ ئـەوەی بتوانرێـت لـە ئاسـتە دەسـتووری و سیاسـییەکەدا چارەسـەرێکی ریشـەیی و بنجبـڕی بـۆ بدۆزرێتـەوە. لەسـەرجەم ئـەو راسپاردنانەشـدا پەرتەوازەیـی و دابەشـبوون ناونیشـانی گـەورەی قۆناغەکـە بـوو .

## خۆپیشاندانەکانی تشرین

لەخۆپیشـاندانەکانی تشرینـدا، هێزەکانـی شـیعە بـۆ دوو بـەرەی سـەرەکی دابەشـبوون. بـەرەی یەکـەم کـە سـەدر و هاوپەیمانـی "النـصر" ی عەبـادی بـوون، چوونـە بـەرەی خۆپیشـاندەران (العبـادی، 2019) و سـەدر بـەوە تۆمەتبـار کـرا کـە سـواری شـەپۆلی نارەزاییـەکان بـووە و هێـزە چەکدارەکانـی خۆیـی بەنـاوی "کڵاوشـینەکان" بـۆ پاراسـتنی گۆڕەپانـەکان رەوانـە کـرد. هەڵبـەت ئەمـە بـەر لـەوەی را بگۆڕێـت و دەسـت بـکات بەتەنگاوکردنیـان (حسـن، 2020) کـە خـۆی لـە دیدارێکـدا بـە "گـوێ راکێشـان" نـاوی بـرد (الصـدر، 2020)، لەبەرامبەریشـدا هێـزە چەکـدارە شـیعەکان (حەشـدی شـەعبی) بـە

کوشتن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران تۆمەتبارکران. لەپێش هەموویانەوە بزووتنەوەی عەسایب کە زۆرجار لە کوشتنی چالاکڤانان و تەقەکردن لە خۆپیشاندەراندا ئاماژەی بۆ کراوە (أبوکباش، 2019)، هەندێکجاریش ئەو تۆمەتانە لەلایەن خودی هێزە شیعەکان خۆیانەوە بووە (الوطن، 2019)، ئەمە جگە لەو چەکدارە شیعە دەمامکدارانەی کە میدیا نیمچە فەرمییەکانی حکومەت ناوی "لایەنی سێیەم" یان بەسەردا دابڕین و وەك تۆمەتباری سەرەکی کوشتنی خۆپیشاندەران دەنگیان دایەوە (اندبندنت عربیە، 2019). هەر لەدەمی خۆپیشاندانەکاندا هێزە شیعە چەکدارەکان لە ئەگەری پێکدادانی درێژخایەن و خزان بەرەو شەڕی نێوخۆیی نزیکبوون. بەتایبەت پاش ئەوەی لە هەندێ شار و پارێزگا دەستیان لە یەکتری کردەوە (الجریدە، 2019). هەر لەم کاتەشدا لە پارێزگای میسانی باشووری عێراق فەرماندەیەکی میلیشیاکانی عەسایب کە فەرماندەی فەوجی عەمارەی حەشدی شەعبی بوو (ویسام عەلیاوی)، بەبرینداری بەسەر زەویدا راکێشرا (العالم، 2019). خەریك بوو لەسەر ئەوە شەڕێکی نێوخۆیی شیعی هەڵگیرسێت، چونکە زۆر باس لەوە کرا کە ئەمە تەسفیە حساباتی نێوان سەدرییەکان وعەسایب یان نێوخۆی گروپە چەکدارەکان بێت، بەڵام دواتر هێور کرایەوە.

## کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس

کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانی و جێگری سەرۆکی حەشدی شەعبی عێراق ئەبومەهدی موهەندیس، بۆشاییەکی گەورەی لە رێبەرایەتی و ئاراستەکردنی گرووپە شیعییە ناکۆکەکانی عێراقدا درووستکرد. چونکە ئەوان جگە لە مێژوو، خاوەن کاریزما و چاکەی زۆربوون بەسەر گرووپە شیعەکانەوە. ئێرانییەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە حیزبوڵڵای لوبنانیان راسپارد تا بەشێوەیەکی کاتی سەروکاری ناکۆکییەکانی شیعەی عێراق بکات (رویترز، 2020). هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەدر کۆمەڵێك هەنگاوی نا کە ئەوەی لێ خوێنرایەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی شیعەی عێراق بێت. لەوانەش، رێکخستنی خۆپیشاندان دژی بڵاوبوونەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی

تشرین و قسەکردنی سەدر لە سیستەمێکی سیاسی هاوشێوەی باوکایەتی لە سایەی ڕێبەرایەتی خۆیدا (الصدر، 2020). لە پەرچەکرداری ئەمەشدا هێزە سیاسییەکانی شیعە شکستیان بە پرۆژەی متمانەدان بە حکومەتی محەممەد تۆفیق عەللاوی هێنا (الجزیرە، 2020) کە ڕاستەوخۆ پاڵپشتی سەدری هەبوو. بەتایبەت پاش ئەوەی موقتەدا سەدر هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر عەللاوی دەنگی تەواو نەهێنێت ئەوا گەمارۆی ناوچەی سەوز دەدات و یاخیبوون و خۆپیشاندان دەکات (الصدر 2020). ئەم ناکۆکیانەش بۆ ڕاسپاردنی عەدنان زورفی بەبێ هەبوونی کۆدەنگییەکی شیعی درێژەی کێشا. ناوبراو بەوە تۆمەتبار کرا کە سەر بەتایفەی شیعە نییە و ئەمەش وەك دەرەنجامێکی سەرەکی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە لێکدرایەوە (الصدر، 2020/3/18)، لە ئەنجامی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ماڵی شیعی، بۆ یەکەمجار لە عێراقی نوێدا دوو سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن.

## ئایندەو لێکەوتەکانی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە

وادیارە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە لە پەرەسەندنی بەردەوامدان و ئەم ناکۆکییانەش ئەم لێکەوتانەی لە ئێستا و ئایندەی نزیك و مامناوەنددا لێ چاوەڕوان دەکرێت:

- دروستبوونی جۆرێك لە بۆشایی سیاسی و یاسایی لە بەڕێوەبردنی عێراق لە سایەی حوکمڕانی شیعە، بەتایبەت پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار لە عیراقی پاش 2003، یەکەم سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی شیعە (محەممەد تۆفیق عەللاوی) بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ئەم پێکهاتەیە نەیتوانی حکومەت پێکەوە بنێت. بەوپێیەی هەموو تەمەنە یاساییەکانی حکومەتی کاربەڕێکەر لە سەرەتای ئاداری 2020 کۆتایی هات، عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوە، "بیدعەیەکی دەستووری" دۆزییەوە کە بە "الغیاب الگوعی" ناوی نا (مهدی، 2020). ئەم مۆدێلە نوێیە لە بەڕێوەبردنی عێراق بەوە تۆمەتبارکرا کە بووە هۆی لاوازکردنی پێگەی عێراق و غیابی دەسەڵاتی دەوڵەت و پاشەکشەی ڕۆڵی حکومەت، ئەویش لەکاتێکدا کە عێراق گیرۆدەی قەیرانی کۆرنا و لێکەوتە ئابوورییەکانی ئەم بەڵایە بوو (الشمری، 2020).

ـ لایەنـە شـیعەکانی فەتـح تایفـەی شـیعەیان بەمافخوراو هەژمارکـرد و لەپاش راسـپاردنی عەدنــان زورفــی، بابەتــی مافــی شــیعە و پێشــێلکردنی رای زۆرینەیــان وروژانــد (الأسـدی، 2020)، کـە ئەمـەش لەلایـەك بەرەنجامـی راسـتەوخۆی ململانێـی نێوخۆیـی لایەنـە شـیعەکان لەسـەر کاندیـدی سـەرۆکوەزیران بـوو. لەلایەکـی دیکـەش، نەمانـی سـێبەری قاسـم سـلێمانی بـوو کـە جـاران کۆدەنگـی لەنـاو ئـەم پێکهاتەیـە درووسـت دەکـرد. ئەمجـۆرە هەڵوێسـتانەش ئامـاژەی مەترسـی لەدەسـتچوونی حوکمڕانیـی لـێ دەخوێنرێتــەوە.

ـ باڵـە چەکدارەکانـی شیعە بەتایبـەت کەتیبەکانـی حیزبوڵـڵا، بوونەتە لایەنێکی سـەرەکی و ژمارەیــەك لــە هاوکێشــەی سیاســی و لــە بەیاننامەکانیشــیاندا پەنــا بــۆ هەڕەشــە و سـەپاندنی مـەرج دەبـەن (کتائـب حـزب اللـه، 2019)، ئەمجـۆرە هەڵوێسـتانەش هەنـدێ لـە چاودێـران و چالاکانـی شـیعەی خسـتووەتە سـەر ئـەو بڕوایـەی کـە بڕیـاری سیاسـی ئـەم پێکهاتەیـە لـە رەهنـی چەکـی گـرووپ و میلیشـیاکاندایە (شـبر، 2020).

ـ کەلێنــی نێــوان باڵــە چەکدارەکانــی ســەر بــە مەرجەعیەتــی شــیعە و عەتەبەکانــی نەجــەف و کەربــەلا لەگــەڵ باڵــە ئێرانییــەکان بــەردەوام لــە فراوانبووندایــە و ئەگــەری زۆریـش هەیـە گرووپەکانـی مەرجەعیـەت لـە دەسـتەی حەشـدی شـەعبی جیـا ببنـەوە. ئەمـەش هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی زیاتـر دەکات بـە ئێرانـی و لـە جوغـزە نیشـتمانییە عێراقییەکانــی رووتــی دەکاتــەوە.

ـ ناکۆکییـە سیاسـی و نێوخۆییەکانـی هێزەکانـی شـیعە کاریگـەری لـە کۆمەڵێـك گـرێ و پێشـینە وەردەگـرن کـە چارەسـەرکردنیان لەمـەودای نزیـك و مامناوەندیشـدا ئەسـتەمە. هـۆکاری ئەمـەش بـۆ کۆنـە قینـی سـەدر و مالیکـی، کێشـەی حەکیـم و ئەنجوومەنـی بـاڵا و بـەدر لەسـەر میراتـی سیاسـی و سـیمبولە سیاسـی و مەزهەبییـەکان، کێشـەی عەسـایب و سـەدر لەسـەر شـەرعیەت دەگەڕێتـەوە. ئەمـە جگـە لـە ناکۆکییـەکان لەبـارەی مامەڵـە لەگـەڵ خۆپیشـاندانەکان و چۆنییەتـی پڕکردنـەوەی بۆشـایی قاسـم سـلێمانی و چۆنییەتی مامەڵەکـردن لەگــەڵ ئێـران و لەمانــەش ئاڵۆزتـر، شــەڕی پێگــە و نفــوز و باڵادەسـتی لەکایـەی سیاسـی شـیعیدا.

- بەهــۆی ئــەوەی هێــزە شــیعەکان باڵــی چەکدارییــان هەیــە، مەترســی پێکدادانــی چەکـداری هەمـووکات و سـاتێك ئەگەرێکـە و رێـی تێدەچێـت. بـەڵام بەهـۆی کاریگەریی

مەرجەعیەت و سایەی ئێران و بەرژەوەندییە باڵاکانی شیعە وەك کەمینەیەك لەناو چوارچێوەیەکی سوننە و ململانێکان لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل، شەڕی درێژخایەن و سەرتاسەری ئەگەرێگی تاڕادەیەك دوورە.
ـ لەسایەی ناکۆکییەکانی شیعە و دابەزینی پرۆسەی سیاسی بۆ ئاستێکی خراپ و نزم بەو پێیەی ئەوان حوکمڕانی راستەقینە و خاوەن مافی پێکهێنانی حکومەتن، عێراق لە چەقبەستنێکی خراپدایە لە هەموو ئاستەکان. بەجۆرێك نە پێشکەوتن هەیە، نە پەرەسەندن و نە داڕووخانی یەکجاری، ئەمەش ناهاوتایە لەگەڵ پێگە و پاشخان و پێگەی عێراق وەك وڵاتێکی دێرین و خاوەن بەرهەمێکی زۆر کە جاران لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو بوو.

*توێژەر لە ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.

## سەرچاوەکانی توێژینەوە


أبـو كبـاش، بـلال(6/ 12/ 2019)، "عصائـب أهـل الحـق"..ذراع إيـران وقاتلـه المحتجيـن العراقييـن، موقـع 24 الإماراتى،

https://24.ae/article/539462/-%D8%B9%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A3%D987%%D984-%

أحمد أمين: فجر الإسلام، دار الكتاب العربى، لبنان، ط10، 1969م، ل 272.

الأخبار اللبنانيه (18/ 3/ 2007): بغداد: انسحاب الفچيله يهدّد بـ«تمزيق» الائتلاف الموحّد،

https://al-akhbar.com/International/197342

اندبندنت عربيه (2/ 12/ 2019): من هو "الطرف الثالث" فى احتجاجات العراق؟

https://www.independentarabia.com/node/75741

إيلاف (15/ 9/ 2007): إنسحاب الكتله الصدريه من الإئتلاف الشيعى الحاكم،

https://elaph.com/Web/Politics/2007264141/9/.html

إيلى شلهوب (20 /3/ 2012): السيستانى يقاطع السياسيين لا العمليه السياسيه،

https://al-akhbar.com/International/67151

براپا(5/ 5/ 2009)، "العامرى: منظمه بدر مستقله ولن تحتاج الى الانشقاق عن المجلس الاعلى"،

http://burathanews.com/arabic/news/65140

براپـا، وكالـه أنبـاء (24 /9/ 2011): المرجعيـه الدينيـه المباركـه فـى النجـف الاشرف تمتنـع عـن اسـتقبال السياسـيين لعـدم الإيفاء بوعودهم والالتـزام بتوصياتهـا، http://burathanews.com/arabic/news/137018

براپـا، وكالـه أنبـاء (31 / 1/ 2008): انتخابـات كانـون الثانـى 2005 فتحـت يٓفاقـاً للديمقراطيـه فـى العـراق الجديـد، http://burathanews.com/arabic/news/35009 .

بغداد بوست (7/5/ 2018): بالصور.. موقع السيستانى يحژف خبر دعمه الائتلاف العراقى الموحد

https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/101255/%D8%A8%D8%A7%D984%%D8%B5%D988%%D8%

بى بى سى عربى (2018/4/23): تسلسل زمنى لأهم الأحداث فى العراق،

https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014140424/04/_iraq_timeline

البيان (3/23/ 2007): حڤر تجول فى البصره بعد اشتباكات شيعيه،

https://www.albayan.ae/one-world/20071.156417-23-03-

جاسم الشمرى (2018/07/23)، تاريخ المظاهرات فى العراق بعد العام 2003،

https://www.noonpost.com/content/24210

الجريده (10/27/ 2019)، العراق: مخاوف من «حرب ثأريه» بين الفصائل الشيعيه،

https://www.aljarida.com/articles/1572109634139744000/

الجزيره نت (13/ 9/ 2007)، الائتلاف العراقى الموحد تهدده الاختلافات السياسيه والمصالح،
https://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/200713/9//%D8%A7%D984%%D8%A
7%D8%A6

الجزيره(27/ 3/ 2008)، "مقتدى الصدر يدعو لوقف صوله الفرسان والائتلاف يؤيدها"،
https://www.aljazeera.net/news/arabic/200827/3//%D985%%D982%%D8%AA%D8%AF
%D989%

حارث حسن( 16/ 2/ 2020)، "العراق:موقف الصَّدر من الحراك الاحتجاجى وترشيح علاوى"، مركز الإمارات للسياسات، https://epc.ae/ar/brief/iraq-sadrs-position-on-the-protest-movement-and-the-nomination-of-allawi (متاح: 2020/2/7).

الحره(29/ 11/ 2019)، "الجيش الأميركى يقصف 5 مواقع لكتائب حزب الله بالعراق وسوريا"،
https://www.alhurra.com/a/%D982%%D8%AA%D984%%D989-%

حمدى ملك (9/ 2018)، الخلافات السياسيه تشعل الصراع بين فصائل الحشد الشعبى؟
https://www.al-monitor.com/pulse/ar/originals/201809//iraq-shiite-pmu-abadi.
html#ixzz6IU4iXEXB

الخمينى: الحكومه الإسلاميه، شبكه الفكر، ط3، د.ت.

دائره المعارف الإسلاميه، ترجمه أحمد الشناوى، أبراهيم زكى خورشيد، عبد الحميد يونس، دار المعارف، بيروت، د.ت. ، مج 14، لا 57. "ماده الشيعه".

رويترز (11 /2/ 2020): حزب الله اللبنانى يتولى توجيه الجماعات المسلحه العراقيه بعد مقتل سليمانى، وكاله رويترز، https://ara.reuters.com/article/idARAKBN2052K2

الشمرى، براء(30 /2017/6)، "انشقاقات التحالف الحاكم تفتح الصراع على قصور صدام حسين فى الجادريه"،
https://www.alaraby.co.uk/politics/201731/7//%D8%A7%D986%%D8%B4%D982%%D8%A
7%D98%

الصدر، مقتدى السيد محمد (2020/3/18): تغريده على الصفحه الرسميه بتويتر،
https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1240194386761310209

طارق الحارس (17 /3/ 2007): حزب الفچيله : انسحاب متوقع، مجله الحوار المتمدن،
1857، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp ?aid=91446&r=0

الطائى، صادق(10/28/ 2019)، "شيعه العراق.. مسيره حزب الدعوه من المعارچه إلى الحكم"،
https://arabi21.com/story/1218588/%D8%B4%D98%A%D8%B9%D8%A9-

العبادى (2019/10/22)، تغريده على الصفحه الرسميه بتويتر،
https://twitter.com/HaiderAlAbadi/status/1186711209279709192

عراق ألترا (2020/2/22)، أول تعليق من "حشد السيستانى" على أنباء تعيين "أبو فدك" خليفه للمهندس، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D8%A3%D9

على مهدى، دكتور (2020/3/14): قراءه لمدى دستوريه (الغياب الطوعى) للسيد رئيس مجلس الوزراء،
https://annabaa.org/arabic/rights/22513
عواجل برس (2019/10/13)، محمد رچا السيستانى يكشف "كواليس" تنصيب عبد المهدى رئيساً للحكومه وموقف المرجعيه من التظاهرات،
http://awajelpress.com/%D985%%D8%AD%D985%%D8%AF-D8%B1%D8%B6%D8%A7-
قناه العالم (2019/10/27)، تفاصيل اغتيال الشهيد القائد وسام العلياوى وشقيقه،
https://www.alalamtv.net/news/4519926/
كتائب حزب الله، الموقع الرسمى (12/16/ 2019): كتائب حزب الله تلوح بالتصدى فيما اذا لم تشكل حكومه وطنيه غير راچخه لمحور الشر الصهيو امريكى السعودى،
https://kataibhezbollah.com/statment/3042
ليث شبر (4/6/ 2020): القرار الشيعى بيد المليشيات المسلحه التابعه الى ...
https://www.youtube.com/watch ?v=Ag1s3MX_bNM&feature=youtu.be
محمد الحسين كاشف الغطاء: أصل الشيعه وأصولها، دار الأچواء، بيروت، 1990م،، ص 140؛ إحسان إلهى ظهير: الشيعه، ص 13.
المدى، صحيفه (2020/2/9)، العامرى يتبنى وساطه للصلح بين الصدر والمالكى لترميم البيت الشيعى،
https://almadapaper.net/view.php ?cat=224570
مركز الجزيره للدراسات (2018/6/28): نتائج الانتخابات البرلمانيه العراقيه وتحولات الممارسه السياسيه وإشكالاتها، html.180628112900961/06/https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2018
مصطفى عبدالواحد (4 نيسان 2011): الكربلائى يؤكد رفچ السيستانى إستقبال السياسيين العراقيين،
https://www.iraqhurr.org/a/3546054.html
مهر، وكاله (16/ / 2005): يّيه الله السيستانى يؤكد دعمه لقائمه الائتلاف العراقى الموحد فى الانتخابات،
https://ar.mehrnews.com/news/149117/%D8%A2%D98%A%D8%A9-
المؤمن، على (5/24/ 2018)، "على هامش نتائج الانتخابات البرلمانيه العراقيه"،
https://afaq.tv/articles/view/details ?id=1641
الوطن، (19/ 1/ 2019): تبادل الاتهامات بين "تيار الحكمه" و"العصائب" إثر اغتيالات ببغداد، موقع جريده الوطن، https://alwatannews.net/article/811799 ?rss=1، (متاح: 12/ 3/ 2020).
وكاله يقين (29/ 9/2018): العراق .. أزمه دستوريه تتعلق بتحديد الكتله الأكبر،
https://yaqein.net/politics/142609
ياسر الزعاتره (2007): تحولات القوى الشيعيه فى العراق،
https://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/200727/5//%D8%AA%D8%AD%D98%
8%D984%%D

**ماڵپەڕە بیانیەکان:**

Smyth، Phillip، (112018/6/)، Iranian Militias in Iraq's Parliament: Political Outcomes and U.S. Response washingtoninstitute، link: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/iranian-militias-in-iraqs-parliament-political-outcomes-and-u.s.-response،

# گۆڕانەکانی ململانێی شیعە و کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسی عێراق

عەلی مەعمووری

گۆڕەپانی سیاسی شیعە لە عێراقی پاش رووخانی رژێمی بەعسدا پێشهاتی دیاری بەخۆیەوە بینی وهێشتاش، بە رێگەی کارلێکردنی نێوخۆیی (لەناو گوتاری سیاسی شیعەدا) و کارلێکی دەرەکی (کارلێکردنەکانی لەگەڵ رەوتە سیاسییەکانی دیکە لە وڵاتدا) لە چوارچێوەی پێشهاتە سیاسییەکان کە لەم وڵاتە روودەدەن، لە گۆڕاندایە.

## گوتاری سیاسی شیعە پێش 2003

سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمەکانی پێش 2003 - لە دروستبوونی عێراقی نوێوە تاوەکو رووخانی بەعس - ئایدیۆلۆجیای سیاسی عەلمانییان پەیڕەو دەکرد، بەتایبەت دیوی نەتەوەیی بەهەموو شێوەکانی و دیوی سۆسیالیستی بەهەموو جۆرەکانییەوە، کە هەموویان لە سڕینەوەی ناسنامەی ئایینی لە گوتاری سیاسی

دەسـەڵاتدا هاوبـەش بـوون. ئـەم سیسـتەمانە لـە یەکخسـتنی ناسـنامە ئایینیـە کاریگـەرەکان لـە وڵاتـدا لـە چوارچێـوەی گوتـاری سیاسـی عەلمانیـدا شکسـتیان هێنـا. نەیانتوانـی سیسـتەمێکی سیاسـی گشـتگیر دروسـتبکەن کـە تێیـدا هەمـوو چینـەکان لەگـەڵ پاراسـتنی تایبەتمەندیـی ئایینـی و نەتەوەیـی تایبـەت بـە خۆیـان، هەسـت بـە بەشـداربوون بکـەن. ئەمـەش بـووە هـۆی شکسـتهێنانی پـرۆژەی بـە عەلمانیکـردن لـە کۆمەڵگـەی عێراقـدا، چونکـە پشتگوێخسـتنی سیاسـی کـە زۆر لـە پێکهاتـە و نەتـەوە جیاجیـاکان بەدەسـتییەوە ناڵاندیـان، لەپـاڵ نەبوونـی ئازادیـی ئایینـی و رۆشـنبیریی، وای لێکـردن زیاتـر نوقمـی ناسـنامەی پێکهاتەیـی و نەتەوەیـی تایبـەت بـە خۆیـان بـن. ئـەوان بـەدوای گوتارێکـی سیاسـیدا دەگـەڕان کـە لـە رووی ئایینـی و نەتەوەییـەوە نوێنەرایەتییـان بـکات.

فاکتـەری پێشـوو بـووە هـۆی دروسـتبوونی گوتارێکـی سیاسـی شـیعە کـە گرێـدراوی ناسـنامەی ئایینـی شـیعە بێـت. ئەمـەش خێـرا کرایـە دەرەوەی پرۆسـەی سیاسـی، بۆیـە وەك بەشـێکی گـەورەی ئۆپۆزیسـیۆنی سیاسـی پێـش 2003ی لێهـات. ئەوەشـی هـاوکار بـوو لـە بڵاوکردنـەوەی ئەمـە، سـەرکوتکردنی ئازادییـە ئایینییـەکان لەلایـەن رژێمەکانـی پێشـوو بـوو کـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی هەسـتی پەراوێزخسـتن و سـتەمی مێژوویـی لای شـیعە، ئەمـە پاڵنەریـان بـوو بـۆ ئـەوەی لـە دیدێکـی پێکهاتەییـەوە داوای شایسـتەی سیاسـی خۆیـان لـە بەشـداربوون لـە دەسـەڵات بکـەن.

دوای ئـەوەی کلیلـی سـەرەکی دەوڵـەت درا بـەوان، حیزبـە شـیعییەکان کاتێـك دووچـاری ئاسـتەنگەکانی دروسـتکردنی دەوڵـەت بـوون، لـە خەونـی پێـش 2003 بەئاگاهاتنـەوە. ئـەوکات ئاگاداربوونـەوە کـەوا تێڕوانینەکانـی ئیسـلامی سیاسـیی شـیعە وەک ویلایەتـی فەقـی و شـوورا و ئەوانـی دیکـە بـۆ واقیعـی دەسـەڵاتی سیاسـی نـوێ لـە عێـراق گونجـاو نیـن. ئەمـەش ناچاریکـردن رەوتێکـی پراگماتـی پەیـڕەو بکـەن کـە زۆرجـار بـە ئاراسـتەی ماکیاڤیلـی سیاسـی دەچـوو، واتـە تاکـە ئامانجـی هێشـتنەوەی دەسـەڵات بـوو لە دەسـتی شـیعە. لـە راستیشـدا بـۆ هێشـتنەوەی دەسـەڵات لـە دەسـتی حیزبە سیاسـییەکانی شـیعە بـوو کـە خۆیـان بـە تاکـە نوێنـەری یاسـایی شـیعە لـە عێـراق دەبینـن. لـەم روانگـەوە، رکابەریـی سیاسـی لەنێـوان حیزبـە شـیعەکان دەسـتپێکرد و بـووە هـۆی دروسـتبوونی ژینگەیەکـی نادروسـت بـۆ هاوپەیمانییـە دەرەکییـەکان لەگـەڵ کـورد و سـوننە، کـە

لەسـەر بناغـە و ڕێوشـوێنی جێگیـر بنیـات نەنـران، بەڵکـو ئامانجـی کورتخایەنـی بـۆ دەسـتگرتن بـە دەسـەڵات و دوورخسـتنەوەی ڕکابـەرەکان هەبـوو.

## هاوپەیمانیی ناجێگیر و لاواز پاش 2003

لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق هاتنـە سـەر داروپـەردووی دەوڵەتێکـی تێکشـکێنراو و پارچەپارچەکـراو. دوای ڕووخانـی دوایین دیـواری لەسـەر دەسـتی هێزەکانـی ئەمریـکا لە نیسـانی 2003، ئـەوان بـۆ نەخشـەڕێگایەک دەگەڕان بـۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسـی نـوێ کـە لـە ڕۆژانـی درێـژی ئۆپۆزیسـیۆنبووندا زۆر خەونیـان پێـوە بینیبـوو. ئـەوکات ڕێککەوتنـە سیاسـییەکان تەنیـا چوارچێـوەی گشـتی بـوون و هاوپەیمانیـی ڕاسـتەقینەیان لەسـەر بنەمـای بەرنامـە و پلانی ڕاسـتەقینە لێ درووسـت نەبـوو. چونکـە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسـیۆن لـە لەنـدەن و باکـووری عێـراق تەنیـا پلانـی گشـتییان بەردەسـت خسـت، کـە دوای وەرگرتنـی دەسـەڵات خێـرا هەڵوەشـان. کاتێـک لایەنـە کوردییـەکان لـە خەمـی بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانیانـدا بـوون، سـوننە بـە وریایـی و ترسـی پەراوێزخسـتنیان لـە پرۆسـەی سیاسـی هەڵسـوکەوتیان دەکـرد کـە پێشـتر پێگەیەکـی باشـیان تێیـدا هەبـوو. لەنێـوان ئەمـە و ئـەوەدا، حیزبـە شـیعەکان لـە دەستنیشـانکردنی سیاسـەتێکی ڕوون بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـی نـوێ سەرلێشـێواو بـوون، لەکاتێکـدا بەهـۆی واقیعـی دیمۆگرافییانـەوە زۆرتریـن پشـکیان تێـدا هەبـوو.

هێشـتا سەرلێشـێواوی لـە جووڵـەی لایەنـە شـیعەکاندا زاڵـە کـە پاڵنـەری سـەرەکی هاپەیمانێتییەکانیـان لـە پاراسـتنی شایسـتەی سیاسـی بـۆ پێکهاتـەی شـیعە تێنەپەڕیـوە. بەهەمـان شـێوە هاپەیمانێتییـە دەرەکییـەکان لەگـەڵ حیزبـە کـوردی و سـوننییەکان، لـە ڕاسـتیی دابەشـکردنی دەسـتکەوتی سیاسـی لەگەڵیانـدا تێنەپەڕیـوە. لـە کاتێکـدا هاپەیمانێتییـە سیاسـییەکان لـە سیسـتمە جێگیرەکانـدا هاوبەشـییان لـە ئامانجـەکان و بەرنامـەکان و پلانـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا هەیـە و تەنیـا گرێـدراوی دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە نێوانیانـدا نییـە.

## لایەنە شیعە کاریگەرەکان

**نەجەف:**

مەرجەعییەتـی شـیعە لـە درووسـتکردنی سیاسـەت لـە عێراقـی پـاش 2003 دا رۆڵێکـی سـەرەکی گێـڕا. رۆڵـی ئـەو تەنیـا ئاراسـتەکردنی شـەقامی شـیعە نەبـوو، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە نەجـەف بـە نوێنەرایەتـی سـەید عەلـی سیسـتانی گوتارێکـی نیشـتمانیی گشـتگیری پەیـڕەو کـرد. ئـەو بەتایبـەت بـۆ شـیعە نـەدەدوا و گوتـاری خـۆی تایبـەت نەکـرد بـە پرسـی شـیعە، بەڵکـو گوتارەکانـی پرسـە گشـتییەکانی وڵاتیـان گرتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا مەرجەعییـەت لایەنەکانـی شـیعەی راهێنـا بـۆ ئـەوەی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ ئەوانـی دیکـەدا رۆڵێکـی نیشـتمانپەروەرانە بگێـڕن. ئـەو هەمـوو هەوڵێکـی دا بـۆ پێکهێنانـی لیسـتێکی نیشـتمانیی گشـتگیر، هەمـوو شـیعە و سـوننە لـە یـەک هاوپەیمانیـدا کۆبکاتـەوە و نوێنەرایەتـی هەمـوو پێکهاتەکانـی عێـراق بـکات لـە ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـوور، دانـی بـە تایبەتمەندیـی کوردیشـدا نـا بـۆ ئـەوەی بـە هاوپەیمانییەکـی تایبـەت بەخۆیـان لـە هەڵبـژاردن بەشـداربن، بەهەمـان شـێوەیە بـۆ کەمینـە ئایینـی و نەتەوەییـەکان. نەجـەف تـەواو ئـاگاداری مەترسییەکانی سـەرهەڵدانی هـەر ململانێیەکـی تایفـی بـوو لـە وڵاتـدا، هـەر لـەم روانگـەوە جەختیکـردەوە لەسـەر پێویسـتی پێکهێنانـی هاوپەیمانییەکـی گشـتگیر کـە شـیعە و سـوننە پێکـەوە کۆبکاتـەوە، بـەڵام هەوڵەکـە شکسـتی هێنـا بەهـۆی شکسـتهێنانی شـیعە لـە لەخۆگرتنـی سـوننە و بەشـدارنەبوونی بەشـێک لـە لایەنەکانـی سـوننە لـە پرۆسـەی سیاسـیی ئـەوکات. لـە کۆتاییـدا ئەنجامەکـە ئـەوە بووکـە هاوپەیمانیـی نیشـتمانیی عێراقـی تەنیـا لـە شـیعە پێکهـات، سـوونەش چەنـد هاوپەیمانییەکـی سیاسـی دیکـەی پێکهێنـا، ئەمـەش وایکـرد دۆخـی عێـراق بـەرەو پشکپشـکێنە لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی تایەفـی بـڕوات.

مەرجەعییـەت بـەردەوام بـوو لـە هەوڵەکانـی بـۆ راهێنانـی لایەنـە شـیعەکان لەسـەر کاری سیاسـی لـە روانگـەی نیشـتمانییەوە، تەنانـەت دۆخەکـە پاڵـی پێـوە نـا بـۆ ئـەوەی دەرگاکانـی بـەڕووی حیزبـە سیاسـییە شـیعەکاندا دابخـات، ئـەو ناڕەزایەتـی خـۆی بەرامبـەر هەڵسـوکەوتی تایفـی لای بەشـێک لـەو لایەنانـە دەربڕی کـە لەپـاڵ تێوەگلانیان لـە کاری گەندەڵیـی گـەورە، سـۆزی نانیشـتمانییان بـۆ هێـزی هەرێمـی هەیـە.

لـە کۆتاییـدا و لـە ناڕەزایەتییەکانـی ئەمدواییـە، مەرجەعییـەت لـە کۆمەڵێـک گوتـاری هەینـی لـە زاری هـەردوو وتەبێـژە فەرمییەکەیـەوە بـە بەرزتریـن ئاسـتی ڕاشـکاوی گوزارشـتی لـە هەڵوێسـتی سیاسـی خـۆی کـرد. گوتـارەکان سـەرنجیاندایە سـەر ئـەوەی کـە مەرجەعییـەت پرەنسـیپی خاوەندارێتـی گـەل لـە هـەر لایەنێکـەوە بـێ ڕەتدەکاتەوە، جەختیشـی لەسـەر پێویسـتی پێدانـی بڕیـار لـە سـەرەتا و کۆتاییـدا بـە گـەل بـە ڕێگـەی ڕێـکارە دیموکراسـییەکان کـرد. سـەرەڕای ئـەوەی گوتـارەکان و هەوڵەکانـی مەرجەعییەت ئەنجامـی تەواویـان نەبـوو، بـەڵام بـە ڕێگـەی پاڵپشـتیکردنی بەردەوامـی بزووتنـەوەی ناڕەزایەتییـەکان گوتارێکـی سیاسـی نیشـتمانییان لـە عێـراق بەدیهێنـا.

سیسـتانی دیـدی سیاسـی خـۆی لەژێـر ناونیشـانی ”دەوڵەتـی مەدەنـی“ کۆکـردەوە کـە ئەمـە پێگەیشـتووترین بەرهەمـی هـزری سیاسـی شـیعەیە لـە نەجـەف، لـە لایـەک لەسـەر بنەمـای کولتـووری سیاسـی تەقلیـدی لـە نەجـەف درووسـتکراوە و لـە لایەکـی دیکـەش، دژی تیـۆری ویلایەتـی فەقیهـە کـە نەجـەف دژبەرێتـی. ئەزموونـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی مامەڵـەی وەلـی فەقـی لەگـەڵ دەوڵـەت لـە ئێـران لەوەتـەی هاوبەشـیی سـوڵتان و فەقیـە لـە سـەردەمی سـەفەویدا تاوەکـو ڕۆڵـی چاودێریـی فەقـی لـە سـەردەمی مەشرووتـە تـا دەگاتـە دەسـتگرتنی فەقـی بەسـەر دەسـەڵاتی ڕەهـا لـە کۆمـاری ئیسـلامیدا، لـە سـاتی ڕووخانـی دەوڵـەت لـە سـاڵی 2003وە ئەزمـوون و تاقیکردنـەوەی کەڵەکەبـوو بـوون بـۆ نەجـەف بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ دۆخـی سیاسـی. پـڕۆژەی دەوڵەتـی مەدەنـی بـە پێشـهات و کەڵەکەبوونـی مێژوویـی لـە حـەوزەی نەجـەف بنیاتـنرا. دیارترینیـان بریتییـە لـە دیـدی شـێخ محەممـەد حوسـێن نائینـی لـە کتێبەکەیـدا ”تەنزیهولئومـە وە تەنبیهولمیلـە“، کـە لـە سـەردەمی شۆڕشـی دەسـتووریی لـە ئێـران بڵاویکـردەوە، تێیـدا ڕای وایـە پێویسـتە دەسـەڵاتی زۆردار کـە خـۆی لـە شـادا دەبینییـەوە، بـە ڕێگـەی پێدانـی ڕۆڵ بـە نوێنەرایەتـی گـەل سـنووردار بکرێـت. ئەمـەش بـە وەرچەرخانێکـی گـەورە هەژمـار دەکـرێ، چونکـە هەوڵەکانـی پێشـووی فەقیهەکانـی شـیعە بـە ئاراسـتەی سـنووردارکردنی دەسـەڵاتی شـا بـوون، لـە سـەردەمی سـەفەوی بەمـلاوە ڕۆڵـی سیاسـی فەقیهەکانیـان لـە ئێـران گەورەتـر کـرد.

دیـدی سیاسـی تەقلیـدی شـیعە پشـت بـە تێڕوانینێکـی ڕاسـتەقینە بـۆ سیاسـەت دەبەسـتێ، چونکـە جەختدەکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە سیاسـەت لـە خـودی خۆیـدا

پارێـزراو نییـە لـە هەڵەکـردن و هـەر کەسـێک تووشـی بـێ عاباکـەی پیـس دەکات، بۆیـە باشـترە خـۆی لـە راسـتەوخۆ تێکەڵبوونـی بپارێـزێ و رۆڵـی چاودێریـی کەمـتری هەبـێ. ئەزموونـی دەسـەڵاتی ئیسـلامی لـە ئێـران پێگەیشـتن و تێگەیشـتنی پێشکەشـی دیـدی سیاسـی تەقلیدیـی شـیعە کـرد کـە تێکەڵـی ئـەم ئەزموونـە نەبـوو. بەهـۆی گومانـی بـاوەڕداری لـە رەوایـی هەوڵێکـی هاوشـێوەی ئەمـە، بەڵکـو رۆڵـی بینـەری چاودێـر و رەخنەگـری گێـڕا، چ لـە خـودی ئێـران بـێ یـان لـە دەرەوەی.

دیارتریـن بەرهەمـی ئـەم چاودێرییـە رەخنەگرانـە لـە میراتـی شـێخ محەممـەد مەهـدی شەمسـەدین، زانـای لوبنانیـە کـە لـە رووی فیقهییـەوە لـە قوتابخانـەی خوئـی لـە نەجـەف پێگەیشـتووە. محەممـەد مەهـدی شەمسـەدین لـە چەنـد بڵاوکراوەیەکیـدا تیـۆرە سیاسـییەکەی ئامـادە کـرد کـە دیارترینیـان بریتییـە لە "سیسـتمی دەسـەڵاتداریی و کارگێـڕی لـە ئیسـلامدا" و "ویلایەتـی میللـەت لەسـەر خـۆی بەرامبەر سیسـتەمی گشـتیی ویلایەتـی فەقیـە". ئـەم تیـۆرەش بـە کـردار بەواتـای پێدانـی سیسـتەمی دەسـەڵاتە بـە خـودی گـەل و رەتکردنـەوەی هـەر ویلایەتێکـی فەقیـە لـە پرسـی دەسـەڵاتداریدا.

لـە ئەزموونێکـی هاوشـێوەدا، شـێخ مەهـدی حائیـری یـەزدی، کـە کـوڕی دامەزرێنـەری حـەوزەی قـوم شـێخ عەبدولکەریـم حائیـری یەزدیـە، گەیشـتە تیـۆری وەکالـەت لـە پێناسـەکردنی ناوەڕۆکـی دەسـەڵات. چونکـە سیسـتەمی دەسـەڵات لـە دیـدی ئـەودا تەنیـا کارکردنـە لەسـەر بەڕێوەبردنـی کاروبـاری گـەل بەوەکالـەت لەبـری خـودی گـەل، ئەمـەش واتـا بەشـێکە لـە بازنـەی ئەقڵـی کـرداری گـۆڕاو، کـە لـە دەرەوەی بڕیـارە خوداوەندییـە رەهـا و نەگـۆڕەکان هەژمـار دەکـرێ.

ئەزموونـی کرداریـی سیسـتانیش بـە تەواوکـەری ئـەم رێـڕەوە هەژمـار دەکـرێ، چەنـد خوێندکارێکـی ئـەم قوتابخانەیـە دەڵێـن ئـەم ئەزموونـە پشـتی بـە بنەمـای ویلایەتـی مـرۆڤ لەسـەر خـۆی بەسـتووە و ویلایەتـی فەقیـە و ئەوانـی دیکـە لەسـەر گـەل رەتدەکاتـەوە. لـەم روانگەیـەوە، مامەڵـەی سیسـتانی لەگـەڵ دۆخـی سیاسـی لـە رۆڵـی چاودێریکـردن دەرنەچـوو کـە لـە هـەر دامەزراوەیەکـی گشـتیی کۆمەڵایەتـی چـاوەڕوان دەکرێـت. بەمـەش عاباکـەی خـۆی لـە پیسـبوون بەهـۆی تێکەڵبوونـی راسـتەوخۆ پاراسـت، هـاوکات هەلـی بـۆ گـەل رەخسـاند لەسـەرخۆ و بـە قۆنـاخ لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی سیاسـی تـەواودا پێبـگات.

سیسـتانی لـە مامەڵەیـدا لەگـەڵ سیاسـەت لـە عێـراق کـرداری بـوو، ئـەو ویسـتی پرۆسـەیەکی درێژخایەنـی بنیاتنـان بـێ بـۆ دەنگـدەری عێراقـی کـە بـە ڕێگـەی کەڵەکەبوونـی ئەزموونەکانـی هەڵبـژاردن دەتوانـێ لە بنیاتنانـی دەوڵەتێکی دیموکراسـیی کارادا بەشـداربێت. سیسـتانی سـەبارەت بـە ئاینـدەی عێراقـی دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام لـە خەیاڵـی سـاختەدا نەدەژیـا؛ وەک ئـەوەی کـە لای زۆر لـە سـیمبولەکانی ئۆپۆزیسـیۆن ڕوویـدا، تەنانـەت کەنعـان مەکییـە لـە کتێبەکەیـدا "فیتنـە" بـە ڕوونـی و بـە وردی باسـی ئـەم خەیاڵـە و نەمانـی قۆنـاخ بەقۆناخـی دەکات لای ئەوانـەی کـە پێشـوازییان لـە ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام کـرد.

هەرچەنـدە هێشـتا زووە بـۆ بڕیـاردان لەبـارەی شکسـتهێنانی ئەزموونەکـەی سیسـتانی لـە عێـراق، بـەڵام ئـەو ئاسـتەنگە گەورانـەی کـە ڕووبـەڕووی ئـەم ئەزموونـە بوونـەوە وایانکـرد ئـەو شکسـتە بـە ئەسـتەم ببینـرێ. ڕەنگـە میراتـی سیسـتانی وەک بەشـێک لـە مێـژووی سیاسـی شـیعە بمێنێتـەوە بەبـێ ئـەوەی جێبەجـێ بکـرێ، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بـە پێشـکەوتنێکی گرنـگ لـە میراتـی سیاسـی ئیسـلامی بەشـێوەیەکی گشـتیی و میراتـی شـیعە بەتایبەتـی هەژمـار دەکـرێ.

## حیزبە شیعەکان:

ئـەم حیزبانـە بـە هەمـوو پێکهاتـە و دژبەرییەکانیـان، گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی شـیعەیان پەیڕەوکـرد، چونکـە هەرسـێ ڕێچکـەی سـەرەکی حیزبـە سیاسـییە شـیعەکان، لـە حیزبـی دەعـوە و ئەنجوومەنـی بـاڵا و ڕەوتـی سـەدر سـەر بـە پـرۆژەی ئیسـلامی سیاسـین، سـەر بـە پـرۆژەی ئیسـلامیی محەممـەد باقـر سـەدرن. ئـەم سـێ ڕەوتـە لەگـەڵ لقـە جیاجیاکانیـان لەسـەر بنەمـای پـرۆژەی سیاسـی محەممـەد باقـر سـەدر بـۆ دامەزراندنـی دەسـەڵاتی ئیسـلامی لـە عێـراق، لـە پرۆسـەی سیاسـی عێراقـی پـاش 2003 دا بەشـداربوون. هەڵبـەت جیـاوازی لـە لێکدانەوەیـان بـۆ پرۆژەکـە هەبـوو. دەعـوە لـە بیرۆکـەی شـووراوە دەسـتیپێکرد، کەچـی ئەنجوومـەن و ڕەوتـی سـەدر پرەنسـیپی ویلایەتـی فەقیهیـان پەیـڕەو کـرد.

سـاتی ڕووخـان شـۆکێکی گـەورە بـوو بـۆ ئۆپۆزیسـیۆنی ئیسـلامیی دژبـەری ڕژێمـی سـەدام کـە بـە تایبەتـی بریتـی بـوو لـەو سـێ ڕەوتـەی پێشـتر باسـکران، چونکـە بیـر لەوە

نەدەکرایـەوە رۆژێـک رژێـم دەڕووخـێ و بەرپرسـیارێتی درووسـتکردنی سیسـتەمێکی سیاسـی نـوێ بـەوان دەسـپێردرێت. لەنـاکاو ئۆپۆزیسـیۆنی ئیسـلامی لـە لاوازتریـن قۆناخـی مێژوویـی خۆیـدا لـە دەسـەڵات بەشـداربوو، بەرپرسـیارێتی درووسـتکردنی سیسـتەمی جێگرەوەشـیان لەئەسـتۆ گـرت.
ئـەوان لەنـاکاو بەئاگاهاتنـەوە لـەوەی تیـۆرە سیاسـییە کۆنەکانیـان کـە باقرییـەکان خسـتوویانەتە بەردەسـت و سـەدر و دواتـر حەکیـم باسـیان کـردووە، بـۆ عێراقـی پـاش سـەدام لـە ئاسـتی پێویسـت نییـە و پێویسـتە شـتێکی نـوێ درووسـتبکرێ کـە لای ئـەوان نەبـوو. تەنانـەت سـەرکردە سیاسـی و ئایینییـە مانـدوو و پەرتەکانیشـیان بەدرێژایـی دەیەکانـی دەربـەدەری توانـای درووسـتکردنی ئەوەیـان نەبـوو. بـەڵام هەمـووان لـە کۆتاییـدا بەهـۆی دۆخەکـە ناچاربـوون دەسـتبەرداری خەونەکانـی ئیسـلامی سیاسـی بـن و پەنـا بـۆ سیاسـەتی واقیعـی و پراگماتـی ببـەن و میراتـی ئیسـلامییان لـە دوای خۆیـان جێبهێڵـن، بەبـێ ئـەوەی بوێـرن بـە فەرمـی دەسـتبەرداربوونیان لـەو میراتـە رابگەیەنـن.
حیزبـە سیاسـییە شـیعەکان لـە کاتـی کاری سیاسـی، چ پێـش سـاڵی 2003 و چ دواتـر، لـە دامەزراندنـی گوتـار و رەوتـی عەلمانـی نیشـتمانیدا سـەرکەوتوو نەبـوون، هەرچەنـدە گوتـار و هەڵسـوکەوتی دامـەزراوەی ئایینـی لـە نەجـەف بناغـە و پەیـڕەوی نائایینـی پێشـکەش کـرد کـە دەکـرا پێشـبکەوێ و بـە رێگـەی حیزبە سیاسـییە شـیعەکان پێشـکەش بکـرێ، ئـەوەش بەشـێوەی جۆرێـک لـە عەلمانییەتـی هاوسـۆزی ئایینـداری کـە سـنووری تایەفـە و ئایینـزا ببەزێنـێ.
 حیزبـە سیاسـییە شـیعەکان لـە دۆزینـەوەی جەمـاوەری جێگیـر و سـەقامگیر بـۆ خۆیـان شکسـتیان هێنـا. رەنگـە باشـترینیان لـەم رووەوە رەوتـی سـەدر بێـت کـە جۆرێـک لـە هەژموونـی کۆمەڵایەتـی لەنێـو چینێکـی دیاریکـراوی خەڵکـدا هەیـە، هەرچەنـدە ئـەم هەژموونـەش بـە درێژایـی کات بـەرەو داکشـان چـووە. بـەڵام ئـەو حیزبانـەی لـە دەرەوە هاتـن وەک ئەنجوومەنـی بـاڵا و حیزبـی دەعـوە، تەنیـا پشـتیان بـە میراتـی مێژوویـی خۆیـان بەسـت و سـەرەڕای تێپەڕبوونـی 17 سـاڵ بەسـەر بەشـداربوونیان لـە پرۆسـەی سیاسـی لـە عێـراق، لـە دۆزینـەوەی پێگـەی جەماوەریـی راسـتەقینە بـۆ خۆیـان سـەرکەوتوو نەبـوون.
لـە راسـتیدا حیزبـە شـیعەکان لـە دۆزینـەوەی دامـەزراوەی حیزبـی راسـتەقینە شکسـتیان

هێنا و ئەوان وەک مافیای سیاسی و ئابووری مانەوە کە سەرچاوەی داراییان و شێوازی کارکردنی ڕێکخستنیان و ڕێکارەکانی بڕیاردانیان هیچی دیار نییە.

## گرووپە چەکدارەکان:

ڕەنگە دیارترین بەرهەمی سیاسیی شیعە لە پاش ساڵی 2003 سەرهەڵدانی گرووپە چەکدارەکان بێ کە بە چڕی و فراوانی لە هەموو ناوچەکانی شیعە بڵاوبوونەوە. بابەتەکە بە سوپای مەهدی دەستیپێکرد کە لە ئامێزی قوتابخانەی محەممەد سەدر، یەکێک لە دیارترین ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە، سەریهەڵدا. دەسەڵاتی ئێران خێرا سوپای مەهدی لەئامێزگرت و لە ململانێی لەگەڵ ئەمریکییەکان لە عێراق بەکاریهێنا. هاوکات دەسەڵاتی ئێران کاری بۆ بەرهەمهێنانی دەیان میلیشیای دیکە لەناو سوپای مەهدی کرد کە دیارترینیان عەسائیبی ئەهلی حەقە. هەروەها کاری بۆ دامەزراندنی میلیشیای دیکەی وەک کەتائیبی حیزبوڵڵا و سەرایای خوراسانی کرد.

لە کاتی شەڕی دژی ڕێکخراوی داعش، دەسەڵاتی ئێران لە یەکخستنی ئەو گرووپە نافەرمییانە لەژێر ناونیشانێکی فەرمی و لەژێر چەتری حەشدی شەعبی سەرکەوتوو بوو، ئەمە هەلێکی بۆ ڕەخساند بۆ فراوانکردنی هەژموونی ئەمنی و سیاسی خۆی لە ناوچەکانی شیعە لە عێراق کە دواتر بەرەو ناوچەکانی سوننە، ئەوانەی لە دەستی داعش رزگارکرابوون، فراوانی کرد. ئەوەش دوای ئەوەی ئەو میلیشیایانە لەو ناوچانە جێگیر بوون. میلیشیاکان بە ڕێگەی سەپاندنی سەقامگیری بەدرێژایی هێڵەکە کە بەغدا بە سووریاوە دەبەستێتەوە، بە ڕێگەی ناوچەکانی سوننە لە باکوور لە سەڵاحەدین و نەینەوا، هێڵی ستراتیژیی نێوان تاران و کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستیان پاراست. هەروەها توانییان بە قۆناخ بواری کاری خۆیان فراوان بکەن بۆ ئەوەی ببنە هێزی سیاسی. لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداربوون و توانییان لەنێو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاردا ناوچەی دەسەڵات بەدەستبهێنن.

هەژموونی میلیشیا شیعەکان کە ژمارەیان لە چەند ساڵی رابردوودا گەیشتە زیاتر لە 50 گرووپ، لە بواری ئەمنی و سیاسی و تەنانەت ئابووری لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدیی سەرۆکوەزیراندا گەیشتە لوتکە، چونکە ئەو هەلی بۆ ڕەخساندن

بـۆ ئـەوەی هەمـوو بوارەكانـی دەوڵـەت كۆنـترۆڵ بكـەن. تەنانـەت كاریـان بـۆ دەرەوەی عێـراق لـە سـووریا و یەمـەن فـراوان كـرد. ئـەوان هەروەهـا لـە درووسـتكردنی دەوڵەتـی قـووڵ لـە عێـراق بەشـداربوون كـە شانبەشـانی دەوڵەتـی فەرمـی لـە هەمـوو بـوارە ئەمنـی و سیاسـی و ئابوورییەكانـدا كار دەكات.

بـەڵام لـەم دواییـەدا كوژرانـی قاسـم سـولەیمانی و ئەبومەهـدی موهەندیـس كاریگـەری لەسـەر میلیشـیاكان هەبـوو، چونكـە هـەردوو سـەركردەكە لـە یەكخسـتنی گرووپەكانـدا رۆڵـی دەزووی تەسـبیحیان دەگێـڕا. بۆیـە كوژرانیـان بـووە هـۆی پەرتەوازەبـوون و لاوازبوونیـان. لـە هەمانكاتـدا بزووتنـەوەی ناڕەزایەتییەكانی ئەمدواییـە و تۆمەتە زۆرەكان دژی میلیشـیاكان كـە دەگوتـرێ خۆپێشـاندانەكانیان سـەركوت كـردووە، تاڕادەیەكـی زۆر كاریگـەری نەرێنـی لەسـەر هەژموونـی گرووپـە چەكـدارە شـیعەكان هەبـوو.

لەپاڵ هەمـوو ئەمانەدا، سیسـتانی كاری بۆ لاوازكردنی میلیشـیاكانی دەرەوەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت و هاندانـی گرووپـەكان كـرد بـۆ ئـەوەی پابەنـدی دەسـەڵاتی دەوڵـەت بـن و سـەر بـە فەرماندەیـی فەرمـی دەوڵەتـی عێـراق بـن. سیسـتانی بەدرێژایـی سـاڵانی رابـردوو خـۆی لـە بەكارهێنانـی وشـەی حەشـدی شـەعبی بەدوورگـرت ، بەڵكـو لەبـری ئـەوە وشـەی خۆبەخشـەكانی بەكارهێنـا. ئەمـە بـەو واتایەیـە سیسـتانی هێزەكانـی حەشـد تەنیـا وەک خۆبەخـش دەبینـێ كـە هاوكاریـی هێزە ئەمنییـە فەرمییـەكان دەكەن، نـەک لـە چوارچێـوەی رێكخسـتنێكی فەرمـی هاوشـێوەی هێـزە ئەمنییـە فەرمییـەكان بـن لـە سـوپا و پۆلیـس و ئەوانـی دیكـە. لـە دوایـن پێشهاتیشـدا، چـوار گرووپـی حەشـدی شـەعبی كـە نـاسراون بـەوەی سـەر بـە سیسـتانین، پەنایـان بـۆ سـەرۆكوەزیران بـرد و دوایـان لێكـرد بچنـە ژێـر فەرمانـی ئـەو وەک فەرمانـدەی گشـتیی هێـزە چەكـدارەكان، بەمـە ئـەوان لەژێـر چەتـری حەشـدی شـەعبی دەرچـوون كـە هێزەكانـی نزیـک لـە ئێـران بەسـەریدا زاڵـن.

لـە كۆتاییـدا ئاینـدەی سـەقامگیری لـە عێـراق بەنـدە بـە توانـای دەوڵەتـی عێـراق بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر هەمـوو گرووپـە سـەربازییە كاراكان و رێكخسـتنەوەیان لـە چوارچێـوەی دامـەزراوەی سـەربازیی پیشـەگەری سـەر بـە دەسـەڵاتی سیاسـی لـە وڵاتـدا.

**بزووتنەوە ناڕەزاییەکان:**

بزووتنــەوە ناڕەزاییەکانــی ئەمدواییــە بــە کەڵەکەبووەکانییــەوە لــە ســاڵانی رابــردوو، هێزێکــی کۆمەڵایەتــی کارایــە کــە ناکــرێ لەنێــو سیاســەتی عێــراق بەتایبــەت لەنێــو شــیعەدا پشــتگوێ بخرێــت. چونکــە زۆربــەی ئــەم بزووتنەوانــە بەهــۆی چەنــد هۆکارێکــەوە کــە زۆربەیــان دەرهاوێشــتەی سیاســەتی دەســەڵاتدارانن لــەو ناوچانــە، بــەراورد بــە ناوچەکانــی ســوننە و کــورد لــەو ناوچانــە دروســتبوو کــە زۆرینــە شــیعەن. ئــەم بزووتنــەوەی ناڕەزاییــە لــە چوارچێــوەی ســەدان دامــەزراوەی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و گردبوونــەوەی گــەورەی گەنجانــدا گەڵاڵــە بــوو کــە توانییــان خۆیــان لەنــاو کۆمەڵگــەی شــیعە و بەتایبــەت لەنێــو نــەوەی نوێــدا رێکبخــەن. ئــەو نەوەیــەی ســەر بــە ئایدیۆلۆجیــا نەتەوەیــی و ئاینییەکانــی پێشــوو نییــە و لەژێــر کاریگەریــی رۆشــنبیریی جیهانگەرایــی نوێدایــە.

بزووتنــەوە ناڕەزاییــەکان دۆخێکــی گــۆڕاوی لــە عێراقــدا دروســتکرد، بۆیــە چ ناڕەزایەتــی لــە شــەقام هەبــێ یــان نــا، ناکــرێ هیــچ لایەنێکــی سیاســی کــە دەیــەوێ رۆڵ لــە بەڕێوەبردنــی وڵاتــدا بگێــڕێ، ئــەو بزووتنەوەیــە پشــتگوێ بخــات. چونکــە جووڵەکــە لــە چوارچێــوەی دامەزراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و گردبوونەوەکانــی گەنجــان بــۆ دۆخێکــی کۆمەڵایەتــی کارا گــۆڕا و دەتوانــن هــەر کاتێــک و لــە هــەر بۆنەیەکــدا بڕژێنــە ســەر شــەقام.

**دەرئەنجام**

لــە کۆتاییــدا هەمــوو لایەنــە کاراکان کــە پێشــتر باســکران، بــە کارلێکردنــی جیاجیایــان ئاینــدەی دۆخــی سیاســی لــە ناوچەکانــی شــیعە لــە عێــراق دیاریدەکــەن، ئەمــەش کاریگەریــی دیــاری لەســەر ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق دەبێــت. ئەگــەر لایەنــە نیشــتمانییەکان لــە چوارچێــوەی ئــەم بازنەیــە بتوانــن لایەنەکانــی ســەر بــە ئەجێنــدا سیاســییە هەرێمییــەکان کۆنــترۆڵ بکــەن، ئــەوا عێــراق ســەقامگیریی سیاســی بەخۆیــەوە دەبینــێ و لــە سایەیدا شــیعە رۆڵــی ســەرەکی لــە دروســتکردن و پاراســتنیدا دەگێــڕن، چونکــە ئــەوان زۆرینــەن، بــەڵام ئەگــەر رەوتــی بەرامبــەر ســەربکەوێ، ئــەوا لێکترازانــی

فـراوان لەنێـو شـیعە روودەدات، پـاڵ بـە لایەنـە کوردییـەکان و سـوننەکانەوە دەنـێ زیاتـر لـە دەوڵەتـی عێـراق دووربکەونـەوە و بەپێـی توانـا بـەدوای دۆزینـەوەی دۆخێکـی سیاسـی جیـا لـە بەغـدا بگەڕێـن تـا ناوچەکانیـان لـە کاریگەریـی ململانـێ و ناسـەقامگیریی بـەردەوام لەنێـو ناوچەکانـی شـیعە و لەگـەڵ دراوسـێ هەرێمـی و عەرەبییەکانیـان دووربخەنـەوە. بۆیـە چەنـد سـاڵی کەمـی داهاتـوو وەڵامـی ئەم پرسـیارە دەدەنـەوە کـە ئاخـۆ لایەنەکانـی شیعە دەتوانـن ڕێڕەوەکـە بگـۆڕن بـەرەو بەهێزکردنـی عێـراق و پاراسـتنی رۆڵـی دیـاری خۆیـان لـە عێراقـدا یـان وڵات بـەرەو ململانێـی زیاتـر و دابەشـبوون دەبـەن کـە دەکـرێ هـزری عێراقیـی یەکگرتـوو لەناوببـەن و هەژموونـی ئـەوان لـەم وڵاتـە و هەمـوو ناوچەکـە کەمبکەنـەوە.

# گرفتە دەستوورییەکانی سەرۆکوەزیران لە عێراق
# ناهاوسەنگیی دەسەڵات و بەرپرسیاری

د.هەڵمەت غریب

## دەستپێك

لەپاش جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە لە ساڵی 2005 تا ئێستا، چوار حکومەت بەپێی ئەو دەستوورە درووستبوون و لانیکەم یەکێکیش شکستیهێنا. دەستووری 2005 یەکەم دەستوورە کە بەشێوەیەکی دیموکراسی دانرابێت و لەڕێگەی راپرسیی جەماوەرییەوە رێگای چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری گرفتەکانی حوکمڕانی دەستنیشان بکات. بەڵام بەهەڵەدا دەچین ئەگەر پێمانوابێ دەستوور دەتوانێ گرفتی حوکمڕانی بۆ وڵاتیکی وەك عێراق چارەسەر بکات، چونکە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا بە دەقی دەستووری رێکناخرێت.
سەرەڕای ئەو بۆچوونە دڵخۆشکەرانەی کە باوەڕیان بە باشتربوونی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراق هەیە، بەشێکی زۆر لە دەقەکانی دەستووری 2005، لەبەردەم پرۆسەی دروستکردنی حکومەت و پرۆسەی حوکمڕانیدا گرفتی گەورەن. دەتوانین بڵێین بەشێکی گەورەی گرفتی نەبوونی حکومەتێکی بەهێز و تۆکمە

و خـاوەن بڕیـاری یەکلاکـەرەوە بـۆ گرفتـە دەسـتوورییەکانی بـەردەم ئـەو پرۆسـەیە دەگەڕێتـەوە.
بەشـێکی ئامارەکانـی یونامـی لـە عێـراق، ئامـاژە بـۆ خراپبوونـی بـارودۆخ لـەڕووی کارگێـڕی و فراوانبوونـی کارە تیرۆریسـتیەکان، کوشـتنی مەدەنییـەکان و زیادبوونـی ژمـارەی قوربانییـەکان و فراوانبوونـی چوارچێـوەی گەندەڵـی دەکـەن. بەپێـی راپۆرتەکانـی رێکخـراوی شـەفافیەتی نێودەوڵەتیـش لـە سـاڵی 2011 وە تـا ئێسـتا، عێـراق لـە ریـزی هەرەپێشـەوەی وڵاتانـی گەندەڵدایـە.
سـەرەڕای ئـەوەی حکومەتـی عێـراق نەیتوانیـوە ئەرکـە سـەرەکییەکانی سەرشـانی خـۆی، هـەر لـە بەدیهێنانـی ئاسایشـێکی تۆکمـە بـۆ هاووڵاتیـان تـا رووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی لـە وڵات جێبەجـێ بـکات، بەشـێوەیەکی لاواز و لەرزۆکیـش دامـەزراوە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە هەمیشـە رووبـەڕووی ناڕەزایەتـی جەمـاوەری دەبێتـەوە. کار گەیشـتە ئـەوەی لـە ئۆکتۆبـەری سـاڵی رابـردوودا، گەنجانـی عێـراق بچنـە سـەر شـەقامەکان وعـادل عەبدولمەهـدی ناچـار بـە دەستلەکارکێشـانەوە بکـەن. خۆپیشـاندانەکانی عێـراق، لـەڕووی یاسـایی و دەسـتوورییەوە وڵاتیـان خسـتووەتە تونێلێکـی تاریکـەوە و ئاسـۆیەکی روونـی سیاسـیی لـێ دیـار نییـە.
لـە چوارچێـوەی ئـەم بابەتـەدا، تیشـکێك دەخەینـە سـەر پێگـەی سـەرۆکوەزیران لـە عێراقـی نوێـی دوای نووسـینەوەی دەسـتوور. هەروەهـا گرفتـە دەسـتوورییەکانی بـەردەم درووسـتکردنی حکومەتێکـی بەهێـز و نیشـتیمانی لـە عێـراق و کاریگەرییەکانـی لەسـەر درووسـتکردنی هاوسـەنگیی نێـوان بەرپرسـیاری و دەسـەڵات دەخەینـە بەربـاس.

## تەوەری یەکەم:
## پێگەی سەرۆکوەزیران و گرفتی راسپاردن لە دەستووری 2005دا

عێراقـی دوای 2003 لـەڕووی سیسـتەمی سیاسـییەوە، لەگـەڵ عێراقـی سـەردەمی بەعـس تـەواو جیـاوازە. ئـەو گۆڕانکارییـە گەورانـەی پـاش دانانـی دەسـتووری نـوێ و چەسـپاندنی سیسـتەمی سیاسـی بـە پەرلەمانـی فیدراڵـی، لـەڕووی یاسـاییەوە

درووستبوون، سیمای عێراقیان گۆڕی. لە مادەی یەکەمی دەستووردا، دەوڵەتی نوێی عیراق وەک دەوڵەتیکی پەرلەمانی و فیدراڵی ناسێنراوە. شتێکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیستەمی پەرلەمانی، لە دوانەی دەسەڵات پێکدێت. لەبەرئەوەی سیستەمەکە کۆماریی پەرلەمانیە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆککۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێت کە سەرۆکوەزیرانیش ئەندامێکە تێیدا و بەڕێوەی دەبات و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکات.
مەرجەکانی سەرۆکوەزیران هەمان ئەو مەرجانەیە کە لە دەستووردا هاتوون. پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بۆ پێکهێنانی کابینە رادەسپێردرێت. ئەوانیش بریتین لەوەی کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و تەمەنیشی لە 35 ساڵ کەمتر نەبێت. ئەمەش بێجگە لەو مەرجانەی سەرۆککۆماریش کە پێویستە لە سەرۆکوەزیرانیشدا هەبن. گرنگترینیان بریتین لە عێراقیبوون لە دایك و باوکەوە، ئەهلیەتی تەواو لەڕووی یاسایی، ناوبانگی باش، دەستپاکی و .... تاد. تا ئێرە گرفتێکی یاسایی ئەوتۆ بەدی ناکرێت و تەواوی مەرجەکانی دیاریکردنی سەرۆکوەزیران یاسایین و تاڕادەیەکی زۆریش لەڕووی تیۆرییەوە لەگەڵ ستاندارده جیهانیەکاندا گونجاوە.
سەرۆکوەزیران پاڵپشت بە مادەی (76)ی دەستووری عێراقی 2005 دیاریدەکرێت و ئەرکی سەرۆك کۆمارە لە ماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە 15 رۆژ لە پاش هەڵبژاردنییەوە، کەسێك بۆ ئەم پۆستە رابسپێرێت. پێویستە سەرۆکوەزیرانی راسپێردراویش لە ماوەیێکدا کە لە 30 رۆژ زیاتر نەبێت، کابینەکەی درووستبکات. ئەگەریش نەیتوانی لەو ماوەیەدا کابینە درووستبکات، پێویستە سەرۆککۆمار کەسێکی دیکە رابسپێرێت. پێویستە راسپێردراو بۆ درووستکردنی کابینەکەی ناوی ئەندامانی کابینەکەی و بەرنامەی حکوومەتەکەی بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بۆئەوەی متمانەی پەرلەمانتاران بەدەستبهێنێ. هەروەها پێویستە هەر وەزیرێك بە تەنها و بەرنامەی کابینەکەیش بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی متمانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێ، بەڵام ئەگەر متمانەی وەرنەگرت، پێویستە سەرۆککۆمار کەسێکی دیکە بۆ درووستکردنی حکومە ت رابسپێرێ.
بەپێی تەفسیری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (25) کە لە 2010/3/25 دەرچووە،

فراکسـیۆنی زۆرینـە بەمجـۆرە پێناسـە دەکرێـت:" بریتیـە لـەو فراکسـیۆنەی پـاش هەڵبـژاردن لەڕێگـەی یـەك لیسـتی هەڵبژاردنـەوە درووسـتدەکرێت کـە بەشـداری هەڵبژاردنەکانـی کـردووە و بـە نـاو و ژمارەیەکـی دیاریکـراوەوە توانیویەتـی زۆرینـەی کورسـییەکان بەدەسـتبهێنێ. یاخـود ئـەو فراکسـیۆنەی لەیەکگرتنـی دوو لیسـت یاخـود زیاتـر درووسـتدەبێت و دەبێتـە فراکسـیۆنێکی نـوێ و خـاوەن کیانـی سـەربەخۆ و زۆرینـە لـە نـاو پەرلەمـان پێکدەهێنـێ." بەپێـی ئـەم بۆچوونـەی دادگا بێـت، فراکسـیۆنی زۆرینـە ئەوەیـە کـە لەنـاو پەرلەمانـدا دروسـتدەکرێت نـەك ئـەو لیستەی زۆرینـەی هێنـاوە. بـەڕای بەشـێك لـە یاساناسـان، ئەمـە بدعەیـەك بـوو دادگای بـاڵای فیدراڵـی دایهێنـا کـە بـووە هـۆی بێبەشـکردنی لیسـتی عێراقیـە وەک لیسـتی بـراوەی هەڵبـژاردن کـە لـە هەڵبژاردنـی دووەمـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـدا لیسـتی هاوپەیمانیـی سـوننەکان بـوو.

لێرەدا گرفتـی سـووڕانەوە بـە دەوری مـادەی 76ی دەسـتووردا سـەرهەڵدەدات. ئەمـەش پرسـیارێکی یاسـایی درووسـتدەکات سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا سـەرۆککۆمار دەسـەڵاتی کۆتوبەندکـراوە بـە راسـپاردنی ئـەو کەسـەی فراکسـیۆنی زۆرینـە دیاریـدەکات یاخـود دەسـەڵاتی تەقدیـری هەیـە و دەتوانـێ رەتیبکاتـەوە و بـۆ دروسـتکردنی حکومـەت راینەسـپێرێت؟

لەڕاسـتیدا لـەڕووی رواڵەتیـەوە دەقـی (بڕگـەی یەکەمـی مـادەی 76) دەسـەڵاتی سـەرۆککۆماری کۆتوبەنـد کـردووە بـەو کاندیـدەی فراکسـیۆنی گـەورەی پەرلەمانـی دیاریـدەکات کـە زۆرینـەی کورسـییەکانی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی لایـە. بـەڵام لـەڕووی پراکتیکـی و واقعیـەوە پێچەوانەکـەی دەبینیـن، چونکـە سـەرۆککۆمار دووجـار کاندیـدی فراکسـیۆنی زۆرینـەی رەتکردووەتـەوە: یەکەمیـان لـە سـاڵی 2006، ئـەو کاتـەی سـەرۆککۆمار خوالێخۆشـبوو جـەلال تاڵەبانـی ئامـادە نەبـوو کاندیـدی فراکسـیۆنی زۆرینـە کـە ئیبراهیـم جەعفـەری بـوو، بـۆ دروسـتکردنی حکومـەت رابسـپێرێت. پاشـان کاندیدەکەیـان گـۆڕی بـە نـوری مالیکـی و توانـی یەکەمیـن کابینـەی وەزاری بەپێـی دەسـتوور درووسـتبکات. دووەمیشـیان سـاڵی 2014 بـوو ئـەو کاتـەی سـەرۆککۆمار فوئـاد مەعسـوم، رەتیکـردەوە کاندیـدی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی کـە زۆرتریـن کورسـی پەرلەمانـی هەبـوو بـۆ دروسـتکردنی حکومـەت رابسـپێرێت. ئـەوە بـوو سـەرۆککۆمار،

حەیـدەر عەبـادی راسـپارد بـۆ دروسـتکردنی سـێیەم کابینـەی وەزاری. رەتکردنـەوەی چەندبـارەی کاندیـدی فراکسـیۆنی زۆرینـە بـە بەردەوامـی لەلایـەن سـەرۆککۆمارەوە دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی دابێکـی دەسـتووریی هەموارکـەر کـە لـە داهاتـوودا دەسـەڵاتی ئازادیـی دیاریکردنـی سـەرۆکوەزیران بـە سـەرۆککۆمار دەدات.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، بابەتێکـی گرنـگ هەیـە کـە پێویسـتە لێـرەدا بیخەینـەڕوو. ئەویـش مەسـەلەی رێزگرتنـە لـە کاتـە دەستوورییەکان. واتـا ئـەو مـاوە دەستوورییانەی بـۆ پرۆسـەی دروسـتکردنی حکومـەت دیاریکـراون. بەتایبـەت ئێسـتا بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کرۆنـاوە جموجـۆڵ تاڕادەیەکـی زۆر وەسـتاوە و ئەمـەش دەسـت و پێـی کەسـی راسـپێرداوی بەسـتووە و ناتوانـێ گفتوگۆکانـی چڕبکاتـەوە بـۆ دروسـتکردنی حکومـەت. چونکـە، بەبـێ سـازانێکی سیاسـیی پێشـوەخت لەنێـو گرووپـە سیاسـیە جۆراوجـۆرەکان، بەتایبـەت لەنێـو هێـزە شـیعییەکاندا، زۆر ئەسـتەمە بتوانـێ متمانـەی پەرلەمـان بەدەسـتبهێنێ. سـەرەڕای ئـەوەش، بەهـۆی ئـەو هەڕەشـانەی کـەوا ڤایرۆسـی کۆرۆنـا درووسـتیکردوون، گرفتـی کۆبوونـەوەی پەرلەمـان و چۆنیەتـی بەخشـینی متمانەیـش دەرکەوتـووە. چونکـە دوور نییـە کۆبوونەوەیەکـی گـەورەی وەهـا دەرئەنجامـی مەترسـیداری لێبکەوێتـەوە. ئەمـەش لەوانەیـە وابـکات حکوومـەت لـە مـاوە دەسـتوورییەکەی خۆیـدا کـە 30 رۆژە، درووسـت نەکرێـت یـان ئەگـەر دروسـتیش بکرێـت کابینەیەکـی تـەواو نەبێـت. لەوانەیـە بـە پشتبەسـتن بـەو بارودۆخـە نائاسـاییەی کـە جیهـان بەگشـتی و عێـراق بەتایبەتـی پێیـدا تێدەپەڕێـت، بابەتـی مـاوە دەسـتوورییەکان پێشـێل بکرێـت، هـەروەك چـۆن چەندینجـار بەشـێوەی عورفـی ئـەو ماوانـە تێپەڕکـراون.

## تەوەری دووەم:
## کێشەی دەسەڵات و ناهاوسەنگی لە عێراقی نوێدا

ئەگـەر بـەوردی سـەرنجی دەسـتووری عێـراق بدەیـن، دەبینیـن بەشـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە هیـچ جـۆرە دەسـەڵاتێکی بـۆ سـەرۆکوەزیران نەژمـاردووە. لەوانەیـە ئەمـە روویەکـی دیموکراسـی و جیـاوازی عێراقـی نـوێ بێـت، بـەڵام بـۆ سیسـتەمی

پەرلەمانـی تاڕادەیـەك کەموکورتیـە. دەسـتوور تەنهـا مـادەی 78ی بـۆ دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکوەزیران تەرخـان کـردووە. بۆیـە لێـرەدا ئـەو گرفتـە دەسـتووریە دەخەینـەڕوو کـە لـە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکوەزیراندا هەیـە و، لـە پرۆسـەی حوکمڕانیـدا گرفتێکـی گـەورەی درووسـتکردووە. گرفتـی گـەورەی دەسـتووریی سـەرۆکوەزیران لـە عێراقـدا ئەوەیـە کـە دەسـەڵات و مـەودای بڕیاردانـی زۆر دراوە بـە سـەرۆکوەزیران، بـەڵام لـە واقیعـدا خـراپ بەکارهێـنراوە و زۆرجاریـش تاکـڕەوی تێداکـراوە. هەروەهـا هاوسـەنگیی سیسـتەمی پەرلەمانـی تێکـداوە.

وەك ئاشـکرایە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن تایبەتمەنـدە بـە جێبەجێکردنـی یاسـا و بڕیارەکانـی دادگا و رۆڵـی پەرلەمانیـش بریتیـە لـە دەرکردنـی یاسـاکان و دادگایـش ناکۆکیـە یاسـاییەکان یەکلایـی دەکاتـەوە. بـەڵام حکومـەت رۆڵێکـی بـەردەوام و نەپسـاوەی هەیـە، چونکـە لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی گشـتیی دەوڵـەت و دابینکردنـی پێداویسـتیە رۆژانەییەکانـی تاکەکانـی کۆمەڵـگا و تێپەڕاندنـی کارەکانیـان بەرپرسـە. بۆیـە زیـادەڕەوی نییـە ئەگـەر بڵێیـن دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن زۆرتریـن بەریەککەوتنـی بـە ژیانـی تاکـەکان هەیـە و پێویسـتە مافەکانیشـیان بپارێزێـت و ئازادییەکانیـان فەراهـەم بـکات .

هـەر دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن مەلەفـی پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بەڕێوەدەبـات کـە خـۆی لـە پرۆسـەی دانوسـتاندن و بەسـتنی رێککەوتنامـە نێودەوڵەتییەکانـدا دەبینێتـەوە. پارێزگاریکـردن لـە سـنووری دەوڵـەت لـە هـەر هێرشـێکی دەرەکـی و زۆرجاریـش راگەیانـدن و بەڕێوەبردنـی جەنـگ و ئاشتیشـی لـە ئەسـتۆدایە. لەژێـر رۆشـنایی ئـەو دەسـەڵات و تایبەتمەندییـە زۆرانـەی کـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن هەیەتـی، ناتوانیـن بڵێیـن لـە چوارچێـوەی دەقەکانـی دەسـتووردا، ئەوانـە بەشـێوەیەکی ورد و وەك تایبەتمەندییەکـی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن جێگیرکـراون. ئـەو هەمـوو دەسـەڵاتەی لـە نێوەڕۆکـی دەسـتووردا لەسـەر سـەرۆکوەزیران کۆکراوەتـەوە، بووەتـە هـۆی شـێواندنی سیسـتەمەکە و رۆڵـی دەسـەڵاتی یاسـادانان بووەتـە پاشـکۆ. تـەواوی گرفتەکـە پێوەنـدی بـە رێکنەخسـتنی دەسـەڵاتی سـەرۆکوەزیرانەوە بەپێـی پەیڕەوێکـی یاسـایی بـۆ ئەنجوومەنـی وەزیـران هەیـە.

بۆئـەوەی خۆمـان لـە شـیکردنەوەی بنەمـا گشـتییەکانی یاسـای دەسـتووری بـەدوور

بگرین، راستەوخۆ دێینە ناو گرفتەکانی دەستووری 2005ی عێراق. دەستوور سەرۆکوەزیرانی خستووەتە تەنگانەیەکی گەورەوە، بەجۆرێك بەرپرسیاری جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و چۆنیەتی راپەڕاندنی کارەکانی حکومەتی خستووەتە ئەستۆی بەبێ رێکخستنێکی یاسایی لەنێو ئەنجوومەنی وەزیران و تایبەتمەندیی پێویست. بەرپرسیاری وەزیرەکانە لە راپەڕاندنی کارەکانیان بەبێ ئەوەی بتوانێت لەبەر کەموکوڕی لێیان بپرسێتەوە و دووریان بخاتەوە. چونکە لەڕووی واقیعەوە بەهۆی گرفتی پشکپشکێنە ناتوانێ دووریان بخاتەوە. بۆ رێگری لە تاکڕەوی و سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت، دەسەڵاتی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی بە رەزامەندیی پەرلەمان پێدراوە. بەڵام لە واقیعدا پەرلەمان هیچ رۆڵێکی لە دیاریکردنی فەرماندە سەربازییەکان و ستراتیژیی سەربازی نییە کە سەرۆکوەزیران دیاریی دەکات و خۆی بەڕێوەی دەبات. هەروەها دەستوور پەرلەمانی دیاریکردووە وەك لایەنی تایبەتمەندی دەرکردنی یاساکان و پێدان و وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت بەبێ ئەوەی مافی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان بە حکومەت بدات لە حاڵەتێکدا ئەگەر ململانێ یان کێشە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکە لەسەر تێپەڕاندنی یاسایەکی گرنگ یان خێرا دروستبوو. ئەمەش دیارترین سیمای سیستەمی پەرلەمانییە، بەڵام لە عێراقدا ئەمە گرفتێکی گەورەی لەبەردەم پرۆسەی سیاسیدا درووستکردووە.

ئەم گرفتانەی کە دەستووری عێراق بۆ سەرۆکوەزیرانی درووستکردووە، بووەتە هۆی ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی و سیاسی لەعێراقدا لەسەرخۆ و لاواز دەربکەوێت. بەجۆرێك لەدوای 2006 وە تا ئێستا حکومەتێکی بەهێز درووست نەبووە کە بتوانێ بەسەر گرفتە ئەمنی و سیاسی و ئیدارییەکاندا زاڵ بێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەسەڵاتی سەرۆکوەزیران بکەین بۆ لێپێچینەوە و دوورخستنەوەی وەزیرەکانی کابینەکەی، راستە سەرۆکوەزیر بەرپرسە لە راپەڕاندنی کارەکانی وەزیر، بەڵام ناتوانێ لایبدات یاخود بیگۆڕێت ئەگەر کەمتەرخەمییەکی کرد، بەڵکو پێویستی بە رەزامەندی پەرلەمان هەیە. ئەمە لە رووە دەستوورییەکەیەوە هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام لەڕووی پشکپشکێنەی سیاسی رێگری درووستدەبێت. زۆربەی وەزیرەکان ئەوەندەی وابەستەی ئەجێندایەکی سیاسین، ئەوەندە دەربەستی بەرنامە

و سـتراتیژی حکومـەت نابـن. لێـرەدا سـەرۆکوەزیران بەرامبـەر هێـزە سیاسـیەکان دەستبەسـتراو و بێدەسـەڵات دەردەکەوێـت و ناتوانـێ بریـاری گرنـگ و سـتراتیژی بـدات. ئەمـە لەوانەیـە بەشـێکی پێوەنـدی بـەوەوە هەبێـت کـە پێکهێنانـی حکومەتـی ئیئتلافیـە و ئەمـەش حکومەتێکـی تەمەڵـە و ناتوانێـت ببێتـە حکومەتیکـی بەهێـز، چونکـە زۆر ئەسـتەمە بتوانـێ لەنـاو پەرلەمـان بـۆ دوورخسـتنەوەی وەزیرێـك کۆدەنگـی درووسـتبکات. سـەرۆکوەزیران دەسـەڵاتی پێشـنیارکردنی بـۆ دیاریکردنـی فەرمانـدە باڵاکانـی سـوپا هەیـە، بـەڵام ناتوانـێ بەبـێ رەزامەنـدی پەرلەمـان، بەهـۆی کەمتەرخەمیـەوە فەرماندەیەکـی سـەربازی دابنێـت یاخـود لایبـدات. بۆیـە لـە دوای 2005 وە تـا ئێسـتا هیـچ فەرماندەیەکـی سـەربازی بـە فلتـەری پەرلەمانـدا تێنەپەڕیـوە، بەڵکـو هەموویـان بـە وەکالـەت دانـراون چونکـە دەسـتوور جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە دانانـی فەرمانـدە سـەربازییەکان و بەتایبـەت فەرمانـدەی فەیلـەق بەسـەرەوە بـە رەزامەنـدی پەرلەمـان دەبێـت. بۆیـەش دەبینیـن عێـراق رووبـەڕووی داڕووخانێکـی سـەربازی بـووەوە لـە یەکـەم تاقیکردنەوەیـدا کـە بریتـی بـوو لـە شـەڕی داعـش، بۆیـە گرنگتریـن بابەتێـك لـە عێراقـدا نەبوونـی هاوسـەنگیە لـە سیسـتەمەکە. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە نەبوونـی پەیڕەوێکـی کارکـردن بـۆ ئەنجوومەنـی وەزیـران، ئەوەنـدەی تـر کێشـەکانی قـووڵ کردووەتـەوە. گرفتـی دابەشـکردنی دەسـەڵات لەنـاو ئەنجوومەنـی وەزیرانـدا بووەتـە قوربانیـی رێککەوتـن و هاوسـەنگیی هێـز لەنێـوان لایەنـە پێکهێنەرەکانـی نـاو پرۆسـەی حوکمڕانـی. پێویسـتە کاری سـەرەکی سـەرۆکوەزیرانی نـوێ بریتـی بێـت لـە تێپەڕاندنـی پەیڕەوێکـی نێوخۆیـی بـۆ ئەنجوومەنـی وەزیـران و ناردنـی بـۆ پەرلەمـان تـا گرفتـی دابەشـکردنی دەسـەڵات لەنـاو ئەنجوومەنـی وەزیرانـدا کۆتایـی بێـت، چونکـە ئێسـتا سـەرۆکوەزیران بەشـێکی گـەورەی دەسـەڵاتەکانی بەبـێ رەزامەنـدی ئەنجوومەنەکـە پیـادە دەکات و ئـەوەش گرفتـی ناهاوسـەنگی لەنـاو ئەنجوومەنـی وەزیرانـدا درووسـتکردووە.

هەمـوو ئـەم گرفتانـەی بـەردەم پۆسـتی سـەرۆکوەزیران لـە بابەتێکـی گرنگـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە کـە دەسـتووری عێراقـی خـۆی لـێ بـەدوور گرتـووە. ئەویـش بەدیهێنانـی هاوسـەنگیی نێـوان دەسـەڵاتەکانە لـە سیسـتەمی پەرلەمانیـدا. ئەمـەش گرفتێکـی گـەورەی بـۆ سـەرۆکوەزیران درووسـتکردووە کـە ئەسـتەمە بەبـێ

هەمواركردنــی دەســتوور و بەدیهێنانــی هاوســەنگی و دووركەوتنــەوە لــە تاكــڕەوی لــە بەكارهێنانــی دەســەڵاتەكاندا بەدیبهێنرێــت.

سەرچاوەكان:

1 - د.السيد صبری ، حكومه الوزاره ، المطبعه العالميه ، مصر ، القاهره ،1953.

2 - د. محمـد قـدری حسـن، رئيـس مجلـس الـوزراء فـی النظـم البرلمانيـه المعـاصره ، رسـاله دكتـوراه مقدمـه الـی كليـه الحقـوق . جامعـه القاهـره،1987.

3 - د. عدنـان عاجـل عبيـد، حـل البرلمـان فـی العـراق بيـن الافـراط والتفريـط ،مجلـه البحـوث و الدراسـات العربيـه، القاهـره ،2013.

4 - د. غـازی فيصـل مهـدی، نصـوص دسـتور جمهوريـه العـراق لسـنه 2005 فـی الميـزان، موسـوعه الثقافـه القانونيـه ، 2008.

5 - احكام و قرارات المحكمه الاتحاديه العليا فی العراق لعام 2010، المجلد الثالث ، 2011.

6 - تقرير هيئه النزاهه في العراق لعام 2013.

7 - تقرير منظمه الشفافيه العالميه للعام 2011.

پێکهاتەی دیمۆگرافی، دۆخی سیاسی و کولتووری وایکردووە کە سیاسەتی بە ناسنامە ریشەیەکی درێژی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبێ وعێراقیش لەمە بەدەر نییە. لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، روانگەی شیعی لە ئاستێکی بەرزدا ئاراستەی داوەتە سیاسەتی نیوخۆ و دەرەوەی عێراق، چونکە دەوڵەتێکە زۆرینەی شیعەیە و جەمسەرێکی گرنگی ئۆلداریی شیعییە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر گرنگە ئاگاداری گۆڕانکاری و دینامیزمە نێوخۆییەکانی سیاسەتی شیعی بێت. ئەمە نەك تەنیا لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، بەڵکو لەبەرئەوەش کە ناسنامەی شیعی، ناسنامەی ئایینزایی بەشێك لە کوردیشە و گۆڕانکارییەکانی دنیای شیعی کاریگەری لەسەر ئەوانیش دادەنێت.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudawrc.net